ڕووداو
RÛDAW
ژمارە (575) دووشەممە 2019/10/21 – 29ی ڕەزبەر 2719 (750) دینار

# پۆلیسێک 3000 سەگ دەکوژێت

**ڕووداو – هەولێر**

پۆلیسێکی سەر بە قایمقامییەتی هەولێر تاوەکو ئێستا زیاتر لە 3000 سەگی کوشتووە، تەنیا هەفتەی ڕابردوو لە هەڵمەتێکدا لەگەڵ تیمێکی شارەوانی نزیکەی 40 سەگی بەرەڵڵای لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر کوشتووە.

محەممەد عەلی کە سەگکوشتن بووەتە پیشەی، بە (ڕووداو)ی گوت: " لەسەر داوای خەڵک کە داوای لەنێوبردنی سەگەکانیان کردبوو، شەوی 15ی ئەم مانگە شارەوانیی هەولێر لەگەڵ ئیدارەی گەڕەکەکان هەڵمەتێکیان دەستپێکرد، من ئەو شەوە لە سێ شوێنی جیاوازی شاری زەیتوون، منارە و شوقەکانی هانا ستی، 40 سەگم بە ساچمە کوشت، دواتر سەگەکانیان بردە کانی قرژاڵە. لەوێ دەسووتێنرێن و ژێرخاک دەکرێن".



محەممەد عەلی کە زیاتر لە 20 ساڵە سەگی بەرەڵڵا دەکوژێت، بە گوتەی خۆی تاوەکو ئێستا "3000 سەگی کوشتووە". ئەو دەڵێت: "من دەیانکوژم و شارەوانیش وێنەیان دەگرێت و فڕێیاندەدات. ئەگەر ڕێگەم پێبدەن و پارەی گوللەکانم بدەنەوە هەموو شەوێک 100 سەگ دەکوژم".

ئەگەرچی دەگوترێ محەممەد بۆ کوشتنی سەگەکان پارە وەردەگرێ، بەڵام ئەوەی ڕەتکردەوە و گوتی: "بێجگە لە مووچەکەم هیچ پارەیەک وەرناگرم، بەڵام جارجارە بەخشیشم دەدەنێ".

«2



بێستوون عوسمان:

## ترەمپ و ئەردۆغان؛ زۆرانبازییەکی ساختە لەسەر پشتی کورد

19

عومەر شێخمووس بۆ (ڕووداو):

## لە یەکەم ڕۆژەوە پێشنیازم بۆ بەرپرسانی ڕۆژئاڤا کرد لەگەڵ سووریا ڕێکبکەون

7



مامۆستا جەعفەر:

## یەکێتی و نیولیبراڵیزم

14

# دەیانەوێ کورد ڕوو لە کوێ بکات؟

مەزڵووم کۆبانی، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی (هەسەدە):

«4



ڕاپۆرت 3

پسپۆڕێکی بواری کیمیایی:

## محەممەد بە فۆسفۆری سپی بریندار بووە



ڕاپۆرتە هەواڵ 2

## داوای سەندنەوەی متمانە لە سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ دەکرێت

ئابووری 8

## لە هەولێر نرخی کرێی خانوو بەرز دەبێتەوە



گیراوێکی بیانیی داعش بۆ (ڕووداو):

# پێمخۆشە تورکیا بێتە سووریا



- 5600 چەکداری داعش گەڕاونەتەوە وڵاتەکانیان
- حەزدەکەم بگەڕێمەوە سەیشێلز و خەریکی ڕاوەماسی بم
- داعشێکی زۆر بە قاچاخ چوونە تورکیا
- ئەو داعشانەی لە تورکیا بەندکراون ژیانیان خۆشە

«6–5

# ئاوارەکانی ڕۆژئاوا بە قاچاخ دێنە هەرێمی کوردستان

**ڕووداو – دهۆک**

ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بە ڕێگەی قاچاخ خۆیان دەگەیەننە هەرێمی کوردستان، هەر خێزانێکیش بە 200 – 500 دۆلار لە ناوچەی سحێلاوە دەپەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

کەمال تاهیر، خەڵکی سەرێ کانی لە ڕۆژئاوای کوردستان، دوو ڕۆژە گەیشتووەتە هەرێمی کوردستان و لە کەمپی بەردەڕەش نیشتەجێ کراوە. ئەو دەڵێت: "ڕێکخراوە مرۆییەکان ڕۆژئاوای کوردستانیان بەجێهێشت، بۆیە ئێمەش لە ترسی شەڕ بە ڕێگەی قاچاخ ڕوومان لە هەرێمی کوردستان کرد". کەمال و سێ منداڵەکەی 250 دۆلاریان داوە تاوەکو گەیشتوونەتە شاری دهۆک.

سەرچاوەیەکی ئەمنی لە ناوچەی سحێلای سنووری کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "دەروازەی سێمالکا کراوەیە، بەڵام لە دیوی ڕۆژئاڤا ڕێگە بە خەڵک نادەن بڕۆن، بۆیە خەڵکەکە ناچارە بە نایاسایی و بە پارە لە سنوور بپەڕنەوە". گوتیشی: "هەر خێزانێک 200 تاوەکو 500 دۆلار دەداتە قاچاخچی بۆ ئەوەی لە سنوور بپەڕێنرێنەوە".

«3

# لە کوردستان ساڵانە 43 ژن بە پاساوی "شەرەف" دەکوژرێن

**ڕووداو– هەولێر**

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، لە ساڵی 2010 وە تاوەکو ساڵی ڕابردوو 421 ژن بە پاساوی "شەرەف" کوژراون. هەروەها لە 9 مانگی یەکەمی ئەمساڵیدا 11 حاڵەتی ژنکوشتن بە پاساوی "شەرەف" هەبووە. بەو پێیە ساڵانە 43 ئافرەت بەو پاساوی شەرەف کوژراون.

تاوەکو ساڵی 2015 ژنکوژان بەپێی مادەدە 409 لە یاسای سزادانی عێراقی دادگایی دەکران کە ئەو ماددەیە زۆرتر بەناوی "غسل العار" ناوی ڕۆیشتووە، سزای بکوژ لە سێ ساڵ تێپەڕی نەدەکرد، بەڵام پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (7) لە ڕۆژی 2015/4/7 کارکردنی بە حوکمی ماددە 409 لە یاسای سزادانی عێراقی ڕاگرت.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، لەدوای هەموارکردنەوەی مادە 409ی یاسای سزادانی عێراقی، تەنیا دۆسیە بۆ 42 کەس بە تۆمەتی کوشتنی ژنان بە پاساوی شەرەف کراوەتەوە، لەوانەش ئێستا 26یان لە زیندانن، ئەوانی دیکە یان هەڵاتوون و دەستگیر نەکراون، یاخود نەزانراوە کێن.

«12

شرۆڤە 16

## کشمیر: گەڕانەوە لە ئۆتۆنۆمییەوە بۆ ژێردەستەیی





## داوای چۆڵکردنی بارەگاکانی پارتی لە کەرکووک دەکرێت

**ڕووداو- هەولێر**

وەک هەنگاوێک بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک، حکومەتی عێراق دووبارە داوای چۆڵکردنی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە کەرکووک و دەوروبەری دەکات کە لە لایەن حەشدی شەعبی و سوپای عێراق دەستیان بەسەردا گیراوە. شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "حکومەتی عێراق دووبارە داوای لە سوپا و حەشد و هێزە عێراقییەکان کردووەوە بارەگاکانمان لە سنووری کەرکووک چۆڵ بکەن، بارەگایەکی دیکەیان بۆ فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان دابینکردووە بۆ ئەوەی بارەگای سەرەکی پارتی کە لقی سێیە چۆڵبکەن و بەمزووانە چۆڵدەکرێت.

## سێ دۆسیەی لە دادگا دۆڕاندووە

# داوای سەندنەوەی متمانە لە سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ دەکرێت

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ سێ داوا دەدۆڕێنێ کە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی دەستەکە لەدژی تۆمارکرابوون. لیژنەی مافی مرۆڤیش لە پەرلەمان داوای لێسەندنەوەی متمانە لە زیا پترۆس دەکەن، بەڵام ئەو دەڵێت لەبەر ئەوەی مەسیحییە "دژایەتی" دەکەن.

سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ بڕیاری لێسەندنەوەی دەسەڵاتە کارگێڕی و داراییەکانی لە بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی دەستەکە داوە، ئەویش سکاڵای لە دژی تۆمار کردووە. دلێر عەبدوڵڵا دەڵێ: "تاوەکو ئێستا سێ جار لە دادگا دۆسیەکەم لە سەرۆکی دەستە بردووەتەوە، یەکەمیان لە 2013/11/19، دووەمیان لە 2018/7/8 و سێیەمیشیان لە دادگای کارگێڕیی هەولێر لە 2019/9/25، هەروەها قەرەبووکردنەوەم بە بڕی 7 ملیۆن دینار کە پێویستە سەرۆکی دەستە بیدات. لە هەرسێ دادگاییەکەش بڕیار دراوە بە گەڕانەوەم بۆ سەر کارەکەم بە تەواوی دەسەڵاتەکانمەوە، بەڵام ئەو دان بە دادگا و پەرلەمان و لایەنە جێبەجێکارەکاندا نانێت".

عەبدوڵڵا دلێر گوتیشی: "من لەسەر ئەوەی خەڵکی بەنایاسایی دامەزراندووە و گەندەڵی کردووە داومە بە دادگا، بەڵام ئەو کە هیچی بەدەستەوە نەما، بە بیانووی ئەوەی بکالۆریۆسەکەم لە کیمیایە و بڕوانامەکەم لەگەڵ ئەو کارە ناگونجێت، دەسەڵاتەکانی لێسەندوومەتەوە، لەکاتێکدا خۆیشی بکالۆریۆسی لە فیزیا هەیە. هەروەها لەکاتێکدا بڕیاری سەندنەوەی دەسەڵاتەکانی منی داوە کە خۆی لە 2017/1/27ەوە ماوەی یاسایی مانەوەی لە پۆستەکەی بەسەرچووە".

لیژنەی مافی مرۆڤ لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتێکی لەسەر گەندەڵییەکانی زیا پترۆس، سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە و داوای وەرگرتنەوەی متمانەی لێکردووە، چونکە بەپێی ئەو زانیاریانەی (ڕووداو) وەریگرتووە و لە ڕاپۆرتی لیژنەکەدا هاتووە، بەپێی یاسا هەر دامەزراوەیەکی حکومی لە باڵەخانەی کرێدا بێت، نابێت کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ بکرێ، بەڵام سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ زیاتر لە 71 ملیۆن دیناری بۆ نۆژەنکردنەوەی نووسینگەکەی خۆی خەرج کردووە.

لە ڕاپۆرتەکەدا لەبارەی مینحەی سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤیش هاتووە کە لەماوەی 10 مانگدا نزیکەی 30 ملیۆن دیناری بۆ میوانداری خەرج کردووە و 5 ملیۆن و 540 هەزار دیناریشی تەنیا بۆ کارتی مۆبایل و 8 ملیۆن دیناریشی بۆ جلوبەرگ خەرج کردووە. لیژنەی مافی مرۆڤ ڕاپۆرتەکەی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە و داوای لێسەندنەوەی متمانەی لە زیا پترۆس کردووە.

لە خولی پێنجەمی پەرلەمانیشدا لیژنەی مافی مرۆڤ بەدواداچوونی بۆ دۆسیەکە کردووە و لە 2019/7/30 ڕاپۆرتێکیان ئامادە کردووە و ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردووە.

ڕۆمیۆ هەکاری، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەپێی ڕاپۆرتەکە سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ گەندەڵی کردووە، تائێستاش سێ جار لە دادگا کەیسی دۆڕاندووە، ئێمە ڕاپۆرتەکەمان ئامادە کردووە و داومانەتە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکرێت".

> **ڕۆمیۆ هەکاری، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان:**
> ### سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ گەندەڵی کردووە

بەڵام سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ هەموو تۆمەتەکان ڕەتدەکاتەوە. زیا پترۆس بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە لە شوێنێکی زۆر خراپ بووین کە ڕووبەرەکەی 200 مەتر بوو. هیچمان نەبوو، فەرمانبەر لەسەر تەنەکە دادەنیشت، ژوورێکی شەش مەتری 10 فەرمانبەری تێدابوو. نووسراوێکمان بۆ وەزارەتی دارایی کرد و بە دەرخستەی دارایی و ڕێکاری فەرمی کەلوپەلمان کڕی، ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری داراییش هەیە کە لەو ساڵە (2013) هیچ کێشەیەکمان نییە".

> **سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ:**
> ### ئەوەی لە دژی من دەکرێ پیلانگێڕییە

بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵات لە بەڕێوەبەری گشتی دیوانیش، سەرۆکی دەستەکە دەڵێ: "هەرچەندە وەرگرتنەوەی دەسەڵات لە پلەی بەڕێوەبەری گشتی لە دەسەڵاتی من نییە، بەڵام من دەسەڵاتم لێوەرگرتووەتەوە، چونکە بەپێی ماددەی 7ی یاسای دەستەی مافی مرۆڤ بەڕێوەبەری گشتی دەبێت بڕوانامەی زانکۆی هەبێت و پسپۆڕ بێت لە بواری خۆی، بەڵام ئەو بڕوانامەکەی کیمیایە. بەپێی یاسا پەیوەندی بە پۆستەکەیەوە نییە، لیژنەیەکم لە بەڕێوەبەری گشتی یاسا و مافی مرۆڤ، دوو یاسایی و دوو کارگێڕی پێکهێنا، نووسراوەکەمان نارد بۆ ئەنجوومەنی شورا و دوای گەڕانەوەی لە وەقائیعی کوردستان بڵاوکرایەوە. هەر شتێکیش لە وەقائیعی کوردستان بڵاوکرایەوە دەخرێتە بواری جێبەجێکردن، منیش جێبەجێم کرد".

> **بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی دەستەی مافی مرۆڤ:**
> ### سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ مافی خواردووم

سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ پێیوایە ئەوەی بەرامبەری دەکرێ "پیلانگێڕییە". زیا پترۆس دەڵێ: "لەبەرئەوەی من مەسیحیم و سەر بە حیزب نیم، دژایەتیم دەکرێت و ئەوان سەرۆکێکی مەسیحییان قبوڵ نییە. من لە پەرلەمانەوە دەستنیشانکراوم و بە دەنگدان هاتوومەتە ئەو پۆستە، بۆیە ئەگەر تێبینییەکیان لەسەر من هەیە پەرلەمان و لیژنەی دەستپاکی و دەستەی دەستپاکیش دەتوانن لێکۆڵینەوەم لەگەڵ بکەن".

## 50 شوقەی بە زێدەڕۆیی دروستکردبوو

# وەبەرهێنەرێک بە دروستکردنی 60 شوقە سزا دەدرێت

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

وەبەرهێنەرێک لە کەلار 50 شوقە لە پرۆژەیەکی وەبەرهێنەران بەزێدەڕۆیی دروست دەکات، ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان و ئیدارەی گەرمیانیش وەک سزایەک بڕیار دەدەن کە دەبێ 60 شوقە بۆ کەسوکاری شەهیدان دروست بکات.

ساڵی 2009 کۆمپانیای ڕووناکی مۆڵەتی دروستکردنی پرۆژەی نیشتەجێبوونی (هێلان ستی) لە شاری کەلار وەرگرت، بەڵام وەبەرهێنەرەکە بێجگە لەوەی پرۆژەکەی تەواو نەکردووە و کەموکوڕی لە پرۆژەکەدا هەیە، 50 شوقەش لە نێو پرۆژەکە بە زێدەڕۆیی دروست دەکات.

ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانیی کەلار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پرۆژەی هێلان، کۆمەڵێک کێشە و کەموکوڕی تێدا بوو، تاوەکو ئێستا ڕێکاری تەملیککردن و وەرگرتنی پرۆژەکە نەکراوە. وەبەرهێنەرەکە زێدەڕۆیی لە بەشێک لە زەویی سەوزایی و خزمەتگوزاریی پرۆژەکەدا کردووە و شوقەی لەسەر دروست کردووە".

ئیدارەی گەرمیان کۆبوونەوەیەکی لەسەر کەموکوڕییەکانی پرۆژەکە کردووە و پاشان کۆنووسێکی داوەتە ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان، ئەوان داوا دەکەن وەبەرهێنەرەکە هەموو خزمەتگوزارییەکانی پرۆژەکە تەواو بکات. لە سزای کەموکوڕی و زێدەڕۆییەکەشیدا چەند شوقەیەک بەبێ بەرامبەر بۆ کەسوکاری شەهیدان دروست بکات. ئەکرەم ساڵح دەڵێت: "ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان کۆنووسەکەی پەسەند کردووە و بووە بە بڕیار".

لەبارەی تەواوکردنی شوقەکانیش، ئەکرەم ساڵح دەڵێ: "بە بڕیاری ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان و ئیدارەی گەرمیان زەوی لە شوێنێکی دیکە تەرخان کراوە بۆ ئەوەی وەبەرهێنەرەکە شوقەی لەسەر دروست بکات و دوای تەواوکردنیشی دەدرێت بە کەسوکاری شەهیدانی شەڕی داعش، هێشتا شوقەکان تەواو نەکراون".

بەپێی ئەو مۆڵەتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی لە ساڵی 2009 داویەتی بە وەبەرهێنەرەکە، پرۆژەی هێلان ستی لە 872 شوقە پێکدێت، بەڵام وەبەرهێنەرەکە 922 شوقەی دروستکردووە.

یونس ئەحمەد جاف، جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "وەبەرهێنەرەکە بانگەشەی ئەوەی کردووە کە وەک دیاری 60 شوقەی بۆ دانیشتووانی سنوورەکە درووستکردووە، بەڵام ئەمە دوورە لە ڕاستی، چونکە بە بڕیاری ژمارە 225ی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان لە 2015/5/28 ئەو وەبەرهێنەرە پابەند کراوە بە جێبەجێکردنی کۆنووسی واژۆکراوی ئیدارەی گەرمیان، بۆیە ئەم یەکانە دیاری وەبەرهێنەرەکە نین، بەڵکو دیاریی حکومەتن بۆ کەسوکاری شەهیدان و کەمدەرامەتان".

جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان دەشڵێ: "وەبەرهێنەر بەپێی مۆڵەتی وەبەرهێنانی ژمارە 185 لە 2009/7/13، پرۆژەکەی پێکدێت لە 872 شوقە، بەڵام ئەو 922 شوقەی دروستکردووە، بەم پێیە زێدەڕۆیی کردووەتە سەر ئەو زەویانەی کە سەوزایی و خزمەتگوزارین".

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زێدەڕۆییەکەش، یونس ئەحمەد گوتی: "وەبەرهێنەرەکە شوقەکانی دروستکردبوو، بۆیە پێشنیاز کرا بۆ ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان کە وەبەرهێنەرەکە پابەند بکرێت بە دروستکردنی 60 یەکەی نیشتەجێبوون بێ بەرامبەر و بە هەموو خزمەتگوزارییەکانیەوە. ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنانیش بڕیارەکەی ئیدارەی گەرمیانی پەسەند کرد".

# پۆلیسێک 3000 سەگ دەکوژێت



**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

پۆلیسێکی سەر بە قایمقامییەتی هەولێر تاوەکو ئێستا زیاتر لە 3000 سەگی کوشتووە، تەنیا هەفتەی ڕابردوو لە هەڵمەتێکدا لەگەڵ تیمێکی شارەوانی نزیکەی 40 سەگی بەرەڵڵای لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر کوشتووە. ڕێکخراوێکی پاراستنی ئاژەڵانیش سکاڵا لە دژی سەگکوژەکان تۆمار دەکات.

درەنگانی شەوی 2019/10/15 لە چەند گەڕەکێکی هەولێر هەڵمەتێک بۆ کوشتنی سەگی بەرەڵڵا دەستپێکرد. مەجید عەلی، دانیشتووی شاری زەیتوون لە هەولێر دەڵێت: "دوای سەعات سێی بەرەبەیان بوو، دوو ئۆتۆمبێلی بچووک و ئۆتۆمبێلێکی هەڵگرتنەوەی زبڵ و خاشاک هاتنە گەڕەکەکە و دەستیان بە کوشتنی ئەو سەگە بەرەڵایانە کرد کە لەوێ بوون، بەدەیان سەگیان کوشت، بەشێک لەو سەگانەیان برد، هەندێکیشیان بە برینداری بەجێهێشت".

ئەگەرچی مەجید دەڵێت ئەوانەی سەگەکانیان کوشت کارمەندی شارەوانی بوون، بەڵام شارەوانیی هەولێر دەڵێن ئەوان هیچ سەگێکیان بە چەک نەکوشتووە.

ئەندازیار فەرمان خەلیل، بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری و ژینگەپارێزی لە شارەوانیی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەپێی یاسا ئەو سەگانەی دەبنە مەترسی بۆ سەر ژیانی مرۆڤ دەتوانرێت بکوژرێن، بەڵام ئێمە سەگ ناکوژین، چونکە سەگکوشتن قەدەغەیە و چەکیشمان پێ نییە".

بەڵام ئەوەی سەگەکانی کوشتووە پۆلیسی قایمقامییەتی هەولێرە و پشتڕاستی دەکاتەوە هەڵمەتەکە بە بڕیاری شارەوانی بووە.

محەممەد عەلی کە سەگکوشتن بووەتە پیشەی، بە (ڕووداو)ی گوت: "لەسەر داوای خەڵک کە داوای لەنێوبردنی سەگەکانیان کردبوو، شەوی 15ی ئەم مانگە لە هەڵمەتێکدا شارەوانیی هەولێر لەگەڵ ئیدارەی گەڕەکەکان هەڵمەتەکەیان دەستپێکرد، من ئەو شەوە لە سێ شوێنی جیاوازی شاری زەیتوون، منارە و شوقەکانی هانا ستی، 40 سەگم بە ساچمە کوشت، دواتر سەگەکانیان بردە کانی قرژاڵە. لەوێ دەسووتێنرێن و ژێرخاک دەکرێن".

> **سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکی لە ئاژەڵان:**
> ### سکاڵا لەدژی ئەوانە تۆمار دەکەین کە لە هەڵمەتی سەگکوژییەکە بەشدار بوون

محەممەد عەلی کە زیاتر لە 20 ساڵە سەگی بەرەڵڵا دەکوژێت، بە گوتەی خۆی تاوەکو ئێستا "3000 سەگی کوشتووە". ئەو دەڵێت: "من دەیانکوژم و شارەوانیش وێنەیان دەگرێت و فڕێیاندەدات. ئەگەر ڕێگەم پێبدەن و پارەی گوللەکانم بدەنەوە هەموو شەوێک 100 سەگ دەکوژم".

ئەگەرچی دەگوترێ محەممەد بۆ کوشتنی سەگەکان پارە وەردەگرێ، بەڵام ئەوەی ڕەتکردەوە و گوتی: "بێجگە لە مووچەکەم هیچ پارەیەک وەرناگرم، بەڵام جارجارە بەخشیشم دەدەنێ، لە هەڵمەتەکەی ئەو شەوەدا 100 هەزار دینارم وەرگرت کە 50 هەزار دیناری پارەی گوللەکان بوو، 50 هەزار دیناریشم وەکو بەخشیش لە ئیدارەی شاری زەیتوون وەرگرت".

> **پۆلیسەکە:**
> ### ئەگەر پارەی گوللەکانم بدەنەوە هەموو شەوێک 100 سەگ دەکوژم

کوشتنی سەگەکان لە هەولێر ئاژەڵدۆست و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکردن لە ئاژەڵانی نیگەران کردووە.

بەختیار خالید، سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکی لە ئاژەڵان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لەسەر حاڵەتەکانی کوشتنی ئاژەڵ و کوشتنی سەگەکانیش لە چەند شەوی ڕابردوو ئێمە گردبوونەوەیەک دەکەین و یاداشتێک دەدەینە پەرلەمانی کوردستان، دواتریش لە دادگا سکاڵا لەدژی ئەوانە تۆمار دەکەین کە لە هەڵمەتی سەگکوژییەکە بەشدار بوون".

# کۆمپانیایەک فێڵ لە حکومەت دەکات



**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بەدواداچوون بۆ گرێبەستێکی حکومەت لەگەڵ کۆمپانیایەک دەکات کە پرۆژەی دووسایدکردنی کەلار – سلێمانی وەرگرتووە، بەڵام لەنێو پرۆژەکەدا لەبری دانانی تاوەر و ستوونی نوێی کارەبا، تاوەر و ستوونە کۆنەکانی داناوەتەوە.

کەریم عەلی، سەرۆکی لیژنەی وزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کە بەدواداچوونی بۆ دۆسیەکە کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت: "لە پرۆژەی دووسایدکردنی گەرمیان – سلێمانی کە لەلایەن کۆمپانیای بێشکان بە تەندەر لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وەرگیراوە، 295 ستوونی کارەبا و 25 تاوەری کارەبای 32 کەیڤی لە نێوان دەربەندیخان بۆ ناحیەی باوەنوور – پێباز بەر پرۆژەکە دەکەون. بەپێی گرێبەستی نێوان وەزارەت و کۆمپانیاکە دەبێت ستوونی کارەبای نوێ دابنرێن، بەڵام کۆمپانیاکە نەیکردووە".

کەریم عەلی دەڵێت، وەبەرهێنەرەکە دەیەوێت ستوونە کۆنەکان و لەکارکەوتووەکان دابنێتەوە: "ئەمەش گەندەڵییەکی گەورەیە. دوای بەدواداچوون دەرکەوت بەشێک لەو ستوونانە خوار بوون و هەندێکیشیان هێندە خراپن بەکەڵکی ئەوە نایەن دابنرێنەوە، بۆیە لایەنە پەیوەندیدارەکانمان ئاگادار کردووەتەوە، ئەوانیش بەڵێنیان داوە ڕازی نەبن بەوەی کۆمپانیاکە دەیکات".

بەگوتەی سەرۆکی لیژنەکە، نرخی ئەو تاوەر و ستوونانەی لە گرێبەستەکەدا هاتووە زۆر زیاترە لە نرخی ڕاستەقینەیان. لەوبارەوە دەڵێ: "بۆ هەر یەکێک لە تاوەرەکان بڕی 40 هەزار دۆلار دانراوە، بۆ ستوونەکانیش نزیکەی 1500 دۆلار لە تەندەرەکە دانراوە، لەکاتێکدا ئەو نرخە زۆر زۆرە کە بۆ ستوونەکان دانراوە. لە بازاڕدا بە 400 بۆ 500 دۆلارە، بۆیە بە دانانی ستوونە کۆنەکان کۆمپانیاکە بڕی 450 هەزار دۆلار لەسەر حیسابی پرۆژەکە قازانج دەکات".

دووسایدکردنی پرۆژەکە دوو قۆناغ بووە، لە سنووری ئیدارەی گەرمیان هیچ کێشەیەکی نییە و تەواو بووە، بەڵام ئەوەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کارەبای سلێمانییە، ستوونەکانی گۆڕاون و هێشتا تەواو نەکراوە. حازم کەریم، بەڕێوەبەری گشتی کارەبای گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو بەشەی کە ستوونە کۆنەکانی لێ چەقێنراوەتەوە دەکەوێتە سنووری سلێمانی، بەتایبەتی ڕێگەی دەربەندیخان، بەڵام ئەوەی کەوتووەتە سنووری گەرمیان هیچ ستوونێکی کۆن دانەنراوە و هەموو ستوونەکان تازەن. ستوونە کۆنەکانیشمان داوەتەوە بەڕێوەبەرایەتی کارەبای گەرمیان".

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کارەبای سلێمانی بەدواداچوون بۆ پرۆژەکە دەکەن. سیروان محەممەد، گوتەبێژی کارەبای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانی داوای ڕاپۆرتە بەراییەکانی ئەو پرۆژەیەی کردووە تا بەدواداچوون بۆ ئەو کارەی کۆمپانیاکە بکرێ، ئەگەر ڕاست بێت بەدڵنیاییەوە ڕێگری لە کۆمپانیاکە دەکەین و ڕووبەڕووی ڕێکاری یاسایی دەکرێتەوە".

هەر لەوبارەوە عەدنان خەلیل، بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی گەرمیان دەڵێت: "گرێبەستەکە لەگەڵ کۆمپانیای بێشکان کراوە، بەپێی تەندەرەکەش ئەو کەلوپەلانەی بەکاردەهێنرێن نابێت هیچ کێشە و خەوشێکیان هەبێت. بۆ ستوونەکانی کارەباش دەبێت ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار کە بەڕێوەبەرایەتی کارەبایە وەربگیرێ، داواشمان لە کارەبای گەرمیان و دەربەندیخان کردووە سەرپەرشتی بڕگەی کارەبای پرۆژەکە بکەن. ئێمە ئەندازیاری خۆمان لە پرۆژەکەدا هەیە و ڕێگە نادەین ستوونی کۆن دابنرێ".

## پسپۆڕێکی بواری کیمیایی بۆ (ڕووداو)

# محەممەد بە فۆسفۆڕی سپی بریندار بووە


محەممەد حەمید لە نەخۆشخانەیەکی باشووری کوردستان چارەسەر دەکرێ (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو – هەولێر**

پسپۆڕێکی بواری کیمیایی دەڵێت، بە گوێرەی نیشانەکان، ئەو چەکەی محەممەد حەمیدی پێ بریندار بووە "فۆسفۆڕی سپییە" کە چەکێکی قەدەغەکراوە.

بەهۆی پەلامارەکەی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، ژمارەیەک هاووڵاتی بریندار بوون کە جەستەی بەشێکیان سووتاوە، گومان دەکرێ بەهۆی فۆسفۆڕی سپییەوە بریندار بووبن کە چەکێکی قەدەغەکراوە، یەکێک لەوانەش مێرمنداڵێکی تەمەن 13 ساڵانە بە ناوی محەممەد حەمید کە ئێستا لە نەخۆشخانەیەکی باشووری کوردستان چارەسەر دەکرێ.

د.ساڵح نەجیب، شارەزای بواری کیمیا و مامۆستای زانکۆ دەڵێت: "ئەگەر لە ساڵی 1980 ڕێگە بە بەکارهێنانی چەکی فۆسفۆڕی سپی درابێت وەکو بۆمبێکی دووکەڵ بۆ ڕۆشنکردنەوە، بەڵام بەکارهێنانی وەکو چەک بە هەموو شێوەیەک قەدەغەکراوە".

بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان و بەگوتەی هێزەکانی سووریای دیموکرات "محەممەد بە چەکی فۆسفۆڕ بریندار بووە". تەواوی جەستەی محەممەد لە ملییەوە تاوەکو سکی و پشتیشی سووتاوە.

د.ساڵح سەبارەت بەو چەکەی محەممەدی پێ بریندار بووە، دەڵێت: "بەپێی ئەو دووکەڵ و ئەو نیشانانەی لەسەر جەستەی بریندارەکان بینیم، وانیشان دەدات کە ئەو ماددەیەی بەکارهاتووە فۆسفۆڕی سپییە".

ئەو پسپۆڕەی بواری کیمیا باسی تایبەتمەندییەکانی ئەو چەکە دەکات و دەڵێت: "فۆسفۆڕی سپی دەتوانرێ بۆ هەموو جۆرە تەقەمەنییەک بەکاربهێنرێت، فۆسفۆڕەکە کە کەوتە بەر هەوا لەگەڵ ئۆکسجین کارلێک دەکات و کۆمەڵێک ئۆکسیدی فۆسفۆڕ دروستدەکات، ئۆکسیدەکەش لەگەڵ ئاو کارلێک دەکات و هەندێک ترشی فۆسفۆڕیک ئەسید دروستدەکات، ئەو ترشەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پێست دەبێت و دەیسووتێنێ. کاریگەرییەکەش تەنیا لەسەر پێست نییە، بەڵکو لەسەر گورچیلە، جگەر، دڵ و ئێسقانەکانیشی هەیە".

ئەو پسپۆڕە لەو باوەڕەدایە، ئەو چەکەی بەکارهاتووە جگە لە فۆسفۆڕی سپی، ڕەنگە هەندێک ماددەی دیکەشی تێکرابێت، بۆ ئەوەی ماوەیەکی زیاتر بمێنێتەوە و کاریگەری زیاتر بێت.

د.ساڵح دەڵێت لە جیهاندا توێژینەوەکان لەسەر فۆسفۆڕی سپی زۆر زۆر کەمن و کار لەسەر ئەوە نەکراوە کە بزانرێت مانەوەی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن چ کاریگەری و شوێنەوارێک بەجێدەهێڵێت، بەڵام ئەوە نیشاندراوە کە ئەم ترشە سووتێنەرە، کاریگەرییەکەی پەیوەستە بەوەی کەسەکە بۆ ماوەی چەند بەرکەوتە دەبێت، تاوەکو بەرکەوتەکە بمێنێتەوە ئەوەندە کاریگەرییەکەی زیاتر و قووڵتر دەبێت، چەندە بە خەستی بێت و ماددەی کیمیاوی دیکەی لەگەڵ بەکارهاتبێت کارگەرییەکەی زۆرتر دەبێت "بۆیە پێدەچێت محەممەد یەکێک بێت لەو کەسانەی ماوەیەکی زۆر بەریکەوتبێت، زۆر لە نزیکەوە بەریکەوتبێ و فۆسفۆڕە سپییەکەش ماددەی کیمیاوی دیکەی لەگەڵدا بووبێت".

هەرچەندە ڕاپۆرتە پزیشکییەکانی نەخۆشخانەکانی ڕۆژئاوا نەیانسەلماندووە ئەو بریندارانە بە چەکی قەدەغەکراو و فۆسفۆڕ بریندار بووبن، بەڵام پزیشکەکان دەڵێن بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، ئەو چەکانەی لە دژیان بەکارهاتووە بەهۆی ئەو نیشانانەی لەسەر جەستەیان هەیە، پێدەچێت چەکی قەدەخەکراو بن.

پێشتر هەریەک لە نەخۆشخانەی تل تەمر و مانگی سووری کوردی ڕایانگەیاند کە بەشێک لەو برینداراانەی گەیەنراونەتە نەخۆشخانە، پاشماوەی چەکی کیمیایی لەسەر جەستەیان هەیە، بەڵام وەزارەتی بەرگریی تورکیا ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە.

حامی ئاکسۆی، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە ڕاگەیەندراوێکدا گوتی: "لە کۆگاکانی سوپای تورکیادا بەهیچ شێوەیەک چەکی کیمیایی نییە. وڵاتەکەمان لە ساڵی 1977ـەوە لایەنێکە لە بەڵێننامەی لەنێوبردن و قەدەغەکردنی بەکارهێنان و کۆگاکردن و بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی".

# ئاوارەکانی ڕۆژئاوا بە قاچاخ دێنە هەرێمی کوردستان

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بە ڕێگەی قاچاخ خۆیان دەگەیەننە هەرێمی کوردستان، هەر خێزانێکیش بە 200 – 500 دۆلار لە ناوچەی سحێلاوە دەپەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

ڕۆژی 9ی ئەم مانگە سوپای تورکیا و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا کە لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێن، پەلاماری ڕۆژئاوای کوردستانیان دا. بەو هۆیەوە تاوەکو ئێستا پتر لە 270 هەزار کەس ئاوارە بوون و بەشێکیان ڕوویان لە سنووری هەرێمی کوردستان کردووە.

کەمال تاهیر، خەڵکی سەرێ کانی لە ڕۆژئاوای کوردستان، دوو ڕۆژە گەیشتووەتە هەرێمی کوردستان و لە کەمپی بەردەڕەش نیشتەجێ کراوە. ئەو دەڵێت: "ڕێکخراوە مرۆییەکان ڕۆژئاوای کوردستانیان بەجێهێشت، بۆیە ئێمەش لە ترسی شەڕ بە ڕێگەی قاچاخ ڕوومان لە هەرێمی کوردستان کرد".

کەمال و سێ منداڵەکەی 250 دۆلاریان داوە تاوەکو گەیشتوونەتە شاری دهۆک، کەمال دەڵێت: "چەند کەسێکی شارەزا لە سنووری باشووری کوردستان و ڕۆژئاڤا ئەو کارە دەکەن، تەنسیقیان لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی ڕۆژئاڤا هەیە و خەڵک بە پارە دەرباز دەکەن".

بە گوتەی کەمال، بەشێک لە خەڵکی ناوچەکە، دوای گەڕانەوەی سوپای سووریا ناچار بوون ماڵ و حاڵی خۆیان جێبهێڵن، چونکە ترسیان لە ڕژێمی بەشار ئەسەد هەیە.

> **دەروازەی سێمالکا کراوەیە، بەڵام لە دیوی ڕۆژئاڤا ڕێگە بە خەڵک نادەن بڕۆن**
>
> سەرچاوەیەکی ئەمنی

لە بەهاری 2011 بەدواوە، بەهۆی شەڕی نێوخۆی سووریا نزیکەی 300 هەزار کەس لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە و بەشێکی زۆریان لە کەمپەکان نیشتەجێ بوون. هەتا پێش پەلامارەکەی تورکیا 220 هەزار لەو ئاوارانە لە هەرێمی کوردستان مابوون.

سەرچاوەیەکی ئەمنی لە ناوچەی سحێلای سنووری کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "دەروازەی سێمالکا کراوەیە، بەڵام لە دیوی ڕۆژئاڤا ڕێگە بە خەڵک نادەن بڕۆن، بۆیە خەڵکەکە ناچارە بە نایاسایی و بە پارە لە سنوور بپەڕنەوە".

گوتیشی: "هەر خێزانێک 200 تاوەکو 500 دۆلار دەداتە قاچاخچی بۆ ئەوەی لە سنوور بپەڕێنرێنەوە، قاخچییەکانیش تەنسقییان لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژئاوا هەیە".

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، هەر خێزانێک ئاودیوی هەرێمی کوردستان دەبێ، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێ و پاشان ڕێگەی پێدەدرێ لە کەمپەکان نیشتەجێ ببێ. سەرچاوەکە گوتی: "تەنیا ڕێگە بە ئاوارەی کورد دەدەین بێنە هەرێمی کوردستان".

سالم سەعید، گوتەبێژی بۆردی کاروباری مرۆیی لە دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەو شەش ڕۆژەدا نزیکەی چوار هەزار ئاوارە گەیشتوونەتە شاری دهۆک، 180 کەسیان لە کەمپی دومیز نیشتەجێکراون و ئەوانەی دیکە ڕەوانەی کەمپی بەردەڕەش کراون.

ڕۆژی 2019/10/20 لیژنەی باڵای وەزاری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە. ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوای کۆبوونەوەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند: "ئەگەر ئەو بارودۆخەی لە سووریا هەیە ماوەیەکی درێژ بخایەنێت، پێشبینی هاتنی نزیکەی 250 هەزار ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان دەکەین".

## سەربازێکی کوردی سوپای تورکیا:

# حەزم دەکرد بکوژرێم بەس شەڕی کورد نەکەم

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

سەربازێکی کوردە و لە ڕیزەکانی سوپای تورکیادا خزمەت دەکات، یەکێک بووە لەوانەی بەشداری لە هێرشی سەر ڕۆژئاوای کوردستان کردووە، ئەحمەد ئاڵتان کە لە سەرێ کانیێ بریندار بووە، دەڵێت خۆزگەم دەخواست زوو بکوژرێم و تەقە لە کوردێک نەکەم.

لە تورکیا، خزمەتی سەربازی زۆرەملێیە، کوردی ئەو وڵاتەش ناچارن سەربازی بکەن، کاتێکیش شەڕ ڕوودەدات وەکو ئەوەی ئێستا لە ڕۆژئاوا هەیە، ناچارن ڕووی چەکەکانیان لە هاوزمانەکانیان بکەن.

ئەحمەد ئاڵتان، گەنجێکی شارۆچکەی سلۆپیی باکووری کوردستانە، تاوەکو کۆتایی ساڵی ڕابردوو لە ناحیەی دێرەلووک لە نانەواخانەیەک کاری دەکرد، سەرەتای ئەمساڵ ناوی بۆ سەربازی گەڕایەوە و ماڵئاوایی لە هاوڕێکانی و خاوەنکارەکەی کرد.

هەکار ئەمین، کە سەرکاری بووە، دەڵێت: "ئەحمەد کوڕێکی زۆر ئیشکەر و باش بوو، ساڵێک بوو لەلای ئێمە کاری دەکرد، سەرەتای ئەمساڵ ناوی بۆ سەربازی گەڕایەوە و ماڵئاوایی لە ئێمە کرد".

ئاڵتان کە ئێستاش پەیوەندی لەگەڵ هەکار ماوە، هەفتەیەک بەر لە هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کردووە و گوتوویەتی یەکێکە لەو سەربازانەی بۆ بەشداری لە شەڕەکە دەنێردرێن و ناچاریشە بچێت.

هەکار پێنج ڕۆژ لەمەوبەر قسەی لەگەڵ ئاڵتان کردووە، ئەڵتان پێیگوتووە کە بەشداریی شەڕی سەرێ کانییێ کردووە و بە سووکی بریندار بووە، ئێستا لە نەخۆشخانەیەکی سەر سنوور چارەسەر وەردەگرێ. بەڵام بە هاوڕێکەشی گوتبوو "حەزم دەکرد زوو بکوژرێم بەس شەڕی کورد نەکەم". گوتبووشی: "چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە پەلاماری کورد دەدەن".

ئەحمەد زیاتر لەبارەی ئەو هێرشە بۆ سەرکارەکەی پێشووی باس کردووە و دەڵێت: "هەستێکی زۆر ناخۆشم هەبوو کە دەربازی ناو خاکی ڕۆژئاڤای کوردستان بووین، دەمزانی ئێمە ناحەقین و نەمتوانی هیچ شتێکیش بکەم بۆ ئەوەی سەربازانی تورکیا هیچ گومان لە من نەکەن، تەنیا یەک هیوام هەبوو، هەر دەمگوت خوایە گوللەیەکم بەر بکەوێت و بکوژرێم، ئێستاش کە بە ساچمەی هاوەن بریندار بووم، خۆزگە دەخوازم چاک نەبمەوە و نەچمەوە بەرەکانی شەڕ".

سلۆپی شارۆچکەیەکی سەر سنووری ڕۆژئاڤا کوردستانە، چەند خزمێکی ئەحمەد لە ڕیزەکانی هەسەدەدان. هەکار لە زاری ئەحمەدەوە دەڵێت: "جگە لەوەی ئەوان کوردن و لەسەر خاکی خۆیانن، چەند خزمی نزیکی خۆم کە خەڵکی شارۆچکەکانی ڕۆژئاڤای کوردستانن، چەکداری یەپەگەن، چ لەوە ناخۆشتر هەیە شەڕ بەرامبەر خزمی نزیکی خۆت بکەی".

لە تورکیا هەر کەسێک تەمەنی گەیشتە 21 ساڵ دەبێ سەربازی بکات، ئەگەریش ڕازی نەبوو ئەوە دەتوانێ خزمەتی سەربازییەکەی بە پارە بکڕێتەوە کە 31 هەزار لیرە (5351) دۆلارە.

سامی ساڵح گەنجێکی کوردی شارۆچکەی جۆلەمێرگە و ئەمساڵ خزمەتی سەربازییەکەی کڕیوەتەوە و دەڵێت: "ئەگەر سەربازیم بکردایە، دەبوو شەڕی پەکەکە یان وەکو ئەمڕۆ شەڕی یەپەگە بکەم". سامی پێیوایە زۆر گەنجی دیکەی کورد ئامادەنین سەربازی بکەن، بەڵام پارەیان نییە خزمەتی سەربازی بکڕنەوە.

## پەرلەمانتارێک:

# زۆربەی پەرلەمانتاران دژی پڕۆژەیاسای چاکسازین

**ئاسۆ سەراوی**
**ڕووداو – هەولێر**

کارکردن لەسەر پڕۆژەیاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە ء دەرماڵەکان، بە خاوی بەڕێوەدەچێت، پەرلەمانتارێکی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت: "زۆربەی پەرلەمانتاران دژی پڕۆژە یاساکەن". پەرلەمانتارێکی پارتیش دەڵێت ئەگەر یاساکە پەسەندیش بکرێت، گومان لە جێبەجێکردنی هەیە و دەپرسێت: "گەرەنتی چییە لە سلێمانی یاساکە جێبەجێ دەکرێت؟".

سۆران عومەر، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان کە خۆی بە خاوەنی پڕۆژەیاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە ء دەرماڵەکان دەزانێت، دەڵێت لە ساڵی 2015 پڕۆژە یاساکەی پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کردووە. لە مانگی 11ی 2017ش بە فەرمی پڕۆژەکەی ڕادەستی سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران کردووە، دواتر حکومەت کردوویەتی بە پڕۆژە یاسا ء بۆ خولی ڕابردووی پەرلەمانی ناردووە.

ئەو پەرلەمانتارەی کۆمەڵی ئیسلامی جەخت لەوە دەکاتەوە کە پڕۆژە یاساکە دوژمنی کەم نییە ء ئەگەر لە پەرلەمان پەسەندیش بکرێت، جێبەجێکردنی لە واقیعدا قورس دەبێت. سۆران عومەر دەڵێت: "زۆربەی پەرلەمانتاران دژی پڕۆژە یاسای چاکسازین، ئەوەش لەبەر کەمکردنەوەی مووچەی پلە باڵاکانە کە لە پڕۆژە یاساکەدا هاتووە".

سۆران عومەر کە ئەندامی لیژنەی دارایی ء کاروباری ئابووری پەرلەمانیشە، پێیوایە چاکسازی بە تەنیا لە خەرجییەکان بەس نییە، بەڵکو دەبێت چاکسازی لە سەرچاوەکانی داهاتی وەک گومرگ ء خاڵە سنوورییەکان ء داهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆ ء نەوتیش بکرێت.

پڕۆژەیاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان لە هەرێمی کوردستان لە 24 ماددە پێکهاتبوو، بەپێی ئەو پڕۆژە یاسایە کە لە خولی ڕابردووی پەرلەمان پەسەند کرابوو، کەمترین مووچەی خانەنشینی پەرلەمانتارێک کە تەنیا خزمەتی پەرلەمانی هەبێت، زیاتر لە دوو ملیۆن 500 هەزار دینارە. بەپێی ساڵانی خزمەتیش مووچەی خانەنشینییەکە زیاتر دەبێت، ئەمەش ناڕەزایی لێکەوتەوە، بۆیە حکومەت پڕۆژە یاساکەی لە پەرلەمان کشاندەوە.

بەپێی زانیاری پەرلەمانتاری فراکسیۆنی لایەنێکی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان، فراکسیۆنی پارتی هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە پڕۆژە یاساکە بەزوویی پەسەند بکرێت، بەڵام فراکسیۆنی یەکێتی بەو جۆرە نییە "چونکە بە پەسەندکردنی یاساکە یەکێتی زەرەرمەندی یەکەم دەبێت".

لوقمان وەردی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی ڕەتیکردەوە یەکێتی دژی تێپەڕاندنی یاساکە بێت و گوتی: "یەکێتی فراکسیۆنەکەی ء تیمی حکومەتیشی پشتیوانی تەواوی لە پڕۆژە یاساکە دەکات، بەڵام ئەوەش لەبیر ناکات کە دەبێت کاری جدی لەسەر داهاتە جۆراوجۆرەکانی حکومەتیش بکرێت، چونکە خەڵک هەزار ء یەک پرسیاری لەسەر داهاتەکانی حکومەت هەیە، بۆیە دەبێت لەو پڕۆژە یاسایەدا نەک خەرجییەکان بەتەنیا کەم بکرێتەوە، بەڵکو داهاتەکانیش ڕۆشنایی تەواویان بخرێتە سەر".

پەرلەمانتارێکی پارتی دەڵێت گومانی هەیە ئەگەر یاساکە پەسەندیش بکرێ، لە زۆنی سەوز جێبەجێ بکرێ.

هیڤیدار ئەحمەد، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی ء پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: "ئەگەر پڕۆژە یاساکە لە پەرلەمانیش پەسەند کرا، گەرەنتی چییە لە سلێمانی جێبەجێ بکرێت؟ بۆیە من وای دەبینم شەڕی جێبەجێکردنی یاساکە قورسترە".

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی پێشنیازی ئەوە دەکات، وشەی دادپەروەری بۆ ناوی پڕۆژە یاساکە زیاد بکرێت، چونکە ئەو وای دەبینێ بە جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژە یاسایە دادپەروەری بۆ مووچە دەگەڕێتەوە، بەتایبەت لە پرسی دەرماڵەکاندا ء دەڵێت: "70%ی داهاتی کوردستان بۆ مووچەیە ء 56%ی مووچەکانیش دەرماڵەیە، لە هیچ شوێنێکی دنیا شتی لەو جۆرە نییە بودجەی دەرماڵە لە بودجەی مووچەی بنەڕەتی زیاتر بێت، بۆیە دەبێت دەرماڵەکان ڕێکبخرێنەوە".

حاکم ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ء ئەندامی ئەو لیژنە هاوبەشەی لە حکومەت ء پەرلەمان دروستکراوە بۆ پێداچوونەوە بە پڕۆژە یاساکە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە یەکەم کۆبوونەوەی لیژنەکەیان کە لە دوو هەفتەی ڕابردوودا کرا، ئەوە خراوەتەڕوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو حیزبانەی پێکهێنەری حکومەتن کۆدەبێتەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی پێش ناردنی ڕەشنووسی پڕۆژە یاساکە بۆ پەرلەمان، بۆچوونی ئەو حیزبانەش وەربگرێت، "تاوەکو پەسەندکردنی لە پەرلەمان قورس نەبێت".

## مەزڵووم کۆبانی، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە):

# دەیانەوێ کورد ڕوو لە کوێ بکات؟



مەزڵووم کۆبانی، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) (فۆتۆ: AFP)

**ڕووداو- هەولێر**

سێ ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە ڕۆژئاوای کوردستان، ژەنەراڵ مەزڵووم کۆبانی، فەرماندەی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) ڕایگەیاند کە تورکیا ئاگربەستەکە جێبەجێ ناکات، دوای لە ئەمریکاش کرد بەڵێنی خۆی لەبارەی ئاگربەستەکە بەرێتەسەر. کۆبانی لە لێدوانێکدا بۆ ناوەندی (دیفێنس وان) دەڵێت هەسەدە لەگەڵ ڕووسیا و سووریا کار ناکات. لەبارەی پلانێکی هاوبەشی ڕووسیا و تورکیاش هۆشداری دەدات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، چەند ڕۆژێک پێش دەستپێکردنی هێرشی تورکیا بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، جەیمز جێفری، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی دژی داعش، بە مەزڵووم کۆبانی گوتبوو ئەمریکا نایەوێ وەک ڤێتنامی بەسەر بێ و کاتی بۆ کشانەوە بەدەستەوە نەبێ.

کۆبانی لەبارەی دەرئەنجامی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا بە (دیفێنس وان) دەڵێ: "دەمەوێ خەڵکی ئەمریکا ئاگادار بکەمەوە کە ئەوەی ڕوودەدات زۆر خراپە و بەبەرچاوی ئیدارەی ئەمریکییەوە لەناوچوونی خەڵکی کوردی سووریا و پاکتاوی نەژادی لێدەکەوێتەوە".

کۆتایی هەفتەی ڕابردوو، مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمریکا، ڕێککەوتنی ئاگربەستێکی ڕاگەیاند کە تورکیا و هەسەدە پابەند دەکات بەوەی بۆ ماوەی 120 سەعات لە ناوچە سنوورییەکان شەڕ ڕابگرن، ئەوەش بۆ ئەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) کاتی ئەوەی بەدەستەوە بێ ئەو ناوچانە چۆڵ بکات. ڕێککەوتنەکە دوای ئەوە هات کە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە ژێر گوشاری کۆنگرێسدا بە جیا قسەی لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا و مەزڵووم کۆبانی کرد.

فەرماندە کوردەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە تورکیا ڕێککەوتنە 13 خاڵییەکە جێبەجێ ناکات و ئامانجی دیکەی هەیە، بۆیە داوا لە ترەمپ دەکات "بەڵێنەکەی بەرێتەسەر". لە کاتێکدا بە گوتەی کۆبانی ژمارەی کوژراوانی هێزەکەی لە دوو ڕۆژی یەکەمی دوای ڕێککەوتنەکەدا زیاتر بووە لە ڕۆژانی پێش ڕێککەوتنە. 50 شەڕڤان بەهۆی هێرشی ئاسمانیی تورکیاوە شەهید بوون و 100ی دیکەش بریندارن.

مەزڵووم کۆبانی لەبارەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی خۆی لەگەڵ ترەمپ و چاوەڕوانییەکانی لە کۆشکی سپی دەڵێ: "ئەو (واتە ترەمپ) پێیگوتم کە ئەوەی لەدەستی بێ دەیکات تاوەکو ئەو شەڕە ڕابگرێ، گوتی بەنیازە قسە لەگەڵ ئەردۆغان بکات، بڕواشم وایە هەندێک بەڵێنی لە ئەردۆغان وەرگرتووە، بەڵام ئەوەی ئێستا ڕووندەبێتەوە ئەوەیە کە ئەردۆغان گوێ بۆ ترەمپ ناگرێ و بەڵێنەکانی خۆی لەگەڵی ناباتەسەر. داوا لە ترەمپ دەکەم بەڵێنەکانی خۆی بەرێتەسەر و ئەو شەڕە ڕابگرێ".

لە برگەی یانزدەیەمی ڕێککەوتنی ئاگربەستەکەدا هاتووە: "لایەنی تورکی ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی رادەگرێ بۆ ئەوەی ڕێگە بە یەپەگە بدات لە ماوەی 120 سەعاتدا لە ناوچەی ئارام بکێشێتەوە".

کۆبانی ڕەتیدەکاتەوە تورکیا پابەندی ڕێککەوتنەکە بووبێ و دەڵێ: "هێزەکانی تورکیا هێرشێکی هەمەلایەنەیان کردووەتە سەر سەرێ کانی و خەڵک و شەڕڤانەکانمان لەناو شارەکەدا گەمارۆ دراون. ئێمە لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە کۆریدۆرێکی پارێزراو بکەینەوە بۆ ئەوەی خەڵک و هێزەکانمان بکشێنینەوە، بەڵام تورکەکان ڕازی نین ئەو کۆریدۆرە بکەنەوە و گەمارۆکەی سەر شارەکەیان لانەداوە".

فەرماندەکەی هەسەدە پێیوایە تورکیا بە ئەنقەست ڕێگە لە کشانەوەی هەسەدە دەگرێ و دەڵێ: "ئەوان (هێزەکانی تورکیا) بۆ پێنج ڕۆژ درێژە بە کوشتاری ئێمە دەدەن، لە کۆتاییشدا دەڵێ ئەوەتا کوردەکان لە شارەکە نەکشاونەتەوە، ئینجا دەست بە پاکتاوی نەژادی دەکەن. ئەمەش لەبەرچاوی ئەمریکییەکان ڕوودەدات".

پێناچێ نە ئیدارەی ترەمپ و نە فەرماندە مەیدانییەکانی ئەمریکا گوێیان لە کوشتاری مەدەنی بێ. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (جورناڵ)، لە ڕۆژانی یەکەمی هێرشەکاندا، کاتێک تورکیا ناوچەکانی دەوروبەری کۆبانییان کردبووە ئامانج، خەڵک بەرەو بنکەیەکی ئەمریکی نزیک لە شارەکە ڕایانکردبوو، چونکە پێیانوابوو ئەستەمە تورکیا بنکەی سەربازیی ئەمریکا بکاتە ئامانج، بەڵام سەربازە ئەمریکییەکان خێزانەکانیان لەخۆیان دوورخستبووەوە.

لە ڕێککەوتنی ئاگربەستەکەدا باسی درێژیی سنووری ناوچەکە ناکرێ، ئەردۆغان جەخت لەوە دەکاتەوە کە هێزەکانیان هەتا قووڵایی 32 کیلۆمەتر دێنەژوورەوە. مەزڵووم کۆبانی لەبارەی قەبارەی ئەو ناوچەیەی ڕێککەوتنەکە دەیگرێتەوە دەڵێ: "ئێمە تەنیا لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین لە سەرێ کانی و گرێ سپی بکشێینەوە و باسی ناوچەکانی دیکەمان نەکردووە، ناوچەکانی دیکە کوردین و ئەو خەڵکە هیچ شوێنێکیان نییە بۆی بچن، دەیانەوێ کورد ڕوو لە کوێ بکات؟".

وجودی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا دەستی کوردی ڕۆژئاوا بۆ دانوستاندن لەگەڵ تورکیا بەهێز دەکات و ڕێگە خۆشدەکات بۆ ئەوەی کورد لە نووسینەوەی دەستووری نوێی سووریا و داڕشتنی سیستەمی سیاسیی ئەو وڵاتەدا کاریگەری هەبێ. فەرماندە کوردەکە هۆشداری دەدات کە "ئەگەر (هێزەکانی ئەمریکا) بەتەواوەتی لە سووریا بکشێنەوە، ڕووسەکان و تورکەکان پێکەوە پلانەکەیان جێبەجێ دەکەن. ئەمەش هەموو ئەو شتانەی لەو پێنج ساڵە لەگەڵ ئەمریکییەکان بەدەستمان هێناوە تێکدەدات".

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە باکووری سووریا، هێزەکانی سووریای دیموکرات بە ناوبژیوانی ڕووسیا دەستیان بە دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی سووریا کرد، لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکیشدا هێزەکانی ڕژێم لە کۆمەڵێک ناوچەی سنووریی ڕۆژئاوای کوردستان جێگیر بوون، لەوانەش کۆبانی و منبج.

مەزڵووم کۆبانی دەڵێت: "ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات (مەسەدە) کە باڵی سیاسی و ئیداریی هەسەدەیە، لە ڕۆژانی یەکەمی هێرشەکەدا ڕوویان لە ڕووسیا و سووریا نا، بۆ ئەوەی لەمپەرێک بۆ هێرشی تورکیا دابنێن" بەڵام دەشڵێت: "هەسەدە هیچ گفتوگۆیەکی لەگەڵ ڕووسیا و حکومەتی سووریا نەماوە".

مەزڵووم کۆبانی لەوبارەیەوە بە (دیفێنس وان) دەڵێ: "ئەمریکا دەبێ پابەندی بەڵێنەکەی بێ و ئاگربەستەکە بسەپێنێ و دواتریش دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ پرسی کورد لە سووریا بدۆزرێتەوە. ئەگەر بگوترێ ڕووسەکان و سووریا یارمەتی کورد دەدەن، ئەوە قسەیەکی ڕاست نییە. ڕووسەکان و ڕژێمی سووریا هەڵوێستێکی دوژمنکارانەیان بەرامبەر کورد هەیە".

> لە ماوەی ئاگربەستدا 50 شەڕڤان شەهیدکراون

> دیمەشق و مۆسکۆ هەڵوێستی دوژمنکارانەیان بەرامبەر کورد هەیە

> ئەگەر ئەمریکا بکشێتەوە، ڕووسیا و تورکیا پلانی هاوبەشیان جێبەجێ دەکەن

> گفتوگۆمان لەگەڵ ڕووسیا و سووریا نییە

## فاتیح یڵدز، باڵیۆزی تورکیا لە عێراق بۆ (ڕووداو):

# ئیبراهیم خەلیل بەس نییە و پێویستمان بە دەروازەیەکی سنووریی نوێیە

**ڕێباز عەلی**

**ڕووداو- بەغدا**



فاتیح یڵدز، باڵیۆزی تورکیا

نزیکەی دوو هەفتەیە سوپای تورکیا و ئەو گرووپە چەکدارەی فەرمان لە تورکیا وەردەگرن، دەستیان بە هێرشێک بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان کردووە. فاتح یڵدز، باڵیۆزی تورکیا لە عێراق، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) کە لە بەغدا لەگەڵی کراوە، ڕەتیدەکاتەوە ئەو ئۆپەراسیۆنە هێرش بێ و ئەو بە "بەرگری لەخۆکردن" ناوی دەبات. یڵدز دەشڵێت کە "لەم کاتەدا" هێزەکانیان لە عێراق ناکێشنەوە.

### "دژی کورد نین"

لە ڕۆژی نۆی ئۆکتۆبەرەوە تورکیا دەستی بە هێرشێک بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان کردووە، ئامانجی ئەم پەلامارە وەک بەرپرسانی تورک دەڵێن، ئەوەیە کە سوپای وڵاتەکەیان بە قووڵایی 32 کیلۆمەتر بچێتە ناو خاکی سووریاوە و ناوچەیەکی "ئارام" لەسەر سنووری ڕۆژئاوا بۆ ئەو ملیۆنان ئاوارە سوورییە دروست بکەن کە پەنایان بۆ تورکیا بردووە. بەڵام ئەم هێرشە کاردانەوەی توندی کۆنگرێسی ئەمریکی، وڵاتانی ئەورووپا و کۆمکاری عەرەبی بەدواداهات. فاتح یڵدز بە (ڕووداو)ی گوت: "پێش هەموو شتێک ئەوەی بە هێرشی ناودەبەن، ئێمە بە هێرش ناوی نابەین، بەڵکو ئۆپەراسیۆنێکە بەپێی نۆرمە نێودەوڵەتییەکان دەکرێ".

گواستنەوەی چەند ملیۆنێک پەناخوازی سووریی زۆرینە عەرەبی سوننەی نیشتەجێی تورکیا بۆ سەر سنووری نێوان تورکیا و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە لە ڕۆژئاوا، هەڕەشەیەکی جدی لە گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە دەکات، بەڵام باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا دەڵێ: "ئێمە بەهیچ شێوەیەک لەدژی کورد لە شەڕدا نین و تورکیا دژی کورد نییە". ئەو لەبارەی پرۆسەی گەڕاندنەوەی چەند ملیۆنێک پەناخوازی سووری دەڵێت: "بنەمای یەکەم ئەوەیە گەڕانەوەکە ئارەزوومەندانە بێ. ناکرێ بەزۆر ئەو خەڵکە بگەڕێندرێنەوە"، بەڵام نەیشاردەوە کە "بۆ ئەوەی ئاوارەکان بگەڕێنەوە، پێویستە لەو ناوچەیەی دەیانەوێ بۆی بگەڕێنەوە هەلومەرجە بنەڕەتییەکان برەخسێنین، گرنگترین شتیش لەناوبردنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکەیە".

### "هێز لە عێراق ناکێشینەوە"

باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا ئامادە نەبوو ژمارەی بنکە سەربازییەکانی تورکیا لە عێراق ئاشکرا بکات، بە گوتەی خۆی "ئەو داتا سەربازییانە کەمێک دوورن لە جیهانی دیپلۆماسییەوە، بە شێوەیەکی گشتی ئێمە خۆمان دەبوێرین لە قسەکردن لەبارەی ئەو ژمارانە، ژمارەی سەربازەکانیشمان بەپێی گۆڕانی ڕەوشەکە دەگۆڕێ".

حکومەتی عێراق لە چەندین بۆنەدا داوای کردووە تورکیا سەربازەکانی لە خاکی عێراق بکێشێتەوە. فاتیح یڵدز پێیوایە "بۆ پەیوەندییەکی تەندروست لە نێوان هەردوو وڵاتدا پێویستە ئەوە بکرێ، بەڵام ئێمە باسی واقیع دەکەین".

یڵدز لە وەڵامی پرسیارێکی (ڕووداو)دا سەبارەت بەوەی ئاخۆ پێیوایە ئەوە ڕوودەدات؟ گوتی: "لەم کاتەدا نەخێر، چونکە بۆ شەڕی پەکەکە پێویستمان بە سەربازەکانمانە لە عێراق، لەگەڵ هاوشانە عێراقییەکانمان لە بەغدا و هەرێمی کوردستان هەڵدەدەین ئەو هاوئاهەنگییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە بخەینە چوارچێوەیەکی نموونەیی".

گوتیشی: "چارەنووسی بنکەی سەربازیی تورکیا لە باشیک، دەکرێ لەگەڵ پێویستییەکانی قۆناغەکە بگونجێنرێ".

### یەک دەروازەی سنووری بەس نییە

تورکیا و عێراق تەنیا یەک خاڵی سنوورییان هەیە بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی کە ئەویش ئیبراهیم خەلیلە. ماوەیەکە لایەنی تورکی بۆ پەراوێزخستنی هەرێمی کوردستان و بەهێزکردنەوەی دەستی بەغدا لە بەرامبەری، بیر لە دەروازەی ئۆڤاکۆی دەکاتەوە لە بەرامبەر پێشخابوور کە ڕاستەوخۆ بە مووسڵەوە دەبەسترێتەوە. دیپلۆماتە تورکەکە دەڵێ: "ئێمە جەختمان لەوە کردووەتەوە کە یەک خاڵی سنووری بەس نییە. ئێمە هەوڵی دۆستەکانمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا بەرز دەنرخێنین کە دەیانەوێ پەرە بە ئیبراهیم خەلیل بدەن، بەڵام پێویستمان بە دەروازەیەکی سنووریی نوێ هەیە".

سەبارەت بە بیرۆکەی ئەو دەروازەیە، یڵدز گوتی: "ئێمە گفتوگۆی باشمان لەگەڵ عێراقییەکان لەوبارەوە هەبووە، دەبێ یەکەمجار شوێنی دەروازە سنوورییەکە دیاری بکرێ، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە دەبێ هەولێر و بەغدا پێکەوە کاربکەن بۆ ئەوەی ئەو دەروازە سنوورییە نوێیە دابمەزرێ، چونکە دەروازەکە دەکەوێتە ناو پارێزگای دهۆکەوە، کاتێک سەیری سنووری نێوان عێراق و تورکیا دەکەین، دەبینین سنووری دهۆک لەگەڵ سووریایە، ئێمە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی سنووریمان لەگەڵ مووسڵ نییە، بۆیە ئەو دەروازە نوێیە یەکەمجار بەناو دهۆکدا تێدەپەڕێ".

### پێویستمان بە نەوتی عێراقە

عێراق لە پاڵ ئێران دوو دراوسێی تورکیان کە سەرچاوەی زەبەلاحی نەوت و غازی سروشتییان هەیە. باڵیۆزی تورکیا لە عێراق دەڵێ: "ئەو جۆرە نەوت و غازەی کە بۆ پیشەسازییەکەمان پێویستە ئەوەیە کە لە عێراق هەیە، بە تایبەتی لە کەرکووک و بەسرە. بۆیە ئێمە زۆر ڕاشکاوانە لەگەڵ دۆستە عێراقییەکانمان قسە دەکەین و پێیاندەڵێین کە پێویستمان بە نەوتەکەتانە".

زۆرینەی ئەو نەوتەی لە عێراقەوە دەچێتە تورکیا نەوتی هەرێمی کوردستانە، حکومەتی عێراق لەسەر کڕینی نەوت لە کوردستان، سکاڵای لەسەر حکومەتی تورکیا تۆمار کردووە. یڵدز نایشارێتەوە گفتوگۆکانیان لەگەڵ بەغدا "کاریگەریی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدای لەسەرە کە پەیوەندی بە بەشە داهاتەوە هەیە لە سەرچاوەکانی وزە".

### پەیوەندی لەگەڵ بەغدا و هەولێر

یڵدز لەبارەی کاریگەریی گشتپرسییەکەی 2017ی کوردستان لەسەر پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەولێر گوتی: "گشتپرسییەکە تەنیا زیانی بە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا نەگەیاند، بەڵکو زیانی بە پەیوەندیی تورکیا و هەولێریش گەیاند".

بە گوتەی باڵیۆزی تورکیا، پێویستە پەیوەندییەکان "بخرێنە چوارچێوەیەکی دروستەوە". لەبارەی ئەو چوارچێوەیەشەوە گوتی: "دەبێ ئەو ڕاستییە بزانرێ کە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەولێر و سلێمانی وەک بەشێک لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ عێراق دەبینین"، بەڵام جەختی لەوەش کردووە کە "خاڵێکی گرنگ لە پەیوەندیی نێوان عێراق و تورکیا، بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدایە، تاوەکو ئەو پەیوەندییە باشتر بێ، پەیوەندیی عێراق و تورکیا باشتر دەبێ".

### قەبارەی بازرگانی

هێرشی داعش و وێرانبوونی ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق کاریگەرییان لەسەر بازرگانیی نێوان عێراق و تورکیا هەبووە. بەڵام وەک یڵدز دەڵێت دەیانەوێ و کاردەکەن بۆ ئەوەی ڕەوشی بازرگانی بگەڕێتەوە ساڵانی پێش هێرشی داعش، لە کاتێکدا "قەبارەی ئاڵۆگۆڕی بازرگانیی نێوانمان لە ساڵی ڕابردوودا گەیشتە زیاتر لە 13 ملیار دۆلار و پێشبینی دەکەین ئەمساڵ زیاتریش ببێ".

ئەمساڵ حکومەتی عێراقی تەعریفەی گومرگی لەسەر کۆمەڵێک کاڵای تورکی زیاد کرد و هاوردەی هەندێک کاڵاشی قەدەغە کرد، ئەوەش وەک پشتگیرییەک بۆ بەرهەمی نێوخۆیی. باڵیۆزی تورکیا دەڵێت: "3000 جۆر کەلوپەل و بەرهەم بە عێراق دەفرۆشین". داواش دەکات "ئەو تەعریفە گومرگییانە قۆناغ بە قۆناغ بن، چونکە پێویستیان بە زەمینەسازییە".

### پێشنیازەکەی بارزانی قەبووڵ ناکەن

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە پەیامێکدا داوای ڕاگرتنی هێرشی تورکیای بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان کرد و ئامادەگی خۆی بۆ نێوانگیری دەربڕی.

یڵدز لەبارەی کاردانەوەی وڵاتەکەی بەرامبەر بەو دەستپێشخەرییە، گوتی: "بێگومان سەرۆک نێچیرڤان بارزانی هاوڕێمانە، ئێمە بە بەهاوە لە بۆچوون و قسەکانی دەڕوانین، هەتا ئەو جێیەی لەبارەی سەرۆکایەتیکردنی هەرێمی کوردستانەوە قسە بکات. بەڵام لەبارەی پێشنیازەکەی بۆ نێوبژیوانی و لێکنزیککردنەوەی دوو لایەن، ئەوە ئێمە خۆمان بە لایەنێک نابینین، کاتێک بەرامبەرەکەمان ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە".

> ئەو جۆرە نەوت و غازەی بۆ پیشەسازیی ئێمە پێویستە ئەوەیە کە لە عێراق هەیە

> هێزەکانمان لە باشیک ناکێشینەوە

> قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیمان لەگەڵ عێراق زیاتر لە 13 ملیار دۆلارە

> 3000 جۆر کەلوپەل بە عێراق دەفرۆشین

## گیراوێکی بیانیی داعش بۆ (رووداو):

# پێمخۆشە تورکیا بێتە سووریا

زێن ئەحمەد زێن، خەڵکی دوورگەیەکی بەهەشتئاسایە کە تەنیا کەسانی دەوڵەمەند دەتوانن سەفەری بۆ بکەن. زێن خەڵکی کۆماری سەیشێڵزە کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ئەفریقا و لە کۆمەڵێک دوورگەی زۆر جوان و ناوازە پێکدێ. زێن کە ئێستا لە زیندانێکی هێزەکانی سووریای دیموکراتدایە لە حەسەکە، دەڵێت دیمەنەکانی شەڕی سووریا کە لە تەلەفزیۆنەوە بینیویەتی هانی داوە بێت بۆ سووریا. ئەو وەکو هەزاران خۆبەخشی جیهادیی دیکە، سەرەتا لەگەڵ کوڕەکەی بە فڕۆکە هاتوونەتە تورکیا، لەوێشەوە دەربازی سنوور بووە بۆ سووریا. زێن دەڵێت ئەگەر لە زیندان دەربچێ، دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی، لەوێ بەلەمێک دەکڕێت و خەریکی راوە ماسی دەبێ.

**هەڤپەیڤین: رۆژ عەلی زاڵە**
**رووداو - حەسەکە**



زێن ئەحمەد زێن خەڵکی کۆماری سەیشێلزە و ئێستا لەگرتووخانەیەکی هەسەدەیە لە حەسەکە (فۆتۆ: رووداو)

> زۆر دەربارەی شەریعەتی ئیسلام نازانم

**رووداو: دەمەوێت لە ناوی خۆت و وڵاتەکەتەوە دەستپێبکەم، خەڵکی کوێی؟**
**زێن:** ناوم زێن ئەحمەد زێن
**رووداو: خەڵکی کوێی؟**
**زێن:** سەیشێڵز
**رووداو: سەیشێڵز! دوورگەیەکی بچووکی زۆر جوان، هەزاران میل دوورە، چی تۆی هێنا بۆ ئێرە؟**
**زێن:** ئەو کارەساتانەی لە سووریا روویاندەدا. رژێم زۆر لە موسڵمانانی دەکوشت. هەموو شتێک لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان بوو. ئەو هەستەم لا دروست بوو کە دەبێت شتێک بکەم بۆ ئەوەی هاوکاریی برا و خوشکە موسوڵمانەکانم بکەم. زۆر کاریگەر بوو کە دەمبینی چۆن خەڵک دەمردن و هیچ کەس نەدەهات بە هاواریانەوە.
**رووداو: باشە، تۆ دەڵێی ئەو وێنانەی کە دەتبینین دەربارەی ئەوەی کە چی لە سووریا روودەدات، کاریگەریان لەسەرت دانا، ئەو وێنانەت لە کوێ دەبینین؟**
**زێن:** لە کەناڵە هەواڵییەکان، ئێم بی سی، سی ئێن ئێن، ئەلجەزیرە، بەڵام زۆربەی کاتەکان تەماشای ئەلجەزیرەم دەکرد. لەوێوە هەواڵەکانم پێدەگەیشتن، بەڵام هەر جارێک کە کەناڵێکت دەگۆڕی ئەو وێنانەت دەبینی. تەنانەت لە کەناڵەکەی ئێوەشەوە، ئێستا دەبینم کە چی روودەدات لە ئیدلیب.
**رووداو: چیدی دەزانی دەربارەی رەوشی ئێرە؟**
**زێن:** دواجار کە تەماشای هەواڵەکانم کرد، هەواڵی هاتنی سوپای تورکیا هەبوو، زۆر لێی تێنەگەیشتم، بەڵام باسی 32 کیلۆمەتر ناوچەی ئارام یان شتێکی لەو شێوەیە هەبوو.
**رووداو: پێتوایە ئەوە شتێکی باشە بۆ تۆ، بۆ سووریا؟ بۆ داعش، بۆ موسوڵمانان بە گشتی؟**
**زێن:** ئەوەندەی کە من بزانم تورکیا باشتر ئاگای لێمان دەبێت، ئەوان مرۆییانەتر مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن.
**رووداو: دەربارەی داعش چی دەزانی، چی بەسەر داعش هات؟ یان چی بەسەردا دێت ئێستا؟**
**زێن:** وەکو گوتم ئێمە تەماشای هەواڵەکان دەکەین، دوا شت کە بیستم، پێموایە ئەوە بوو کە هەندێ بارمتەیان گرتبوو بۆ پارە، لە بیابانەکانی عێراق یان شتێکی لەو شێوەیە. ئەوە دوا شتە کە لەسەر ئەوە بیستوومە. بەڵام دەزانی ئێمە پێش ئەوەی باغۆز بکەوێت داعشمان بەجێهێشت. ئێمە لە سوسە داعشمان بەجێهێشت. لەبەرئەوە دوای ئەو کاتە نازانین چییان لێ بەسەر هات، جگە لەوە نەبێت کە لە هەواڵەکاندا باس دەکرێت.

> ئەگەر لێرە دەرچم، پێمخۆشە لە تورکیا بمێنمەوە

> شەریعەتی ئیسلامی بۆ یەکەمجار لە سووریا جێبەجێ کرا

**رووداو: بۆ بڕیارتان دا داعش بەجێبهێڵن؟**
**زێن:** چونکە شڵەژانی زۆر هەبوو. خواردن نەبوو، دەرمان نەبوو. بۆ نموونە کوڕەکەم دووانەیەکی لەدەستدا. چونکە دەرمان نەبوو.
**رووداو: دەرمان نەبوو کاتێک لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی داعشدا بوون؟**
**زێن:** بەڵێ. کاتێک کە هێزەکانی رژێم دەهاتن بەرەو لای ئێمە. بۆردومانی هەموومانیان دەکرد، بۆردومانی ئەو شوێنانەیان دەکرد کە خواردنی لێ بوو، کە دەرمانی لێ بوو، بۆمبارانی هەموو شوێنێکیان دەکرد، هاوپەیمانان و عێراقیش بۆردومانیان دەکردین.
**رووداو: ئەگەر ئەو گوشارانە نەبوونایە کە هاوپەیمانان و رژێم خستیانە سەرتان و لەبەر نەبوونی دەرمان و خواردن نەبووایە، لەگەڵ داعش دەمانەوە؟**
**زێن:** گوشاری زۆرمان لەسەر بوو، پێش ئەوەش کە ئەوێ بەجێبهێڵین، بەڵام پارەمان نەبوو. پارەت نەبووایە نەتدەتوانی ئەوێ بەجێبهێڵی، کاتێک کە سوسەم بەجێهێشت بە رێگە هەرزانەکەدا رۆشتم، ئەگەر پارەم هەبووایە ئێستا من و تۆ لێرە دانەدەنیشتین. قاچاخچییەکان نزیکەی 5000 دۆلاریان لە هەر کەس وەردەگرت. من ئەوەندەم نەبوو، 1500 دۆلارم دا بۆ هەر کەسێک لە خێزانەکەم.
**رووداو: بەقاچاخ بچن بۆ کوێ؟**
**زێن:** بۆ تورکیا.
**رووداو: خەڵک زۆر چوون بۆ تورکیا؟**
**زێن:** بەڵێ زۆر زۆر.
**رووداو: دوای ئەوەی کە دەچوونە تورکیا، دەزانن چییان لێ بەسەر هات، چوونە شوێنێکی دیکە یان لە تورکیا مانەوە؟**
**زێن:** نازانین، هیچ نازانین.
**رووداو: ئەگەر دەرچوویای هەر لە تورکیا دەمایتەوە.**
**زێن:** پلانم ئەوە بوو بچم بۆ یەمەن یان بۆ زانزێبار.
**رووداو: زانزێبار؟!**
**زێن:** چونکە رۆیشتووم بۆ یەمەن و لەوێ ژیاوم، خانوویەکیشم لەوێ هەیە، بەڵام ئێستا ئەوێ ئارام نییە، زانزێبار ئارامە. بەهۆی ئەم شەڕەوە زۆر مردنم بینیوە. کاتێک کە سەرەتا دێیت زۆر دەگریەیت کە دەبینی ئەو هەموو خەڵکە دەمرن. بەڵام دواتر، ئیتر لە گریان دەوەستی. بڕوام پێبکە ئەوەندە مردنم بینیوە، هەرگیز پێموانەبوو ئەوەی کە لێرە بینیم، هەرگیز بیبینم.
**رووداو: ئەگەر بگەڕێیتەوە سەیشێڵز، یان هەر شوێنێکی دیکە، ژیانی خۆت لە داهاتوودا چۆن دەبینی؟**
**زێن:** پێشتر راوچیی ماسی بووم. بڕیارم داوە بەلەمێک بکڕم و خێزانەکەم بەرم لە دەریا بژیم، نامەوێت جارێکی دیکە مرۆڤ ببینم.
**رووداو: بۆ ناتەوێت جارێکی دیکە مرۆڤ ببینی؟**
**زێن:** چونکە وێرانەیە، وێرانە. دەزانی با نموونەیەکت بدەمێ. با سەیری سووریا بکەین. هەموو کەسێک ئایدیۆلۆژیایەکی هەیە، هەمووی خۆی بە راست دەزانێت و ئەوانی دیکە بە هەڵە. هیچ کەس خۆی لە ناوەڕاستدا نابینێ، هەموو یەکتر دەکوژن.
**رووداو: بۆچوونت لەسەر بڕیاری دۆناڵد ترەمپ بۆ کشانەوە لە سووریا چییە؟**
**زێن:** راستیت دەوێت نازانم، بەڵام لە سووریا شتەکان دەگۆڕێن، یەک خولەک بەشار دێت، خولەکێکی دیکە گروپێکی دیکە و ئێستاش وا تورکیا دەیەوێت بێت. نازانم بەڵام ئەو تەبعەن دەیەوێت سەربازەکانیان بپارێزێت. دەچنە دەرەوە، شتەکە ئاوایە.

> داعشێکی زۆر بە قاچاخ چوونە تورکیا

> حەزدەکەم بگەڕێمەوە سەیشێلز و خەریکی راوەماسی بم

**رووداو: کامیان باشە لێرە بن، بەشار؟ ئۆپۆزسیۆن، تورکیا، کورد؟ یان سەربازەکانی ئەمریکا لێرە بمێننەوە؟**
**زێن:** پێمخۆشە تورکیا بێتە ئێرە، تورکیا باشترە. چونکە هەموو کەس دەزانێت ژنەکان چۆن دەژین لەو کامپانە. بەڵام چەند کەسێک هەن کە لە تورکیا زیندانیکراون ئەوان خێزانەکانیان لەگەڵیاندایە. لەبەرئەوە پێمخۆشە تورکیا بێت بۆ ئێرە.
**رووداو: کاتێک ترەمپ بڕیاری دا هێزەکانیان لە سووریا بکشێننەوە، بەرپەرچدانەوەیەکی زۆر بەرامبەر بەو بڕیارە لە ئەمریکا و لە تەواوی جیهان هەبوو. یەکێک لە نیگەرانییە سەرەکییەکان ئەوە بوو کە بەهۆی ئەو بڕیارەوە داعش رەنگە بگەڕێتەوە. ئەو بڕیارە تا چەند کاریگەری لەسەر گەڕانەوەی داعش هەیە؟**
**زێن:** ئەوە پرسیارێکی قورسە بۆ وەڵامدانەوە.
**رووداو: بۆچوونی ئێوە لەسەر بەغدادی چییە؟ ئایا ئەو بە خەلیفە دەزانن؟ خەلیفەیەکی باشە، خراپە؟**
**زێن:** کاتێک کە ئێمە لە رەقفە بووین، خزمەتێکی زۆریان دەکرد. ئەوان هاوکاریی خەڵکی هەژاریان دەکرد و خزمەتیان دەکرد، خزمەتی هەموانیان دەکرد. کاری ئێمە خزمەتکردنی خێزانەکان بوو، لەبەرئەوە خۆمان دەمانبینی کە زۆر خزمەتیان دەکرد.
**رووداو: بەڵام زۆر خێزانیش هەبوون دەچەوسێنرانەوە؟ ئێوە ئەوەتان دەبینی؟**
**زێن:** نەخێر.

> لە سوسە قاچاخچییەکان هەر چەکدارێکی داعشیان بە 5000 دۆلار دەرباز دەکرد

**رووداو: ئاگاتان لەو تاوانانە بوو کە داعش دەیکردن، بەتایبەتی جینۆسایدی ئێزیدییەکان، بە کۆیلەکردنی کچانی ئێزدی، هیچ ئافرەتێکی ئێزیدیتان بینی؟**
**زێن:** نەخێر، بەڵام شتم دەربارەیان بیستووە.
**رووداو: هەندێ شوێن هەبوون کە ئافرەتی ئێزیدیان تێدا دەکڕدرا و دەفرۆشرا، ئێوە هیچ ئەوانەتان نەبینی؟**
**زێن:** نەخێر، بڕوا بکە ئێمە زۆر سەرقاڵ بووین، سەعات هەشتی بەیانی دەردەچووین سەعات 10 — 11ی شەو دەگەڕاینەوە.
**رووداو: چیتان دەکرد؟**
**زێن:** خزمەتی خێزانەکان.
**رووداو: چێشتتان بۆ لێدەنان یان چی؟**
**زێن:** هەموو شتێک. با من نموونەیەکت بدەمێ، کە بەیانی دەچووینە دەرەوە لیستێکمان پێبوو، پێویست بوو بچین بازاڕیان بۆ بکەین. ئەو ژنانەی کە نەیاندەتوانی ماڵەکەیان بەجێبهێڵن بەهۆی عیدەوە، دەزانی عیدە چییە وا نییە؟
**رووداو: نا دڵنیا نیم..**
**زێن:** کاتێک ژنێ پیاوەکەی دەمرێت ناتوانێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ماڵ بەجێبهێڵێت. لەبەرئەوە ئێمە بازاڕمان بۆ دەکردن، هەر شتێکیان پێویست بووایە بۆمان دەکڕین، منداڵەکانیانمان دەبردن بۆ نەخۆشخانە، دڵنیامان دەکردنەوە کە کرێی خانووەکەیان دراوە، کارەبایان هەیە، ئاویان هەیە، گازیان هەیە، پێویستیی خواردن دروستکردنیان هەیە، هەموو شتێک.
**رووداو: باشە کاتێک گوێتان لە تاوانەکانی داعش دەبوو، بۆ نموونە بە کۆیلەکردنی ئافرەتانی ئێزدی. پێتانوانەبوو کە ئەوە شتێکی راست نییە، یان پێتانوابوو ئەوە بەشێکە لە شەریعە و بەخۆشحاڵییەوە ئامادەن شوێنی بکەون؟**
**زێن:** من پێموابوو چیدیکە شەڕ سوودی نییە. ئەم شەڕە باش نەبوو، شتێکی رەوا نەبوو.
**رووداو: چ بەشێکی شەریعەتت پێ باش بوو؟**
**زێن:** ئێمە زۆر دەربارەی ئەوە نازانین.
**رووداو: فێر نەبووی؟**
**زێن:** زانیاریمان دەربارەی یاسا ئیسلامییەکان نییە. تا ئەمڕۆش من خۆم فێر دەکەم، لەبەرئەوە ناتوانم بڵێم ئەمە یان ئەوە. لە وڵاتەکەی خۆم بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان زۆرە. دز زۆرە، من خۆم دوو سێ جار ئۆتۆمبیلەکەم دزراوە. کاتێک کە هاتمە شوێنێک دزی لێ نەبوو، مادە هۆشبەرەکانی لێ نەبوو، ئەلکحولی لێ نەبوو، بۆ من باش بوو.
**رووداو: تۆ بۆ بەرنامە سیاسییەکەی داعش پەیوەندیت پێوە کردن یان لەبەرئەوە بوو کە لە شارەکەی خۆت دز و مادە هۆشبەرەکان زۆر بوو؟**
**زێن:** پێشتر پێمگوتی ئێمە هاتینە ئێرە چونکە کارەساتەکانی ئێرەمان دەبینی.
**رووداو: ئەگەر بچنە دەرەوە و سەیشێڵز رازی بێت وەرتانبگرێتەوە، ئەوە بژارەیەکە بۆ ئێوە، یان چ شتێک باشترین بژارەیە بۆ ئێوە لە دەرەوەی ئەم زیندانە؟**
**زێن:** بۆ من لەوانەیە تورکیا باشتر بێت.
**رووداو: بۆچی تورکیا؟**
**زێن:** بۆ ئەوەی بە ئاشتیانە بژین، هیچ کەس هیچمان پێ ناڵێت لەوێ. من بۆ خۆم ئەو شوێنەی کە لێی دەژیام، لەوێ زۆر مادەی هۆشبەرم بەکاردەهێنا، تێدەگەی؟ لە داهاتووی خۆم و داهاتووی منداڵەکانم دەترسم. لەبەرئەوە بۆ من باشترە بچمە تورکیا و لەوێ بمێنمەوە.
**رووداو: چۆن هاتی بۆ ئێرە.**
**زێن:** بە فڕۆکە هاتم بۆ تورکیا، چووین بۆ غازی عەنتاب، لەوێ قاچاخچییەکمان دۆزییەوە، ئێمەی برد بۆ جەرابلوس. رێگاکە زۆر مەترسیدار بوو، نزیکەی 5 — 6 سەعاتمان پێچوو.
**رووداو: ئەو گروپانەی ئێستا پێش سوپای تورکیا کەوتوون بۆ داگیرکردنی رۆژئاوا، لەوانەش سوپای نیشتیمانی سووریا، لە کاتی شەڕەکاندا هەمان دروشمەکانی داعش دەڵێنەوە. بۆچوونی تۆ لەسەر ئەو گروپانە چییە، باشترن لە ئەسەد و لە کورد؟**
**زێن:** ناتوانم هیچ شتێک لەسەر ئەوە بڵێم.
**رووداو: ئەوان دەڵێن سیستەمێکی ئیسلامی دادەمەزرێنن، تۆ پێت باشترە لە بەشار ئەسەد و ئەو سیستەمەی کورد، کە رەنگە زۆر ئیسلامی نەبێت؟**
**زێن:** هیچ شتێک نییە نیوە ئیسلامی بێت، ئەگەر هەبێت دەبێت فوول ئیسلامی بێت. وەکو ئەوە وایە کە سعودیە دەڵێ ئێمە یاسای شەریعەتمان هەیە، ئەوە شەریعە نییە.

> لە سووریا هەمووان یەکتر دەکوژن

**رووداو: لە هیچ شوێنێک بینیوتانە شەریعەت بە تەواوەتی جێبەجێ کرابێت؟**
**زێن:** بەڵێ یەکەم جار لە سووریا جێبەجێ کرا.
**رووداو: ئەگەر جێبەجێکردنی تەواوەتی شەریعەت ئەو سیستەمەی داعش بێت، لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا زۆر کەس بە دڕندانە کوژران. کەوابێت هێشتا شەریعەتتان پێ باشە، یان پێتانوایە تەنانەت شەریعەتیش دەکرێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت؟**
**زێن:** نا، ئەوە وشەی خودایە، ناکرێت دەستکاری بکەی، ناکرێت بە دەوریدا بسوڕێیتەوە.
**رووداو: باشە کەوابێت، ئەگەر کەسێک دزی کرد دەبێ دەستی ببڕینەوە؟**
**زێن:** بەڵێ.
**رووداو: کەواتە هاوڕای لەگەڵ ئەوەدا، ئەگەر ژنێکی ئێزدی هەبێت دەتوانین بیکڕین و بیفرۆشین؟**
**زێن:** ئێمە یاسای شەریعە دەزانین، بەڵام زانیاری تەواومان لەسەری نییە. بۆ نموونە دەزانم دزین دەبێت بڕێکی دیاریکراو بێت، ئەگەر تۆ ئەو قەڵەمە بدزی ناکرێت بڵێین با دەستی ببڕینەوە. بەوشێوەیە نییە. دەبێت بڕێکی زۆر بێت، بۆ نموونە با بڵێین ئۆتۆمبیلێک، لەو حاڵەتدا دەستت دەبڕدرێتەوە. چونکە ئەوە 25 تا 30 هەزار دۆلارە.
**رووداو: باشە ئەگەر من قەڵەمێک بدزم، چیم لێدەکەن؟**
**زێن:** جەلدت لێدەدەن
**رووداو: ئەگەر داعش بگەڕێتەوە پێتان خۆشە؟**
**زێن:** ناتوانم هیچ شتێک دەربارەی ئەوە بڵێم. وەکو پێمگوتی من تەنیا دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ دەریا، بگەڕێمەوە بۆ ماڵەکەمز

> کاتێک کە سەرەتا دێیت زۆر دەگریەیت، بەڵام دواتر لە گریان دەوەستی

> پێش ئەوەی بێمە سووریا مادەی هۆشبەرم زۆر بەکاردەهێنا

> دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ دەریا و جارێکی دیکە مرۆڤ نەبینم

> ئەو داعشانەی لە تورکیا بەندکراون ژیانیان خۆشە

گەڕانەوەی دووەمی داعش بۆ گۆڕەپانی شەڕ...



# 5600 چەکداری داعش گەڕاونەتەوە وڵاتەکانیان

داعش لە چوار ناوچەی سووریا خۆی ڕێکخستووەتەوە

ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر ئازادییەکی زیاتری بە داعش لە ناوچە کێشەلەسەرەکان بەخشی

داعش بەردەوام مانگانە 100 خۆبەخشی بیانی بۆ هاتووە، بەڵام قاعیدە 10 خۆبەخش

بەشی پێنجەم

ڕووداو- هەولێر

**بەگوێرەی توێژینەوەیەکی پەیمانگەی توێژینەوەی جەنگ (ISW) کە بە ناونیشانی (گەڕانەوەی دووەمی داعش) لە حوزەیرانی ئەمساڵ بڵاوکراوەتەوە، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) ئەگەرچی هیچ شار و ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراوی بەدەستەوە نەماوە، بەڵام خۆی ئامادە دەکات بۆ گەڕانەوە بۆ مەیدانی شەڕ. لێرەدا پوختەیەکی دیکەی ڕاپۆرتەکە بۆ خوێنەرانی (ڕووداو) دەخەینە ڕوو.**

## پەرینەوەی دووبارە بەرەو شەڕ لە سووریا

داعش بڕیاری دا لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات لە سووریا شەڕێکی سەخت لەدژی ئەمریکا و هەسەدە بکات، لەکاتێکدا لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی سووریا ناوچەیەکی زۆری ڕادەستی هێزەکانی ڕژێمی ئەسەد کرد. ئەو گرووپە هێزەکانی بڵاوەپێکرد تاوەکو لە چەندین ناوچەی سووریا دەست بە گورزوەشاندن بکەن. هێزی بەرەو سنوورەکانی پارێزگای ئیدلب گواستەوە بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر ڕێکخراوی قاعیدەی سووریا و لە بیابانی ناوەندی سووریا ریزەکانیان یەکخستەوە، تاوەکو لە داهاتوودا هێرش لە دژی ڕژێمی ئەسەد بکەن.

چەند مانگێک پێش ئەوەی هێرشەکانی مانگی حوزەیرانی 2017 بۆ سەر ڕەققە دەستپێبکەن، داعش سەرکردەکان، چەکدارەکان و خێزانەکانی ئەو چەکدارانەی لە ڕەققە لە باکووری سووریا دەرکێشا. ڕەنگە دەرچوونی ئەو چەکدارانە بەرەو ئەورووپا و ئەفغانستان لە ڕێگەی تورکیاوە بەردەوام بووبێ. بەو شێوەیە ژمارەیەک لە چەکدارە بە تواناکانی گەڕاندەوە وڵاتەکانی خۆیان، بۆ ئەوەی هەلومەرجی گونجاو بۆ قۆناغی دواتری هەڵمەتە جیهانییەکەیان برەخسێنن. بەگوێرەی هەندێک ڕاپۆرت، لەنێوان ساڵانی 2014 بۆ 2017 ، داعش 5600 چەکداری بۆ 33 وڵات ڕەوانە کردووەتەوە.

جیا لەمە، داعش پێش حوزەیرانی 2017، چەکدار و خێزانی چەکدارەکانی لە ڕەققەوە بۆ دۆڵی نێوەڕاستی ڕووباری فورات گواستووەتەوە. ئەو ڕێکخراوە دواتر لە تشرینی یەکەمی 2017 لە ڕێگەی دانوستاندنەوە توانی 250 چەکدار و 3500 ئەندامی خێزانەکانیان، بە کۆمەڵ لە ڕەققە بکشێنێتەوە و بیانگوازێتەوە بۆ پارێزگای دێرەزوور. دوور نییە داعش شانەی خزاندبێتە نێو 275 هەزار ئاوارە کە لەنێوان نیسان بۆ تشرینی یەکەمی 2017 لە ڕەققە ڕایانکردبوو.

هاوکات لە ڕێگەی ڕێککەوتنەوە لەگەڵ ئەسەد و لایەنگرانی، توانی ژمارەیەک چەکداری گەمارۆدراوی خۆی لە کۆمەڵێک ناوچەی ڕۆژئاوای سووریا بکێشێتەوە. لە ئەیلوولی 2017، حیزبوڵڵای لوبنان و هێزە چەکدارەکانی لوبنان ڕێگەیان بە نزیکەی 300 چەکدار و 300 کەس لە خێزانەکانی داعش دا لەسەر سنووری نێوان لوبنان و سووریاوە بەرەو پارێزگای دێرەزوور لە ڕۆژهەڵاتی سووریا بکشێنەوە. داعش لە ڕێگەی دوو ڕێککەوتنی دیکە لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد توانی هێز لە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای حەما لە نێوەڕاستی سووریاوە بەرەو سنوورەکانی پارێزگای ئیدلب بگوازێتەوە. هەروەها کۆمەڵێک شانەی بچووکتر لە باشووری پارێزگای حەلەبەوە بۆ ناوچە گوندنشینەکانی باشووری ڕەققە بگوازێتەوە.

داعش لە کۆتایی 2017دا، بەشێکی گەورە لە نێوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی سووریای ڕادەستی ئەسەد و ڕووسیا و ئێران کرد بۆ ئەوەی بتوانێ لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات بەرگرییەکی سەخت لەدژی ئەمریکا و هەسەدە بکات. لە تشرینی یەکەمی 2017، داعش بە ئەنقەست ناوچەکانی ڕادەستی هێزەکانی لایەنگری ئەسەد کرد، لەکاتێکدا سەرەتا لەو ئۆپەراسیۆنەی لە ئابی 2017ەوە دەستیپێکردبوو، بەرگری لە ناوچەکانی دەوروبەری شاری دێرەزوور دەکرد. لە کۆتایی 2017، لە ماوەی یەک مانگدا دەستی لە نزیکەی هەموو ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی لە ڕۆژئاوای ڕووباری فورات هەڵگرت، لەوانەش دێرەزوور، مەیادین و ئەلبوکەمال لەسەر سنووری سووریا و عێراق. داعش ئەو هێزانەی لەو شارانەوە گواستەوە بۆ ئەوەی ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی خۆی لە کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات بەهێز بکات. سەرەڕای ئەوەش، بەشێک لە تواناکانی خۆی هەڵگرت بۆ ئەوەی ئامادەکاری بکات بۆ ئۆپەراسیۆن لەدژی ڕژێمی ئەسەد لە داهاتوودا.

بەدەر لەوە، داعش بەردی بناخەی ناوچەیەکی نوێی پشتگیری لە بیابانی باشووری ڕۆژهەڵاتی دیمەشق دانا. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان، لە کۆتایی 2017 و بە نێوەڕاستی سووریادا مەفرەزەیەکی لە پارێزگای دێرەزوورەوە بۆ ناوچە گوندییەکانی پارێزگای دیمەشق گواستووەتەوە. ئەو چەکدارانە کۆمەڵێک ڕێگەیان بەکارهێنا لە سنووری نێوان سووریا و ئوردن، واتە بە نزیک ئەو بنکەیەدا کە ئەمریکییەکان لە خاڵی سنووریی ئەلتەنف دایانناوە.

هێزەکانی داعش لە حوزەیرانی 2017ەوە بۆ شوباتی 2018، لە چوار ناوچە خۆیان ڕێکخستووەتەوە:

**1- بیابانی ناوەندی سووریا:**

ئەم بیابانە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ڕووباری فورات. ژمارەیەک شوێنی دەرەوەی دەسەڵات و شوێنی شاخاوی لێیە کە ڕێگەی گواستنەوە و هاتوچۆ لەنێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی سووریا دەخەنە بەردەستی داعش. ئەو ناوچەیە هەروەها کۆمەڵێک تونێل و ناوچەی پیشەسازی لە نزیک کێڵگە نەوتییەکانی باشووری پارێزگای دێرەزوور لەخۆدەگرێ. ناوچەکە پێگەیەک دەبەخشێتە داعش کە دەتوانێ لەوێوە هێرش بکاتە سەر دامەزراوە نەوتییەکان و ئەو بنکە سەربازییانەی لە ناوەند و ڕۆژهەڵاتی سووریا لەژێر دەستی ڕژێمی ئەسەدن.

**2- پارێزگای ئیدلب:**

داعش لە قەراخەکانی پارێزگای ئیدلب لە باکووری سووریا، کە قاعیدە تێیدا باڵادەستە، ناوچەیەکی پشتگیری لە ناوچە گوندییەکان دروستکردووە. ئەو ناوچەیە ڕێگە بۆ داعش خۆشدەکات هێڵی هاوکارییەکانی ڕژێمی ئەسەد بۆ شاری حەلەب بپچڕێنێ و پێگەیەکیش بە داعش دەبەخشێ کە دەتوانێ لێیەوە کاری گواستنەوە و هاتوچۆ بۆ تورکیا و بیابانی ناوەندی سووریا بکات. ڕێی تێدەچێت داعش چەکدارانی خۆی خزاندبێتە نێو ئەو ئاوارانەی لە پارێزگای ئیدلب نیشتەجێن.

داعش ناوچەکانی نێوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی سووریای ڕادەستی ئەسەد کرد تا بتوانێ شەڕی هەسەدە بکات

**3- پارێزگاکانی حەلەب و ڕەققە لە باکوور:**

ئەگەری ئەوە هەیە چەکدارانی داعش لەگەڵ ئەو ئاوارانە کەوتبن کە لە شاری ڕەققەوە بەرەو کەمپەکانی ئاوارەکان لە پارێزگاکانی حەلەب و ڕەققە لە باکووری سووریا ڕایانکرد. لەوانەیە ئەو شانانە ئامادەکاری بکەن بۆ دانانی بناغەی تۆڕێک کە لە داهاتوودا لە هێرشەکانی لە باکووری سووریا کەڵکیان لێوەردەگرێت. بوونی داعش لەو ناوچانە وادەکات ئەو ڕێکخراوە بتوانێ هێرش بکاتە سەر ناوچەکانی پارێزگای ئیدلب کە قاعیدە تێیدا باڵادەستە. هەسەدە داعشە دەستبەسەرکراوەکانی بۆ گرتووخانەکانی عەین عیسا و کۆبانێ (لە باکووری سووریا) گواستووەتەوە.

**4- باشووری ڕۆژهەڵاتی دیمەشق:**

تۆڕی تونێل و ئەشکەوتە سروشتییەکانی ناوچەی بورکاناویی ئەلسەفا بوون بە حەشارگەیەک بۆ داعش. هەر لەو ناوچەیەدا کەمپی ئاوارەکانی ڕوکبان لەسەر سنووری سووریا و ئوردنیش هەیە. ئەم زۆنی پشتگیرییە وادەکات داعش بتوانێ دزە بکاتە نێو خاکی ئوردن و هەڵکوتێتە سەر هێزەکانی ئەمریکا لە ئەلتەنەف. ئەو ناوچەیە دەرفەتی هەڵگیرساندنی هێرش لەدژی هێزەکانی لایەنگری ئەسەد لە باشووری سووریا دەداتە داعش.

## هاوپەیمانان فۆکەسیان لەسەر عێراق نەماوە

لە پاش گرتنەوەی مووسڵ و ڕەققە، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا کۆمەڵێک بەیاننامەی بڵاوکردەوە کە تێیاندا باس لە ئاستێک لەسەر سەرکەوتن دەکرا، ئەو بەیاننامانە لەگەڵ هەوڵەکانی قۆناغی ڕاگوزەری داعش بەرەو گورزوەشاندن لە عێراق و سووریا یەکیان نەدەگرتەوە. لە تشرینی یەکەمی 2017، مولازم پۆڵ فانک، فەرماندەی ئەوکاتی هێزەکانی ئەمریکا لە هاوپەیمانان، ڕایگەیاند کە خۆبەدەستەوەدانی داعش نیشانەی ئەوەیە "ئەوان خەریکە کۆڵدەدەن و سەرکردەکانیان پشتگوێیان دەخەن". جەیمز مەتیس، وەزیری ئەوکاتی بەرگریی ئەمریکاش ڕایگەیاندبوو "خەلافەت دەستی بە هەڵاتن کردووە، ئێمە خەریکین تێکیاندەشکێنین". ئەم ڕاگەیێندراوانە، هەرچەندە کۆمەڵێک گوتاری ڕەوانبێژانە بوون، هەستێکی نابەجێیان دروستکرد کە سەرکەوتن بەسەر داعشدا مسۆگەر کراوە.

ئەمریکا دواتر بەرەبەرە پەی بە هەڵەکەی خۆی برد. کریستیەن نیلسن، وەزیری ئەوکاتی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا، لە شوباتی 2018 ڕایگەیاند کە چەکدارانی داعش لە سووریا "خەریکن دەبنە چەکداری ژێرزەوینی، لەسەر ئینتەرنێت ئامادەگییەکی بەربڵاویان هەیە و خەریکن دەگەڕێنەوە وڵاتەکانی خۆیان". لە ئاداری 2019 جۆزێف ڤۆتێل، فەرماندەی پێشووی فەرماندەیی ناوەندیی ئەمریکا لەبەردەم کۆنگرێسدا ڕایگەیاند: "داعش بە حیساباتەوە بڕیاریداوە سەلامەتی و توانای خێزانەکانی بپارێزێت، ئەوەش لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی چانسی ئەوان لە کەمپی ئاوارەکان، هەروەها بووەتە هێزێکی ژێرزەوینی لە ناوچە دوورەدەستەکان و چاوڕێی کاتی گونجاو دەکات بۆ ئەوەی دەست بە چالاکی بکاتەوە".

هاوکات حکومەتی عێراقیش لەدوای گرتنەوەی مووسڵ، فۆکەسی خۆی خستەوە سەر سیاسەتی نێوخۆیی. لە ئەیلوولی 2017 حکومەتی هەرێمی کوردستان گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کرد و هۆشدارییەکانی ئەمریکا و بەغدای پشتگوێخست. لە تشرینی یەکەمی 2017 حکومەتی عێراق بە گرتنی کەرکووک و بەشێک لە ناوچە کێشەلەسەرەکان وەڵامی دایەوە. ئەو قەیرانە هاوئاهەنگییەکانی نێوان پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکانی عێراقی پچڕاند و لە ئاکامدا بۆشایی ئەمنی دروستکرد، ئەوەش ئازادییەکی زیاتری بە جموجۆڵی داعش بەخشی. لەلایەکی دیکەوە، ئەو دۆخە وای دەخواست ئەمریکا هەوڵە دیپلۆماسییەکانی تەرخان بکات بۆ کەمکردنەوەی ریسکی پێکدادانی زیاتر لەنێوان هەولێر و بەغدا، ئەمەش وایکرد بەشێک لە فۆکەسی ئەمریکا لەسەر تەحەداکانی پەیوەست بە گەڕاندنەوەی سەقامگیری لە قۆناغی دوای داعش نەمێنێ.

هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ئایاری 2018 هێندەی دیکە سەرنجەکانی لەسەر شەڕی دژی داعش دوورخستەوە. لە ڕۆژی نۆی کانوونی یەکەمی 2017 و پاش کۆنترۆڵکردنەوەی دوایین شاری ژێر دەسەڵاتی داعش لە پارێزگای ئەنبار، حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی عێراق، کۆتایی داعشی لە عێراق ڕاگەیاند. ئەو ڕاگەیێندراوە هاوکات بوو لەگەڵ کۆتایی ئەلەوییەت بەخشین بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و دەستپێکردنی ستراتیژی هەڵبژاردنی عەبادی کە تێیدا سەرکەوتنی بەسەر داعشدا دەقۆستەوە. مانۆڕە سیاسییەکان سەبارەت بە هەڵبژاردن بەشێوەیەکی جدی لە کانوونی دووەمی 2018ەوە دەستیپێکرد. سەرئەنجام هەڵبژاردنەکە بنبەستێکی لێکەوتەوە کە هێندەی دیکە سەرنجە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی لەسەر داعش لادا. ناسەقامگیریی دۆخی بەسرە و باشووری عێراق لە نێوەڕاستی 2018 ئەو کێشەیەی زیاتر کرد و هێزە سەربازییەکانی پەلکێشی باشوور کرد، واتە لە ئەرکی گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ ناوچە تازە ئازادکراوەکان دووری خستنەوە. ئەم تەحەدایانە ڕێگرییان کرد لەوەی عێراق و لە ئاستە بەرفراوانەکەشیدا ئەمریکا لەکاتی شێوەگرتنی قۆناغی داهاتووی دەستوەشاندنی داعشدا بەربەستی بۆ دروستبکەن.

## پێویستییەکانی داعش بۆ خۆبنیاتنانەوە

داعش بۆ بنیاتنانەوەی هێزێکی گورزوەشێن، پێویستی بە هەوڵێکی کەمترە لەچاو ئەو هەوڵانەی کە قاعیدە لەدوای 2011 پێویستی بوون. ئەبوو حەسەن ئەلموهاجیر، گوتەبێژی داعش، لە نیسانی 2018 ئاماژەی بەو ڕاستییە کرد کاتێک پرسی "باسی کام سەرکەوتن دەکەی ئەی ئەمریکا، لەکاتێکدا هەلومەرجی ئێستای موجاهیدین زۆر باشترە لەچاو ئەو هەلومەرجەی لە دوای ڕاکردنی چەندین ساڵ لەمەوبەری ئێوە لەئارادا بوو". وەک لە سەرەوە باسکرا، هەلومەرجە سیاسییەکان لە قازانجی داعش بوون و داعشیش هێزێکی زۆری بەدەستەوە مابوو. ئاژانسی هەواڵگریی سەربازیی ئەمریکا مەزندە دەکات داعش لە تەمموزی 2018دا، بەگشتی 30 هەزار چەکداری بەدەستەوە مابێ. ئەو ژمارەیە لە هەڵسەنگاندنەکانی 2014ی CIA دا لایەنی زۆری ژمارەی هێزەکانی داعش بوو. جیا لەوە داعش بەشێوەیەکی بەردەوام، مانگانە 50 بۆ 100 چەکداری بیانی بۆ دەهاتن. لەبەرامبەردا، ڕێکخراوی قاعیدە لەکاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی 2011، نزیکەی 700 چەکداری هەبوو، مانگانەش کەمتر لە 10 چەکداری بیانی ڕوویان تێدەکرد. بە پێچەوانەی قاعیدە، بەشی زۆری سەرکردە باڵاکانی داعش ماون. ڕاستە ئەمریکا ژمارەیەکی زۆر سەرکردەی پلەبەرزی داعشی لەنێوبردووە، بەڵام ئەو هەڵمەتە بە هیچ شێوەیەک لەڕووی ڕێژە و ئاستەوە هێندەی ئەو هەڵمەتە نییە کە لە دژی قاعیدە کرا.

بنیاتنانەوەی هێز پێویستی بە ژێرخانێکی زۆر کەمترە لە دروستکردنی سوپایەکی تیرۆریستی. داعش تەنیا پێویستی بە بنیاتنانەوەی هەندێک لە ناوەندەکانی فەرماندەیی و چاودێری، دەزگای میدیایی و ئیمکانیاتی بەرزی تەقینەوە هەبوو، بۆ ئەوەی هێزە پەرشوبڵاوەکانی لە چوارچێوەی هێزێکی گورزوەشێندا ڕێکبخاتەوە و ئاراستەیان بکات. ڕاستە داعش پێویستی بە پارە و چەکیش بوو، بەڵام ئەو ڕێکخراوە بەپێی پێویست سەرچاوەی دارایی و تەقەمەنی هەڵگرتبوو کە بەشی ئەوە ببێ دەست بە چالاکی بکات. داعش بەلانیکەم 400 ملیۆن دۆلاری بە قاچاخ لە عێراق و سووریا دەرکردووە، پارە و چەک و پێداویستی دیکەی حەشاردراوی لە تۆڕی تونێلەکان و ژێرزەمینەکانی دیکە شاردووەتەوە، تاوەکو لە داهاتوودا بەکاریانبێنێ.

لەلایەکی دیکەوە، داعش کۆمەڵێک توانای بەرزی بەدەستەوەن کە ئەلقاعیدە هەرگیز نەیبوون، هەر ئەوەش وایکردووە داعش بتوانێ بەخێرایی بگۆڕێ بۆ هێزێکی گورزوەشێن. داعش بێ پسانەوە تۆڕێکی دارایی جیهانی هەڵدەسووڕاند کە بنکەکانی لە عێراق بوون و لقەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە بۆ ئەفریقا و ئەورووپا پەلیان هاویشتبوو. ئەم ژێرخانە تۆڕی "ڕاوی" لەخۆدەگرت کە تاوەکو بڵێی سەرکەوتوو بوو، ئەو تۆڕە تاوەکو ساڵی 2018 "دەیان ملیۆن" دۆلار وەبەرهێنانی لە کەرتی خانووبەرە، شۆردنی ئۆتۆمبێل و بازرگانییە مەشرووعەکانی دیکە لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەبوو. جیا لەوانە، تۆڕی جیهانی ویلایەتەکانی داعش بەرەبەرە داهاتی بۆ ئەو ڕێکخراوە لە عێراق و سووریا دابین دەکرد.

داعش کۆمەڵێک هێزی تێکەڵاوی مانۆڕدان و ئیمکانیاتی پێشکەوتووی وەک فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (درۆن)ی بەدەستەوە مابوون. ئەمریکا و هاوبەشەکانی بەردەوامبوون لە هەوڵەکانیان بۆ پەلوپۆکردنی ئەو توانا بەرزانەی، بەڵام لەنێویان نەبردن. داعش بەردەوام ئەو توانایانەی لە دژی ئەو هێزانە بەکاردەهێنا کە ئەمریکا پشتگیری نەدەکردن، لەوانەش حەشدی شەعبیی عێراق و هێزەکانی لایەنگری ئەسەد و قاعیدە. ئەم تواناییانە وایانکرد داعش بتوانێ هێرشی کاریگەر لەدژی نەیارەکانی بکات و بە بەراورد لەگەڵ هەڵمەتەکانی قاعیدە خێراتر نەیارەکانی خۆی لاواز بکات.

دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا:
داعش 30 هەزار چەکداری بەدەستەوە ماوە

فەرماندەی پێشووی فەرماندەیی ناوەندیی ئەمریکا:
داعش بووەتە هێزێکی پەنهان و چاوڕێی کاتی گونجاو دەکات بۆ دەستوەشاندن

داعش لانیکەم 400 ملیۆن دۆلاری بە قاچاخ لە عێراق و سووریا دەرکردووە

### بەراوردی نێوان خۆبنیاتنانەوەی قاعیدە (دیسەمبەری 2011) و داعش (ئاداری 2017)

| توانا | کەرستەی گورزوەشاندن | قاعیدە دیسەمبەری 2011 | داعش ئاداری 2017 |
|---|---|---|---|
| ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو | پێویستە | لاواز کراوە | لاواز کراوە |
| سەرکردایەتی | پێویستە | لاواز کراوە | ماون |
| فەرماندەیی و چاودێری | پێویستە | لەناوبردراوە | لاوازکراوە |
| چەک و تەقەمەنی | پێویستە | لەناوبردراوە | ماون |
| پێگەکانی مەشق | پێویستە | لەناوبردراوە | لاوازکراوە |
| چەکدار | پێویستە | نزیک 700 | نزیک 30 هەزار |
| وەرگرتنی بیانی | پێویست نییە | مانگانە کەمتر لە 10 چەکدار | مانگانە 50- 100 چەکدار |
| هێزی فرەجۆر | پێویست نییە | لەناوبردراوە | کێشەی تێکەوتووە |
| دەزگای میدیایی | پێویستە | لاوازکراوە | لاوازکراوە |
| یەدەگی پارە | پێویستە | نازانرێ | 400 ملیۆن دۆلار |

رووداو
ژمارە (575) - دووشەممە 2019/10/21

### عومەر شێخمووس، سیاسەتوانی کوردی رۆژئاوای کوردستان بۆ (رووداو):

# لە یەکەم رۆژەوە پێشنیازم بۆ بەرپرسانی رۆژئاڤا کرد لەگەڵ سووریا رێکبکەون


(فۆتۆ: رووداو)

خەڵکی رۆژئاوای کوردستانە و یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان بووە، تاوەکو ساڵی 1986یش کاری لەگەڵ کردوون، بەڵام دەڵێت لەبەر چەند هۆکارێک وازی لێهێنان، لەوانەش گەندەڵی و راوەڕووت و لەسێدارەدانی خەڵک بەبێ دادگایی.

عومەر شێخمووس کە ئێستا لە سوێد دادەنیشێ، لەبارەی رەوشی رۆژئاڤای کوردستان قسە بۆ (رووداو) دەکات و دەڵێت لە کاتی شەڕی عەفرین و هێرشەکەی ئەمدواییە بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان، پێشنیازی بۆ بەرپرسانی ئیدارەی خۆسەر کردووە لەگەڵ بەشار ئەسەد و رووسیا رێکبکەون، بەڵام لەبەر ئەمریکا نەیانکردووە. شێخمووس پێیوایە ئیدارەی خۆسەر لە رۆژئاوای کوردستان نامێنێ و کورد دەبێ بە هاوبەشی لەگەڵ رژێمی سووریا ناوچەکانی بەڕێوەببات.

**هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین**
**رووداو- سلێمانی**

**رووداو: ئێوە خەڵکی رۆژئاوای کوردستانن، لە یادەوەرییەکانتدا وەکو مامۆستای خۆت سەیری نوورەدین زازا و عوسمان سەبری و حەمید دەروێش دەکەی. ئەوانەش سیاسەتوانی دیار بوون لە رۆژئاوای کوردستان. ئەوانە بەڕاستی سیاسەتوان بوون، یان رۆشنبیر بوون و چووبوونە ناو سیاسەتەوە؟**

**عومەر شێخمووس:** دەتوانم بڵێم هەردوو لایەنی تێدابوو. مامۆستا عوسمان سەبری نووسەر و شاعیر بوو. کاک حەمید دەروێش خوێندکاری زانکۆ بوو، نوورەدین زازا هەندێک کاری سیاسی کردبوو، بەڵام وەکو ئەرکێک بۆ خۆی داینەنابوو کاری سیاسی بکات.

**رووداو: کوردی رۆژئاوا لە ساڵی 1957 یەکەم پارتی سیاسی خۆیان بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا دادەمەزرێنن، بەڵام دواتر ناوی کوردستانی لێدەکەنەوە، ئەوە لەبەر ئەوە بوو کە پێیانوابوو لەوێ کوردستان نییە، یان زیندان وای لێکردن؟**

**عومەر شێخمووس:** من یەکێک لە زیندانییەکان بووم، گفتوگۆیەکی زۆر فراوان لە نێوانماندا هەبوو کە ئێمە دوو دروشممان هەڵبژاردووە و بارێکی گران بوو بۆ ئێمە. یەکێکیان ئەوە بوو کە کوردستانی سووریا بەشێکە لە کوردستانی گەورە. دووەم داوای رووخانی رژێممان کردبوو. ئەوکاتە سووریا و میسر یەک بوون. لە زیندان گفتوگۆیەکی زۆر هەبوو کە هەق نەبوو ئێمە ئەو دوو دروشمە بەرز بکەینەوە. لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانە بڕیارمان دا ناوەکەی بگۆڕین بۆ پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا. بەڵام بەشێوەی فەرمی هەتا کۆنگرەی دووەم لە ساڵی 1965 ناوەکە نەگۆڕا.

**رووداو: لە مێژووی پارتی کوردیدا زۆرترین جیابوونەوە لە نێو پارتە کوردییەکانی رۆژئاوای کوردستان روویداوە، ئەمە بەهۆی جیاوازیی فیکرییە، شێوەی خەباتکردنە، یان حکومەتی سووریا رۆڵی لە پارچە پارچەکردنی حیزبە کوردییەکاندا هەبووە؟**

**عومەر شێخمووس:** چەندین فاکتەر هەن. پارتی لە ساڵی 1965 بوو بە دوو حیزب. لە 1970 پەنایان بۆ سەرکردایەتی شۆڕش لە باشوور هێنا. مەلا مستەفا بارزانی نێوبژیوانی کردن. سەرۆکایەتییەکی کاتییان بۆ کۆنگرەی یەکگرتوو دانا، بە حیساب یەک بگرنەوە، بەڵام لە جیاتی یەکگرتنەوە، بوون بە سێ پارتی. ئیدی شیرازەکە پچڕا. لەو سێ حیزبە حیزبی دیکە دروست بوون، ئێستا 32 حیزب و رێکخراو لە رۆژئاوا هەن. بەڵام بۆ هۆکارەکان ناکۆکی شەخسی و

> ئەوەی پەکەکە داوای دەکات (نەتەوەی دیموکراتیک) لە رووی زانستییەوە هەڵەیە

فیکری رۆڵی خۆیان دەبینی، دەزگا موخابەراتییەکانی سووریاش رۆڵێکی باڵایان هەبووە لە بەهێزکردنی ئەو ناکۆکیانە، بە تایبەتی رژێمی ئەسەد زۆر بە شێوەیەکی بەرفراوان ئیشی لەسەر ئەوە کردووە کە ناکۆکی و ئینشیقاق لە نێو حیزبەکانی رۆژئاوا هەبێ. بۆ ئەوەی هێزێکی یەکگرتوو دروست نەبێ و نەبنە ئۆپۆزیسیۆنێکی کاریگەر لە سووریا.

**رووداو: لە ساڵی 1966 تاوەکو 1970 وازت لە کاری سیاسی هێنا. ئەوە قەناعەتی خۆت بوو یان ناڕەزایەتی بوو؟**

**عومەر شێخمووس:** من لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندام و کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە رێکخستنەکانی دەرەوە کارمان دەکرد. ئێمە بۆچوونێکی چەپمان هەبوو. رەخنەمان لە سەرۆکایەتی شۆڕش و پارتیش دەگرت. بە تایبەتی مەلا مستەفا. ئێمە دژی ئەوە بووین پەیوەندیمان لەگەڵ رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان هەبێ. بۆیە کە ئەوان دەستیان بە هاوکاری لەگەڵ رژێمی عێراق کرد، من دەستم لەکار کێشایەوە.

**رووداو: تۆ بێلایەن بووی یان سەر بە مەلاییەکان بووی؟**

**عومەر شێخمووس:** نەخێر قەت نەبووم بە مەلایی، باوەڕم بە مەلایی و جەلالی نەبوو. مەسەلەکەی من زیاتر فیکری بوو، خۆم بە هیچ کەسێکەوە نەدەبەستەوە.

**رووداو: بۆچوونت چی بوو لەسەر رێککەوتنامەی 11ی ئادار لە نێوان شۆڕش و رژێمی عێراق؟**

**عومەر شێخمووس:** سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ گەلی کورد، بەڵام من ئەو کاتەش بیروبۆچوونی زۆر چەپم هەبوو، زۆر یارمەتی کوردی ئێران و تورکیام دەدا.

**رووداو: هیچ کاتێک بووە لایەنە سیاسییەکان یان کەسایەتییە سیاسییەکان هەوڵی دیالۆگ لەگەڵ رژێمی ئەسەد بدەن، بۆ ئەوەی مافەکانی کورد بە دەست بێن، هەر هیچ نەبێ مافە کولتوورییەکان؟**

> ئیدارەی خۆسەری لە رۆژئاڤا نامێنێ

**عومەر شێخمووس:** ئەوەی من بزانم هیچ رۆژێک وەفدێکی فەرمی بەناوی بزووتنەوەی کوردی نەچووە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ رژێم. ئەوەی بووە، جاروبار داوایان کردووە وەفدێکی شەعبی وەکو نوێنەرانی ناوچەکە یان سەرۆک عەشیرەتەکان بچن داخوازییەکانی خۆیان پێشکەش بکەن، هەندێک لەو داخوازییانە گەڕانەوەی جنسییە بووە، رێگەدان بە خوێندنی کوردی بووە.

**رووداو: ئەگەر باسی دیبلۆماسییەتی کوردی بکەین. بەڕاستی کورد لە ساڵانی شەستەکان و دواتر شتێکی هەبووە بە ناوی دیبلۆماسی؟**

**عومەر شێخمووس:** ئێمە هیچ کەسێکمان کاری دیبلۆماسیمان نەکردووە و نەخوێندووە، هەموومان بە زۆر بووین بە دیبلۆمات. نوێنەری شۆڕش یان نوێنەری حیزب. ئێمە لە کاردا فێری دیبلۆماسییەت بووین، بۆیە کەموکوڕیی زۆر بوو. جاری وا هەبووە سەرکەوتوو بووین و جاری واش هەبووە هیچمان بەدەست نەهێناوە. بەڵام زۆربەی نوێنەرانی حیزب و شۆڕش دیبلۆماتی پرۆفیشناڵ نەبوون.

**رووداو: شام چ گرنگییەکی هەبووە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، بۆ نموونە حیزبێکی وەکو یەکێتی لە شام دروست بووە؟**

**عومەر شێخمووس:** شام لە پەنجاکاندا حکومەتێکی نیمچە دیموکراتی هەبوو. پێش ئەوەی بەعسییەکان بێنە سەر حوکم، بەرەیەکی پێشکەوتنخواز حوکمی دەکرد. ژمارەیەک تێکۆشەری کوردستانی ئێران وەکو مامۆستا هەژار و عەبدولڕەحمان زەبیحی لەوێ دەژیان. بەدرخانییەکان لە بیستەکان لەوێ بوون و رۆڵیان لە نێو پارتی خۆیبوون و چاپەمەنیی کوردیدا هەبوو. شام بووە مەڵبەندێکی جموجۆڵی سیاسی و فەرهەنگیی کوردی. دواتر ژمارەیەک کوردی عێراق وەکو مام جەلال و مامۆستا جەمال نەبەز و کاک کەمال فوئاد و د.عیزەددین مستەفا رەسوڵ ماوەیەک لەوێ پەنابەر بوون. بۆیە پەیوەندی لە نێوانیان پەیدا بوو. بوون بە هاندەری دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا.

**رووداو: تۆ چەپێکی تا رادەیەک توندڕەو بووی، چۆن بوو بەشداریت لە دامەزراندنی یەکێتیدا کرد، ئایا داوایان لێکردی، یان بە رێکەوت بوو؟**

**عومەر شێخمووس:** راستە چەپێکی توندڕەو بووم، بەڵام چەپێکی کوردستانیی توندڕەو بووم. کاتێک شۆڕشی ئەیلوول شکستی هێنا، نائومێدییەکی زۆر هەموو کوردستانی گرتەوە، بە پێویستمان زانی بزووتنەوەیەک بە رەنگ و شێوەیەکی دیکە دابمەزرێنین. بۆ ئەوەی ئەو ئومێدە جارێکی دیکە بۆ نێو خەڵک بگەڕێتەوە.

**رووداو: ئەی کێ ناوەکەی دانا؟**

**عومەر شێخمووس:** پێشنیازی مام جەلال بوو.

رووداو: تۆ خۆت لەسەر کۆمەڵە حیساب بووی؟

عومەر شێخمووس: نەخێر، من دەمویست بچمە نێو کۆمەڵە، بەڵام کە هەندێک نوێنەری کۆمەڵەم بینی، بۆم دەرکەوت ناو و ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ یەک نەدەگونجا.

**رووداو: ئەوکات لەنێو کۆمەڵە و یەکێتیش دوو رەوت هەبوون، عێراقچی و کوردستانی، تۆ لەگەڵ کامەیان بووی؟**

**عومەر شێخمووس:** من هەموو کات لەگەڵ کوردستانییەکە بووم.

**رووداو: بۆچی وازت لە یەکێتی هێنا؟**

> چەپێکی کوردستانیی توندڕەو بووم

**عومەر شێخمووس:** چەند هۆیەک هەبوو، یەکێکیان من لە کاتێکدا هاتم بۆ نێو یەکێتی بۆ ئەوەی یارمەتی تێکۆشەرانی کوردستانی عێراق بدەم پاش شکستی شۆڕشی ئەیلوول. بۆ چەندین ساڵ یارمەتیم دان. ساڵی 1986 گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە پێویستیان بە یارمەتی من نەماوە. لایەنی دووەم هەندێک دیاردەم لە نێو شۆڕشەکە بینی بە دڵم نەبوو. وەکو گەندەڵی و راوەڕووت و لەسێدارەدانی خەڵک بەبێ دادگایی، ئەوانەم قبوڵ نەبوو. بەڵام فاکتەری سەرەکی وازهێنانم لە یەکێتی مەسەلەی سەرنەکەوتنی گواستنەوەی هەندێک پارە بوو لە بانکێکی عێراقییەوە بۆ سەر ناوی کۆمپانیایەک لە لەندەن، جۆرێک لێکنەگەیشتن لە نێوان ئێمە لە دەرەوە و برادەران لە ناوەوە پەیدابوو. پارەکەمان لەدەست چوو. بەرپرسیارێتیی کارەکە خرایە سەر من. منیش بەرپرسیارێتییەکەم قبوڵ کرد و وازم هێنا.

**رووداو: بەڵام تۆ ساڵی 1979 دەستت لە کارکێشایەوە، کەچی جەمال ئاغا ریسەکەت لێ دەکاتەوە بە خوری، ئەمە چۆن بوو؟**

**عومەر شێخمووس:** ئێمە هێزەکانمان کۆکردبووەوە، چاوەڕێمان دەکرد هێرشێکی گەورەمان بکرێتە سەر. مام ئەحمەد دادی و محەممەد سیاسی و دلێری سەید مەجیدم ناردن بۆ ئەوەی بچن لە ئێران ئازووقە بۆ هێزەکانمان بهێنن. مام ئەحمەد و کاک محەممەد ئیشەکەی خۆیان جێبەجێ کرد، بەڵام دلێری سەید مەجید چوو بۆ تاران ماوەیەکی زۆری پێچوو. کە گەڕایەوە زۆر لێی تووڕە بووم. هەندێک لە برادەران بەرگرییان لێکرد. منیش لەوە تووڕە بووم و ئیستیقالەم دا. کاک نەوشیروان و ملازم عومەر زۆر هەوڵیان دا بێسوود بوو، پاشان کاک حەمەی حاجی مەحموودیان راسپارد قسەم لەگەڵ بکات، چونکە دەیانزانی زۆر هاوڕێمە، بەڵام ئەوەش سوودی نەبوو. رۆژێکیان لە خوار بارەگای یەکێتی لە زەڵێ پیاسەم دەکرد، کاک نەوشیروان گوتی با کاک جەمال ئاغای بۆ بنێرین. کە هاتە لام زۆر تووڕە بووم. گوتم هەمووی لە سەگ و سەگبابی خۆمە، ئەگەرنا من مامۆستام لە سوێد و کوردی رۆژئاوام و ئیشم چییە لێرە! جەمال ئاغا گوتی: بۆ تازە زانیوتە سەگ و سەگبابی! کە ئەو قسەیەی کرد ئیدی نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەم دڕاند.

> ویستم ببمە کۆمەڵە، بەڵام کە هەندێک نوێنەری کۆمەڵەم بینی، زانیم ناو و ناوەڕۆکەکەی یەک نییە

**رووداو: ئەو کێشەیەی ئێستا لە رۆژئاوای کوردستان هەیە، کێشەکە مەسەلەی کوردە لە نێوان تورکیا و سووریا کە هەر یەکێکیان دەیەوێ بە شێوەیەک سوودی لێ وەربگرێ، یان شتی جەوهەری هەیە؟**

**عومەر شێخمووس:** شتە جەوهەرییەکە لەوەدایە زۆر کەس وای دەزانی رژێمی بەشار ئەسەد دەڕووخێ، بەڵام ئەوە نەکرا چونکە رووسەکان و ئێرانییەکان پشتگیرییان لە ئەسەد کرد، هەروەها ئەوانەی رۆڵی باڵایان دەگێڕا بۆ رووخاندنی رژێم لە سووریا کاتی خۆی ئەمریکییەکان و تورکیا و سعودیە و قەتەر بوون. ئەوەش کێشەی سووریای لە ناکۆکییەکی ناوخۆییەوە کرد بە ناکۆکییەکی هەرێمی. جیا لەمەش ناکۆکییەکی گەورە لە نێوان رووسەکان و ئەمریکییەکان پەیدا بوو. پاش رووخانی لیبیا، چینییەکان و رووسەکان گوتیان قەت رێگە نادەین وڵاتانی رۆژئاوا بە ئارەزووی خۆیان رژێمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕن. ئەمە لایەنێک بوو، لایەنی دووەم ئەوەیە کە تورکیا زۆر لەوە دەترسێ کیانێکی کوردی لە رۆژئاوا دروست ببێ. چونکە ئەوەی کوردستانی باشووری بە دڵ نەبوو، بە مەترسییەکی گەورەی دەزانێ لەسەر خۆی. بەڵام کە بوو بە ئەمری واقیع و سەدام رووخا، قازانجێکی زۆری لێ بینی، چونکە پەیوەندییەکی بەهێزی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە. پەیوەندی سیاسی و دیبلۆماسیشی هەیە، بەڵام لە بنەڕەتەوە بەدڵی نییە ئەو کیانە بمێنێ. بۆیە دەیەوێ رێگە لە دروستبوونی کیانێکی هاوشێوە لە رۆژئاوای کوردستان بگرێ، چونکە ترسی هەیە لە ئایندەدا کوردی باکووریش داوای هەمان ماف بکەن.

> هەوڵ هەیە بۆ لێکنزیکبوونەوەی حیزبەکانی رۆژئاوا، بەڵام قەت لێکنزیک نابنەوە

**رووداو: ئەی فاکتەری پەکەکە چییە لەو مەسەلەیەدا؟**

**عومەر شێخمووس:** بێگومان کاتێک پەکەکە لە ساڵی 1984 دەستی بە شەڕی چەکداری کرد، مەترسییەکی گەورە لە تورکیا دروست بوو، تورکیا لەو کاتەوە هەوڵی لەناوبردنی داوە، بەڵام نەیتوانیوە. چونکە ئەو داوای مافی گەلی کورد دەکات، بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی ئاشتیانە مامەڵەی لەگەڵ بکات. بۆ ماوەیەک کردیشی، بەداخەوە لە سەردەمی تورگوت ئۆزاڵ و ئەردۆغان پرۆسەکە بەباشی بەڕێوەچوو، بەڵام لە پڕێکدا راوەستا.

**رووداو: پرۆسەی ئاشتی بۆچی وەستا؟**

**عومەر شێخمووس:** بەگوێرەی ئەوانەی کە دۆستی ئەردۆغان بوون و وازیان لێهێناوە، وەکو داودئۆغلۆ، عەلی باباجان، ئەوانە باس لەوە دەکەن کە ئەردۆغان دەیویست دەستوور بگۆڕێ. دەسەڵاتی سەرۆکایەتی زۆر بەهێزتر بکات، سیستەمی حوکمڕانی لە تورکیا بگۆڕێ، کە هەدەپە توانی 13%ی دەنگەکان بهێنێ، ئیدی زانی کارەکەی بۆ ناچێتە سەر، ناچار بوو هاوپەیمانی لەگەڵ هێزی ناسیۆنالیستی میللی وەکو مەهەپە بکات. ئێستا قسەیەک هەیە داود ئۆغڵو دەڵێت ئەو رووداوانەی کە بوونە هۆی دەستپێکردنەوەی شەڕ و سەرنەکەوتنی پرۆسەی ئاشتی، ئەردۆغانی لەپشت بوو.

**رووداو: کەواتە ئەو دوو پۆلیسەی لە تورکیا کوژران، دەستی پەکەکە نەبوو؟**

> قەت نەبووم بە مەلایی

**عومەر شێخمووس:** بەڵێ.

**رووداو: بەڵام بۆچی پەکەکە ئەوەی رەتنەکردەوە؟**

**عومەر شێخمووس:** برادەرانی پەکەکە دیارە وایان پێ باشە، دونیا وا تێبگات کە بزووتنەوەیەکی بەهێزن. دەتوانن زۆر شت بکەن، ئەو پڕوپاگەندەیە ئەگەر نێگەتیڤیش بێ بە باشی دەزانن.

**رووداو: پەکەکە بۆ هەر پارچەیەکی کوردستان حیزبێکی دروست کرد، بەڵام لە دروستکردنی پەیەدەدا ناوی کوردستان نەما، ئایا ئەوە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی ئەلپارتی بوو لە شەستەکان؟**

**عومەر شێخمووس:** پەکەکە پاش دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ناوی کوردستانی لە هەموو حیزب و ئۆرگانەکانی خۆی لابرد. تەنیا لە ناوی کەجەکەدا نەبێ. بۆیە پەیەدەش بە هەمانشێوە ناوی کوردی پێوە نەبوو. ئەوان دەڵێن ئێمە ئێستا بۆچوونێکی ئایدیۆلۆژیمان هەیە، تەنیا بەشێوەیەکی ناسیۆنالیستی بیر ناکەینەوە، دوای شتێک کەوتوون پێیدەڵێن نەتەوەی دیموکراتیک کە لەڕووی زانستی و تیۆرییەوە راست نییە. بەڵام ئاپۆ فۆرمۆلێکی وای دۆزیوەتەوە کە دەڵێت ئێمە دەتوانین برایەتی لە نێوان گەلانی میزۆپۆتامیا دروست بکەین، بۆیە پێویستمان بە دەوڵەتی نەتەوەیی نەماوە.

**رووداو: ئەو شەڕەی ئێستا لە دژی رۆژئاوا هەیە، هەڵەی ستراتیژی کوردە، یەکنەگرتنی کوردە، یان فاکتەرە دەرەکییەکان ئەوەندە بەهێزن کە کورد ناتوانێ هەزمیان بکات؟**

> لەبەر گەندەڵی و راوەڕووت و لەسێدارەدانی خەڵک بەبێ دادگایی وازم لە یەکێتی هێنا

**عومەر شێخمووس:** فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بەیەکەوە بەستراون، بەڵام لە راستیدا لێپرسراوێتی هەرە گەورە لەسەر شانی بزووتنەوەی کوردییە، کە زۆرجار تووشی کارەسات بووین، پەندمان لێوەرنەگرتووە. هەمان هەڵەمان دووبارە کردووەتەوە. ئەویش لەبەر ئەوەی لە بەرژەوەندی نەتەوە بیر ناکەینەوە، لە بەرژەوەندی تاقم و حیزب بیردەکەینەوە، بۆیەش تووشی هەڵە دەبین.

**رووداو: دەڵێن مەسەلەی کانتۆن پێشنیازی تۆ بووە، یان تۆ پشتیوانیت لەو فۆرموڵە سیاسییە دەکرد؟**

**عومەر شێخمووس:** نەخێر ئەوە پێشنیازی من نەبوو، پێشنیازی خۆیان بوو. من پێشنیازی لامەرکەزی سیاسیم کردبوو بۆ ناوچە کوردنشینەکانی سووریا. لەبەر ئەوەی پەیوەندی لە نێوانیان نەبوو، سێ هەرێمی جیاواز بوون. ئەوان عەقڵیان بەوەدا شکا کە سیستمی کانتۆن دابمەزرێنن.

**رووداو: کاتێک عەفرین لەلایەن تورکیاوە داگیر کرا، پێش ئەوە قسە هەبوو کە هەسەدە لەگەڵ سووریا رێکبکەوێ و هێز بێنێتەوە ئەو ناوچانە بۆ ئەوەی تورکیا هێرش نەکاتە سەر ئەو ناوچەیە، بۆچی ئەوکاتە ئەوە نەکرا؟ ئێستا بۆچی ئەمە دەکرێ؟**

> پێشنیازی لامەرکەزیی سیاسیم کردبوو بۆ ناوچە کوردنشینەکانی سووریا

**عومەر شێخمووس:** ئێمە لە کاتی هێرش بۆ سەر عەفرین و هەروەها ئەو هێرشەی ئەمدواییە، پێمانگوتن پەیوەندی بە رووسەکان و سووریاوە بکەن، قبوڵ بکەن لەشکری ئەوان بێتە سەر سنوورەکان، بۆ ئەوەی رێگە لە تورکیا بگرن پەلاماری رۆژئاوای کوردستان نەدات، بەڵام بەداخەوە درەنگ دەستیانپێکرد. عەفرین لە دەست چوو، ئەگەر لە رۆژی یەکەم ئەوەیان بکردایە، مومکینە ئەو زیانەیان بەرنەکەوتبا. من لە رۆژی یەکەمەوە ئەو پێشنیازەم بۆ کردن. رووسیاش داوای لێکردن کە ئەوە بکەن.

**رووداو: ئێستا هاتووینەوە سەر خاڵی سفر؟**

**عومەر شێخمووس:** سفر نییە، حکومەتی سووریا زۆر لاوازە. وەکو جاران مەترسی لەسەر کوردستان دروست ناکات، بەڵام ئیدارەی سەربەخۆ نامێنێ، دەبێ لەگەڵ رژێمی سووریا ئەو ناوچانە بە یەکەوە بەڕێوەبەرن.

**رووداو: رۆڵی باشووری کوردستان، بە تایبەتی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمان چۆن؟**

**عومەر شێخمووس:** هەڵوێستی ئەوان بە هەڵوێستێکی ئیجابی دەبینم، هەڵوێستیان دژی تورکیا وەرگرتووە، هەوڵیان داوە نێوبژیوانی بکەن. ئاگادارم تەنانەت لە نێوان تورکیا و پەکەکە نێوبژیوانییان کردووە.

**رووداو: خەڵک رەخنەی ئەوە دەگرێ کە باکووری کوردستان بە تایبەتی پەکەکە هەڵوێستێکی روونی نییە بەرامبەر ئەو مەسەلەیە. هۆکارەکەی چییە؟**

**عومەر شێخمووس:** من بە کەموکوڕییەکی گەورەی دەزانم، حەق بوو بەشێوەیەکی فراوانتر هەڵوێست وەربگرن و جەماوەری خۆیان بخەنەگەڕ. ئەگەر تۆ بتوانی 2 ملیۆن کەس بۆ نەورۆز لە ئامەد کۆبکەیتەوە، هەقوابوو لە ئیستانبوڵ و ئەنقەرە خەڵک بهێننە سەر شەقام. لە کوردستانی باکوور خۆپیشاندانی زۆر گەورە بکرێ، لانیکەم بۆ پشتیوانیش نەبێ، تۆ هێزی تورکیا سەرقاڵ دەکەی.

**رووداو: هیچ هەوڵێک هەیە بۆ لێکنزیککردنەوەی پارتەکانی رۆژئاوا؟**

**عومەر شێخمووس:** هەوڵێک هەیە، بەڵام بەداخەوە لە یەکدی نزیک نابنەوە، ئەوان حیزبیانە بیردەکەنەوە. بۆیە من ئەو پێشنیازم کرد کە کۆنگرەیەکی گەل بکرێ و لەوێ شاندێک هەڵبژێرن گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ لایەنەکان بکەن.

## داوا دەکرێت باج لە کرێکارانی بیانی وەربگیرێ

**رووداو - هەولێر**

لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق پێشنیازی کردوە مانگانە بڕی 100 دۆلار وەکو باج بەسەر کرێکارانی بیانی لە عێراق بسەپێندرێت. بەپێی نووسراوێک کە واژۆی هەیسەم جبووری، سەرۆکی لێژنەی دارایی لەسەرە "بە لەبەرچاوگرتنی زۆری کرێکارانی بیانی کە بەپێی کۆبونەوە فەرمییەکان لەگەڵ هەندێک لایەن ژمارەیان گەییشتووەتە 450 هەزار کرێکار ، ئەمەش کاریگەری نەرێنی کردووەتە سەر بوونی هەلی کار بۆ عێراقییەکان، بۆیە پێشنیاز دەکەین باج بەسەر کرێکارانی بیانیدا بسەپێندرێت". هەروەها جبوری دەڵێت "بڕی باجی مانەوەو کارکردن لە عێراق مانگانە 100 دۆلار دیاریکراوەو لە سندوقی بێکارانی عێراقی دادەندرێت".



رووداو
ژمارە (575) - دووشەممە 2019/10/21

# لە هەولێر نرخی کرێی خانوو بەرز دەبێتەوە



90 هەزار کرێچی ئەندامی کۆمەڵەی کرێنشینانی کوردستانن (فۆتۆ: رووداو)

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەهۆی باشبوونی باری ئابووریی خەڵکی هەرێمی کوردستان و زیادبوونی ژمارەی کۆمپانیاکان و گەڕانەوەی کۆمپانیا بیانییەکان، هەروەها کۆچی پێچەوانەی ئاوارە عەرەبەکان بۆ کوردستان بە گشتی و هەولێر بە تایبەتی، خواست لەسەر بەکرێگرتنی خانوو بە رێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەم هۆیەشەوە لە ماوەی چوار مانگی رابردوودا، نرخی کرێی خانوو 25% بەرز بووەتەوە.

سەباح عەزیز، خاوەنی نووسینگەی عەقاراتی سەباح مەنتک کە سنووری کارکردنەکەی گەڕەکەکانی شارەوانی، مامۆستایان، فەرمانبەران، مامۆستایانی زانکۆ، رۆشنبیری، ژیان و کۆمەڵگای زەیتوونە، دەڵێت: "ماوەی چەند مانگێکە بەهۆی گەڕانەوەی سەرلەنوێی ئاوارە عەرەبەکانی ئەنبار، سەلاحەددین، مووسڵ بۆ هەولێر، خواست لەسەر بەکرێگرتنی خانوو بە رێژەیەکی بەرچاو زیاد بووە، رۆژانە 80 تاوەکو 100 کەس بۆ پرسیاری خانووی کرێ سەردانی نووسینگەکەمان دەکەن".

سەباح کە 15 ساڵە نووسینگەی کڕین و فرۆشتن و بە کرێدانی خانووی هەیە، دەڵێت ئێستا بە دەگمەن خانووی کرێ دەستدەکەوێ "ئێستا کرێی خانووی ئاسایی نزیکەی 100 هەزار دینار زیاد بووە، واتە بەراورد بە چوار مانگی رابردوو 25% زیاد بووە".

سەباح عەزیز، نموونە بە کرێی پێشتر و ئێستای خانووەکان دێنێتەوە و دەڵێت: "زۆربەی خانووی ئەو گەڕەکانەی ئێمە کاریان لێدەکەین رووبەرەکانیان 100 بۆ 125 مەترە و دوو نهۆمن، چوار مانگ پێش ئێستا کرێی مانگانەیان لەنێوان 300 تاوەکو 350 هەزار بوو، ئێستا 100 هەزار کرێیان زیاد بووە، خانووش زۆر بەدەگمەن دەستدەکەوێت، خانووی 150 مەتری کرێیەکەی 500 هەزار دینارە. لە هەردوو گەڕەکی مامۆستایان و شارەوانی خانووی 125 مەتری بە 500 تاوەکو 550 هەزار دینارە".

سەباح پێشتر لانیکەم کلیلی 20 خانووی کرێی بە نووسینگەکەیدا هەڵواسیبوو، بەڵام ئێستا هیچ خانوویەکی نییە بۆ کرێ، سەباح دەڵێت: "خەڵکی وا هەیە، مانگێک زیاترە ژمارە مۆبایلەکەی لە نووسینگە جێهێشتووە و داوای کردووە بە هەر نرخێک بێ، خانوویەکی بۆ بەکرێ بگرین، بەڵام دەستناکەوێ".

### کرێی شوقە و ڤێللاش زیاد بووە

بروا فەریق خۆشناو، خاوەنی کۆمپانیای عەقاراتی باخی خۆشناوەتی کە 10 نووسینگەیان لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر هەیە، دەڵێت: "جگە لە گەڕانەوەی ئاوارە عەرەبەکان، باشبوونی باری ئابووریی خەڵک و گەڕانەوەی کۆمپانیا بیانییەکان و هاتنی خەڵکی ئێرانی بەهۆی خراپبوونی باری ئابوورییان، سێ هۆکاری دیکەن بۆ بەرزبوونەوەی کرێی خانوو و شوقە و ڤێللا، تەنانەت پێشەنگا و باڵەخانە بازرگانییەکانیش".

بروا خۆشناو، ئاماژە بە کرێی خانوو لە هەندێک لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر کرد کە بەراورد بە رابردوو زیاد بووە و گوتی: "پێشتر خانوویەک لە ئیتاڵیی دوو بە نزیکەی 1000 دۆلار بەکرێ دەدرا، ئێستا کرێیەکەی بووەتە 1500 دۆلار، شوقەکانی ئیسکان کرێی مانگانەیان 400 دۆلار بوو، ئێستا 500 دۆلارە، شوقەکانی کواترۆ بە 400 دۆلار بوون ئێستا 500 تاوەکو 550 دۆلارن. کرێی شوقە لە رۆیاڵ 400 دۆلار بوو، ئێستا بووەتە نزیکەی 600 دۆلار. لە شوقەکانی ئیمپایەریش 100 تاوەکو 150 دۆلاری چووەتە سەر. بەشێوەیەکی گشتی کرێی خانوو و شوقە لە هەولێر نزیکەی 30% زیاد بووە، لەهەندێ شوێن زیاتریشە".

> **خاوەنی نووسینگەیەک:**
> رۆژانە نزیکەی 100 کەس بۆ خانووی کرێ سەردانمان دەکەن

بە گوتەی بروا خۆشناو، زۆربەی عەرەبەکان روو لە کۆمەڵگەکانی دەرەوەی شار دەکەن، بەو هۆیەش کرێی ئەو شوێنانە بەرز بووەتەوە، ئەو نموونە بە کۆمەڵگەی لاوان دێنێتەوە و دەڵێت: "پێشتر کرێی خانوو لە لاوان مانگانە 250 هەزار دینار بوو، ئێستا بە گوێرەی شوێنەکەی کرێیەکەی بەرزبووەتەوە بۆ 350 تاوەکو 400 هەزار دینار".

بروا بەهۆی پیشەکەی ئاگاداری کرێی خانوو و شوقەیە لە شارەکانی دیکەش و دەڵێت: "بەهۆی ئەوەی هەولێر پایتەختە و زۆربەی کۆمپانیاکان لقی سەرەکییان لە هەولێرە و عەرەبەکانیش زیاتر روو لە هەولێر دەکەن، بەرزبوونەوەی کرێی خانوو زیاتر لە هەولێرە، بەڵام لە سلێمانیش بەهۆی نزیکی لە ئێران کەمێک نرخی کرێ زیاد بووە".

> **خاوەن نووسینگەیەک:**
> نرخی کرێی خانوو نزیکەی 30% بەرز بووەتەوە

### نرخی کرێی خانوو لە هەندێک گەڕەکی هەولێر

| گەڕەک | نرخی پێشوو | نرخی ئێستا |
| --- | --- | --- |
| ئیتاڵی دوو | 1000 دۆلار | 1500 دۆلار |
| شوقەکانی ئیسکان | 400 دۆلار | 500 دۆلار |
| شوقەکانی کواترۆ | 400 دۆلار | 550 دۆلار |
| شوقەکانی رۆیاڵ | 400 دۆلار | 600 دۆلار |
| گەڕەکەکانی باشووری هەولێر | 300-350 هەزار دینار | 400-450 هەزار دینار |
| کۆمەڵگەکان | 250 هەزار دینار | 350-400 هەزار دینار |

### باج لە خاوەن خانووەکان وەردەگیرێ

بەپێی ئاماری کۆمەڵەی کرێنشینانی کوردستان زیاتر لە 90 هەزار کرێنشین ئەندامی کۆمەڵەی کرێنشینانن و ناسنامەیان بۆ کراوە. لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر خانووی کرێ هەن کە زۆربەیان تەنیا کرێ وەردەگرن و هیچ باجێک نادەن، بەڵام لەمەودا دەبێ باج بدەن.

عەباس هاشم، خاوەنی نووسینگەی شۆبان بۆ بەکرێدانی خانوو و باڵەخانەی بازرگانی دەڵێت لەلایەن ئاسایشی گەڕەکەکانەوە ئاگادار کراونەتەوە، هەر خانوویەک ئەگەر چۆڵ بوو، نابێت بە کرێ بدرێتەوە تاوەکو خاوەنەکەی باجی خانووبەرە نەدات. بە گوتەی ئەو خاوەن نووسینگەیە، خانوو هەیە 5 ملیۆن دینار قەرزی باجی خانووبەرەی لەسەرە و ئێستا ناتوانێ بە کرێی بدات.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکانی هەولێر، لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو کۆتایی مانگی رابردوو 925 کۆمپانیای خۆماڵی و 41 کۆمپانیای بیانی لە هەولێر دامەزراون و ئۆفیسی 11 کۆمپانیا لە دهۆک و 28 کۆمپانیای سلێمانیش لە شاری هەولێر کراونەتەوە، دەیان کۆمپانیای بیانیش گەڕاونەتەوە.

پشتیوان وەرتی، بەڕێوەبەری تۆماری کۆمپانیاکانی هەولێر دەڵێت: "بەپێی یاسای دامەزراندنی کۆمپانیاکان، هەر کۆمپانیایەک دابمەزرێت، دەبێت ئۆفیس و ناو و ناونیشانی دیار بێت، بۆیە دامەزراندنی زیاتر لە هەزار کۆمپانیا لە هەولێر کاریگەری راستەخۆی لەسەر بەرزبوونەوەی کرێی خانوو و باڵەخانە دەبێت".

### خاوەن خانووەکان مەرجیان هەیە

بەهۆی زۆربوونی داواکاری لەسەر خانوو، خاوەن خانووەکان جگە لە بەرزکردنەوەی نرخی کرێی خانوو، مەرجی خۆیان هەیە و خانوو بە هەموو کەسێک نادەن. عەباس هاشم خاوەنی نووسینگەی شۆبان بۆ بەکرێدانی خانوو و باڵەخانەی بازرگانی لە گەڕەکەکانی باشوور و باشووری رۆژهەڵاتی هەولێر دەڵێت: "بەهۆی زیادبوونی خواست مەرجەکانی بەکرێدانی خانووش زیاد بووە. خاوەن خانوو هەیە دەڵێت چەند مانگێک پارەی پێشەکیم دەوێت، یان هەیە دەڵێت نابێ ژمارەی ئەندامانی خێزانە کرێچییەکە زۆر بێت، هەشە خانوو ناداتە خێزانێک منداڵی زۆریان هەبێ".

## دامەزراندنی کۆمپانیا ژمارەی پێوانەیی تۆمار دەکات

# ئەمساڵ 1441 کۆمپانیای تازە لە کوردستان دامەزراون

> 1423 کۆمپانیای تورکی لقیان لە هەرێمی کوردستان هەیە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**



ژمارەی کۆمپانیا تۆمارکراوەکان لە کوردستان گەیشتووەتە 30 هەزار و 99 کۆمپانیا (فۆتۆ: رووداو)

بەهۆی دەستپێکردنەوەی کار لە هەندێ پرۆژەی ستراتیژی و کەمکردنەوەی رۆتین لە تۆمارکردنی کۆمپانیادا، ئەمساڵ دامەزراندنی کۆمپانیای تازە لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کردووە و لە ماوەی نۆ مانگدا 1441 کۆمپانیای نوێ دامەزراون.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تۆماری کۆمپانیاکان، تاوەکو کۆتایی مانگی ئەیلولی ئەمساڵ تێکڕای ژمارەی کۆمپانیا تۆمارکراوەکان لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 30 هەزار و 99 کۆمپانیا، لەم ژمارەیەش 26 هەزار و 777 کۆمپانیا خۆماڵین و 3 هەزار و 322 کۆمپانیاش بیانین.

بەپێی داتاکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، ئەمساڵ دامەزراندنی کۆمپانیای نوێ ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کردووە. لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو کۆتایی ئەیلوول 1441 کۆمپانیای تازە (1.395 کۆمپانیای خۆماڵی، 46 کۆمپانیای بیانی) لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون. ئەم ژمارەیەش بە بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی رابردوو 62.5% زیادی کردووە.

بەهۆی ئەو گەشە ئابووری و بازرگانییەی لە نێوان ساڵی 2010 تاوەکو 2013 لە هەرێمی کوردستان هەبوو، دامەزراندنی کۆمپانیای تازە بەردەوام لە هەڵکشاندا بوو، لەو ماوەیەدا 10 هەزار و 658 کۆمپانیا دامەزران، (8990 کۆمپانیای خۆماڵی و 1659 کۆمپانیای بیانی)، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش و وەستاندنی پرۆژەکان، دامەزراندنی کۆمپانیای خۆماڵی و بیانی رووی لەپاشەکشێ کرد.

ئاراس شێخ رەئوف، بەڕێوەبەری گشتیی تۆماری کۆمپانیاکان بە وەکالەت، دەڵێت: "سەقامگیریی ئاسایش، باشبوونی باری ئابووری، دەستپێکردنەوەی کار لە هەندێ پرۆژەی ستراتیژی و بەشداریی وەبەرهێنەرانی ناوەخۆ و بیانی لە ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ، بووەتە هۆی ئەوەی دامەزراندنی کۆمپانیای تازە روو لە زیادبوون بکاتەوە".

بە گوتەی ئاراس شێخ رەئوف، کەمکردنەوەی رۆتینی دامەزراندنی کۆمپانیا، رۆڵی گەورەی هەبووە بۆ زیادبوونی دامەزراندنی کۆمپانیای نوێ، چونکە ئێستا خاوەنکار دەتوانێ لەڕێگەی ئۆنلاینەوە لە ماوەی 24 کاژێردا کۆمپانیا دابمەزرێنێ.

لە هەرێمی کوردستان لق و ئۆفیسی 3322 کۆمپانیای 85 وڵاتی بیانی هەن. تورکیا بە کردنەوەی لق و ئۆفیسی 1423 کۆمپانیا کە دەکاتە 43%ی کۆی کۆمپانیا بیانییەکان، بە پلەی یەکەم دێت. ئێران بە کردنەوەی لقی 361 کۆمپانیا بە رێژەی 11% بە پلەی دووەم دێت، پلەی سێیەم بەر ئیمارات کەوتووە بە کردنەوەی لقی 185 کۆمپانیا. بەریتانیا 147 لقی کۆمپانیای لە کوردستان هەیە، ئەمریکا 140 و ئوردن 109 لقی کۆمپانیای لە کوردستانە.

لە نۆ مانگی رابردوودا لق و ئۆفیسی 46 کۆمپانیای بیانی لە هەرێمی کوردستان کراونەتەوە کە بەراورد بەهەمان ماوەی ساڵی رابردوو 63% زیاد بووە.

ئاراس شێخ رەئوف دەڵێت: "بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی، زۆربەی کۆمپانیا بیانییەکان هەرێمی کوردستانیان جێهێشت، گەڕانەوەی کۆمپانیا بیانییەکان، مانای سەقامگیری و گەشەی ئابووری هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت".

بەگوتەی ئەو بەرپرسەی وەزارەتی بازرگانی، کۆمپانیا بیانییەکان زۆرتر لە بواری خزمەتگوزاریی نەوت، ئاسایش، گواستنەوە و گەیاندن و نەخشەسازی و بەڵێندەرایەتی و بیناسازی کار دەکەن، بەڵام خۆماڵییەکان زۆرتر لە بواری هاوردنی کاڵا کار دەکەن.

حکومەتی تورکیا پاڵپشتییەکی زۆری ئەو کۆمپانیایانە دەکات کە بیانەوێ لق لە دەرەوەی تورکیا بکەنەوە. بۆ نموونە لە 8% تاوەکو 18%ی باج دەبەخشرێن. ئەمەش هاندەر بووە بۆ کردنەوەی زۆرترین ئۆفیس و لقی کۆمپانیا تورکییەکان لە کوردستان.

عوسمان ئۆغڵو، بەڕێوەبەری لقی هەرێمی کوردستانی کۆمپانیا و کارگەی ئەرمادای تورکی بۆ بازرگانی و بەرهەمهێنانی کاغەزی دیوار کە چوار مانگە لە هەولێر ئۆفیسی کۆمپانیاکەی کردووەتەوە، دەڵێت: "پێشتر ئێمە کاڵاکانمان لە تورکیا بە بازرگانانی کوردستان و عێراق دەفرۆشت، بەڵام کێبڕکێی بازاڕ و کارگەکان قازانجی ئێمەی کەم کردووە، بۆیە بیرمان لەوەکردەوە کارگەکە بهێنینە کوردستان و ئۆفیس لە هەولێر بکەینەوە بۆ ئەوەی راستەوخۆ خزمەتگوزاری بگەیەنین بە کڕیارەکانمان و فرۆشمان زیاتر بێت".

عوسمان ئۆغڵو کە کوردی باکووری کوردستانە، ئاماژە بەو ئاسانکارییانە دەدات کە تورکیا بۆ کۆمپانیاکانی دەکات و دەڵێت: "هەر کۆمپانیایەک کاڵاکانی هەناردە بکات، حکومەت لە 18%ی باج دەیبەخشێ. بۆ ماوەی سێ ساڵیش 40% تاوەکو 50% کرێی باڵەخانە و کارمەندەکانی بۆ خەرج دەکات، تەنانەت پارەی ریکلامیشی بۆ دەگەڕێنێتەوە".

پارێزگای هەولێر پشکی شێری لە دامەزراندنی کۆمپانیا بەرکەوتووە. لەکۆی 30 هەزار و 99 کۆمپانیا، زیاتر لە 20 هەزاریان لە هەولێرن.

پشتیوان وەرتی، بەڕێوەبەری تۆماری کۆمپانیاکان لە هەولێر، دەڵێت: "ئەمساڵ گەشەیەکی زۆر خێرا لە دامەزراندنی کۆمپانیا لە هەولێر هەیە. لە سەرەتای ساڵەوە 925 کۆمپانیای خۆماڵی دامەزراون کە بەراورد بەهەمان ماوەی ساڵی رابردوو 49% زیادی کردووە. هەروەها لقی 41 کۆمپانیا بیانیش لە هەولێر کراونەتەوە کە بەراورد بە ساڵی رابردوو 58.5%زیادی کردووە". گوتیشی "پێشبینی دەکەین تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ 150 کۆمپانیای دیکەش دابمەزرێن".

گۆڕینی سیستمی دامەزراندنی کۆمپانیا لەشێوەی ئاساییەوە بۆ ئەلیکترۆنی، رۆتینی دامەزراندنی کەمکردووەتەوە، بەڵام ئەم سیستەمە بەبێ گرفتیش نییە. پشتیوان وەرتی دەڵێت: "رۆژانە چەندین کەس سەردانمان دەکەن و دەڵێن بە هەر ناوێک کۆمپانیا تۆمار دەکەین، ناوەکە پێشتر تۆمارکراوە ، بۆیە کۆمپانیاکان گرفتی دۆزینەوەی ناویان هەیە".

### 6000 کۆمپانیا لە هەولێر ناچالاکن

بەپێی ئاماری تۆماری کۆمپانیاکانی هەولێر، 6000 کۆمپانیای ناچالاک لە هەولێر هەن، زۆربەیان باجی چەند ساڵێک قەرزدارن. ساڵی رابردوو ئەنجوومەنی وەزیران ئەو کۆمپانیایانەی ئاگادار کردەوە کە دەتوانن باجی یەک ساڵ بدەن و بە 150 هەزار دیناریش کۆمپانیاکەیان هەڵبوەشێننەوە. پشتیوان وەرتی، بەڕێوەبەری تۆماری کۆمپانیاکان لە هەولێر دەڵێت: "ئامانج لەم ئاسانکارییە ئەوەیە کۆمپانیا ناچالاکەکان پاکتاو بکرێن".

# عێراق لە 10 ساڵی ڕابردوودا بایی 717 ملیار دۆلار نەوتی فرۆشتووە

**مەحموود بابان**
**ڕووداو- هەولێر**

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (میس)، بۆڕی نەوتی عێراق لەگەڵ هەریەک لە تورکیا و ئوردن توانای هەناردەکردنی نەوتی حکومەتی بەغدای بەرزکردووەتەوە، ئەمە گوشاری سەر ژێرخانی هەناردەکردنی نەوتی لە باشووری عێراق لە ڕێگەی بەندەری بەسرە کەمکردووەتەوە، بەڵام نەبووەتە هۆی زیادبوونی داهات.

لە کۆنگرەی جیهانیی وزە لە ئەبوزەبی کە ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو بەڕێوەچوو، سامر غەزبان، وەزیری نەوتی عێراق گوشارێکی زۆری سعودیە و وڵاتانی ئەندامی ڕێککەوتنی ئۆپێک پلەس (واتە ڕێککەوتنی گروپی وڵاتانی ئۆپێک و وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک)ی لەسەربوو. غەزبان بەڵێنی دا بەرهەمهێنانی نەوت کەمبکاتەوە.

بەڵام شازادە عەبدولعەزیز بن سەلمان، وەزیری نەوتی سعودیە ڕایگەیاند کە ئەوان پابەندن بە ڕێبازی "متمانەیەک کە پشتڕاست کرابێتەوە". وەزیری نەوتی سعودیە بەنیازە لە داهاتوویەکی نزیکدا سەردانی عێراق بکات بۆ ئەوەی بە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان "سوپاس"یان بکات.

گوشارەکانی سەر عێراق بەبێ هۆ نین. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (میس)، بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق لە مانگی ئابی ئەمساڵ گەیشتە ئاستێکی پێوانەیی (4.75 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا). ئەو بڕە ئێستا ڕووی لە کەمکردن ناوە.

تێکڕای هەناردەی نەوتی عێراق لە چارەکی سێیەمی ئەمساڵ ئاستێکی پێوانەیی تۆمار کرد و گەیشتە 3.58 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، لە کاتێکدا تێکڕای هەناردەی نەوتی عێراق لە چارەکی سێیەمی ساڵی ڕابردوودا 3.56 ملیۆن بەرمیل بوو لە ڕۆژێکدا. ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەرچەند ژمارەکان لە چاو 3.73 ملیۆن بەرمیلەکەی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوو زۆر نزمن، بەڵام هیچکات عێراق نەیتوانیوە بەو بەردەوامییە لەو ئاستەدا نەوت هەناردە بکات.

بەهۆی هەنگاوەکانی عێراق بە ئاراستەی پابەندی بە ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک پلەسەوە، مانگی ڕابردوو هەناردەی ڕۆژانەی نەوتی عێراق 28 هەزار بەرمیل دابەزی. ڕاپۆرتەکە پێشبینی دەکات سعودیە بەو ژمارەیە ڕازی نەبێ و داوای دابەزاندنی زیاتری ئاستی هەناردەی نەوت لە عێراق بکات.

## داهات زیاد نەبووە

ئاستی پێوانەیی هەناردەی نەوتی عێراق لە چارەکی سێیەمی ئەمساڵدا، نەبووەتە هۆی داهاتێکی زۆرتر بۆ عێراق. وەک ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بۆ دەکات، داهاتی هەناردەی نەوت لە چارەکی سێیەمدا بە بڕی 1.5 ملیار دۆلار دابەزی و گەیشتە 19.45 ملیار دۆلار، کە لە چاو ساڵی ڕابردوو 3.7 ملیار دۆلار کەمی کردووە، سەرەڕای بەرزبوونەوەی قەبارەی هەناردە، پێدەچێ لە دوای 2016 بۆ یەکەمجار، داهاتی نەوتی عێراق دابەزێ و بێتە خوار 80 ملیار دۆلار لە ساڵێکدا.

بەپێی داتاکانی (میس)، داهاتی هەناردەی نەوتی عێراق لە سێ چارەکەکەی ئەمساڵدا بەشێوەیەکی بەرچاو جێگیر بووە و لە نزیک 20 ملیار دۆلار یاری کردووە، ئەوەش پێچەوانەی دوو ساڵی ڕابردووە.

زۆربەی نەوتی عێراق لە باشوور بەرهەمدێ و هەر لە ڕێگەی تێرمیناڵەکانی عێراق لەسەر کەنداوەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکرێ. لە مانگی ئابی ئەمساڵ تێکڕای هەناردەی نەوتی عێراق لە ڕێگەی ئەو بەندەرەوە 3.43 ملیۆن بەرمیل بووە لە ڕۆژێکدا، واتە 96%ی کۆی هەناردەی نەوتی عێراق لەو مانگەدا. نەوتی گەیارەش لە ڕێگەی خۆر ئەلزوبەیر لە باشووری بەسرەوە هەناردەکراوە و بەو پێیەش هەناردەی نەوت لە تێرمیناڵەکانی باشوورەوە دەگاتە 3.46 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

بەگوێرەی داتانی وەزارەتی نەوتی عێراق، کۆی داهاتی عێراق لە ساڵی 2010 تاوەکو کۆتایی 2019 لە هەناردەکردنی نەوت 717.65 ملیار دۆلار بووە. بۆ ساڵی 2019 داهاتی نەوتی عێراق لە 80 ملیار دۆلار کەمتر دەبێ.

بەرزترین بەهای نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە ساڵی 2012 بوو کە بەرمیلێک نەوت بە 106.16 دۆلار فرۆشراوە، کەمترین بەهاش لە 2016دا بووە کاتێک نرخی نەوت دابەزی بۆ 36.02 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک.



عێراق بیر لە ڕێگای نوێ دەکاتەوە بۆ هەناردەکردنی نەوتەکەی (فۆتۆ: AFP)

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، تێکڕای هەناردەی نەوتی عێراق لە مانگی ئابی ئەمساڵ لە ڕێگەی بۆڕیی نەوتی کوردستان 106 هەزار بەرمیل بووە لە ڕۆژێکدا، ئەوەش بەرزترین ئاستی هەناردەیە لە ڕێگەی ئەو بۆڕییانەوە لە تشرینی دووەمی 2018.

مانگی ئاب یەکەمجار بوو بۆ یەک مانگ لەسەریەک نەوت بۆ ئوردن هەناردە بکرێ. بەگوێرەی (میس) بە درێژایی مانگی ئاب 221 هەزار بەرمیل نەوت (واتە 7000 بەرمیل لە ڕۆژێکدا) بۆ ئوردن هەناردەکراوە. بەپێی ڕێککەوتنێکی نێوان حکومەتی عەممان و بەغدا، ئاستی هەناردەی نەوت بۆ ئوردن بۆ 10 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزدەکرێتەوە.

هەم ئەو نەوتەی حکومەتی عێراق بە بۆڕی بۆ تورکیای دەگوازێتەوە و هەم ئەوەش کە بە نەوتهەڵگر ڕەوانەی ئوردن دەکرێ، لە کێڵگەکانی نەوتی کەرکووکن. ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەشێک لەو نەوتەی لە عێراقەوە بۆ تورکیا و ئەورووپا دەنێردرێ، هەر لە تێرمیناڵەکانی باشوورەوە ڕەوانەی کاناڵی سوێز دەکرێن.

چارەکی ڕابردووی ئەمساڵ، هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی تێرمیناڵەکانی بەسرەوە زۆر لە خوار ئاستە پێوانەییەکەی بووە و لە چاو چارەکی سێیەمی ساڵی ڕابردوو 100 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزینی بەخۆوە بینیوە. ئاستی هەناردەی نەوت لەو تێرمیناڵەوە تەنانەت بەرزترین ئاستی ئەمساڵیش نەبووە. ڕاپۆرتەکە هۆکارێکی ئەوە بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت لە ڕێگەی باکوورەوە دەگەڕێنێتەوە.

گۆڤاری (میس) پێیوایە عێراق هۆکای خۆی هەیە بۆ ئەوەی هەناردە لە ڕێگەی تێرمیناڵەکانی باشوور کەمبکاتەوە. ئەو توانایەی عێراق دەتوانێ بۆ هەناردەی نەوت لە ڕێگەی باشوورەوە بەکاریبهێنێ نزیکەی 3.7 ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، بۆ نموونە عێراق ناتوانێ هەموو توانای گواستنەوەی نەوتی تێرمینالی بەسرە (BOT) بەکاربهێنێ، کە 1.6 ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا.

ڕاپۆرتەکە هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بۆڕییە 48 ئینجییەکەی نێوان فاو و تێرمینالی نەوتی بەسرە تووشی داخوران بووە، بۆیەش بەرگەی پەستانی زۆر ناگرێ.

کاری نوێژەنکردنەوەی بۆڕییەکان دەستپێکردووە، بەڵام کۆمەڵێک کێشە پرۆسەکەی خاو کردووەتەوە. یەکێک لە پرۆژەکان هێڵێکی 48 ئینجیی دەریاییە کە توانای ئەوەی هەیە ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت بگوازێتەوە، بەڵام پرۆژەکە کە کۆمپانیای ئوستراليی لایتن لە سەرەتای ئەمساڵەوە کاری تێدا دەکرد، بەهۆی گەندەڵییەوە دواخراوە.

پرۆژەیەکی دیکەش کە بە مەبەستی دروستکردنی "دوورگەیەکی پیشەسازی" دەستپێکردووە و توانای هەناردەی عێراق بە بڕی سێ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرز دەکاتەوە، ساڵانێکی زۆری دەوێ هەتا بەرهەمی هەبێ.

### عێراق دوو بۆڕیی نوێ ڕادەکێشێ

به گوێرەی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (میس) بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکانی سەر تێرمیناڵەکانی باشوور، حکومەتی عێراق پلانی ڕاکێشانی دوو بۆڕیی گواستنەوەی نەوتی داناوە. ئەوانیش بۆڕیی نێوان بەسرە و تێرمیناڵی عەقەبە لەسەر دەریای سوور لە ئوردن کە بە حەدیسە لە پارێزگای ئەنباردا تێدەپەڕێ. بۆڕیی دووەمیشیان لە حەدیسەوە بۆ کەرکووک و لەوێشەوە بۆ تورکیا دەبێ. هەرکام لە بۆڕییەکان ڕۆژانە توانای گواستنەوەی یەک ملیۆن بەرمیل نەوتیان هەیە.

# 20 کۆمپانیای وزە جیهانیان نوقمی دووکەڵ کردووە

## کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراق لە پلەی 16یەمی لیستەکەدا دێ

**ڕووداو- هەولێر**

بەگوێرەی ئەو داتایانەی دەست ڕۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی کەوتوون، 20 کۆمپانیای کەرتی وزە بەرپرسیارن لە بەرهەمهێنانی زیاتر لە یەک لەسەر سێی گازە مەترسیدارەکان بۆ ژینگە کە هۆکاری سەرەکیی گەرمبوونی کەشوهەوای گۆی زەوییە.

ریچارد هید شرۆڤەکار لە پەیمانگەی ئەمریکی لێپرسراوێتیی کەشوهەوا، لە لێکۆڵینەوەیەکدا کاریگەریی ئەو کۆمپانیایانە لەسەر گەرمبوونی گۆی زەوی لە ساڵی 1965 وە هەڵدەسەنگێنێ. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکە، ئەو 20 کۆمپانیایە ٪35ی ئەو کاربۆن دیۆکساید و میتانە بەرهەمدەهێنن کە پەیوەندیی بە پیشەسازیی وزەوە هەیە. ئەو کۆمپانیایانە لە پێنج دەیە و نیوی ڕابردوودا 480 ملیار تۆن دوانۆکسیدی کاربۆنیان بەرهەمهێناوە.

لە کۆی ئەو 20 کۆمپانیایە دوانزدەیان کۆمپانیای حکومین و هەشتیان کۆمپانیای نێودەوڵەتین کە وەبەرهێنەرانی بیانی پشکیان تێیدا هەیە. کۆمپانیا حکومییەکان لە 20%ی ئەو دوانۆکسیدی کاربۆنە بەرپرسیارن کە دەرخواردی ژینگە دراوە.

کۆمپانیای ئارامکۆی سعودی کە کۆمپانیایەکی حکومییە، لە ڕیزی پێشەوەی بەرهەمهێنەرانی دوانۆکسیدی کاربۆن دێ و لە ساڵی 1965 وە زیاتر لە 59.2 ملیار تۆن دوانۆکسیدی کاربۆنی بەرهەمهێناوە. ئەو کۆمپانیایەی بە تەنیا ٪4.38ی کۆی کاربۆن دیۆکسایدی جیهانی بەرهەمهێناوە، لە دوانۆکسیدی کاربۆنی بەرهەمهاتووی کۆمپانیاکانی وزەشدا ٪12ی بەردەکەوێ.

لە پلەی دووەم کۆمپانیای شێڤرۆنی ئەمریکی دێ کە کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتییە و سامانەکەی نزیکەی 159 ملیار دۆلارە. کۆمپانیای شێڤرۆن لە 54 ساڵی ڕابردوودا 43.35 ملیار تۆن دوانۆکسیدی کاربۆنی بەرهەمهێناوە. لە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتدا ئیکسۆن مۆبیل لە پلەی چوارەم و بریتش پێترۆلیۆمی بەریتانی لە پلەی شەشەم و کۆمپانیای داچ شێڵ لە پلەی حەوتەم دێن.

ئیکسۆن مۆبیل 41.90 ملیار تۆن، کۆمپانیا بەریتانییەکە زیاتر لە 34 ملیار تۆن و کۆمپانیای شێڵ زیاتر لە 31.9 ملیار تەن گازی دوانۆکسیدی کاربۆنیان بەرهەمهێناوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی گاردیەن، ئەو سێ کۆمپانیا نێودەوڵەتییە بەرپرسیارن لە ٪10ی کۆی ئەو دوانۆکسیدی کاربۆنەی لە 54 ساڵی ڕابردوودا بەرهەمهاتووە.



کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراق لە 54 ساڵی ڕابردوودا 12 ملیار تۆن گازی دوانۆکسیدی کاربۆنی بەرهەم هێناوە (فۆتۆ: AFP)

90%ی ئەو گازەی کە ئەو 20 کۆمپانیایە لێی بەرپرسیارن لە کاتی بەکارهێنانی بەرهەمەکانیاندا دەڕژێتە ناو هەواوە و تەنیا ٪10ی لە کاتی دەرهێنان، گواستنەوە و پاڵاوتندا بەرهەم دێن. هەشت لەو کۆمپانیایانەی کە قسەیان بۆ ڕۆژنامە بەریتانییەکە کردووە، دەڵێن ئەوان بەرپرسیار نین لەوەی بەرهەمەکانیان چۆن بەکاردەهێنرێ، بەڵام زاناکانی بواری ژینگە جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو کۆمپانیایانە و سیاسەتکاران لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە زانیویانە پیشەسازیی وزە چ کاریگەرییەک لەسەر ژینگە دادەنێ.

ریچارد هید لەوبارەوە دەڵێ: "ئەم کۆمپانیایانە و بەرهەمەکانیان بەرپرسیارن لەو دۆخە نەخوازراوەی گەرمبوونی گۆی زەوی. ئەوان چەندین دەیەیە پێکەوە هەنگاوە نیشتمانی و جیهانییەکانیان دواخستووە، بۆیەش چیدی ناتوانن لە پشت ئەو دووکەڵەوە خۆیان بشارنەوە و بڵێن بەکارهێنەران لایەنی بەرپرسیارن لەو کێشەیە".

لە نێوان کۆمپانیاکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی ئێران لە دوای ئارامکۆ بەرزترین پلەی لە ڕیزبەندەکەدا هەیە و بە بەرهەمهێنانی 35.66 ملیار تۆن لە پلەی پێنجەم دێ. کۆمپانیاکە بەو ناوەی ئێستایەوە لە ساڵی 1948 دامەزراوە، لەو کاتەشەوە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دابینکردنی سەرچاوەی دارایی حکومەتەکانی ئێران بووە.

کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراق لە پلەی 16یەمی لیستەکەدا دێ و لە ساڵی 1965 وە بەرپرسیارە لە بەرهەمهێنانی 12.60 ملیار تۆن گازی دوانۆکسیدی کاربۆن.

لێکۆڵەرە ئەمریکییەکان دەڵێن هۆکاری هەڵبژاردنی ساڵی 1965 وەک ساڵی دەستپێکی کۆکردنەوەی داتاکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەو ساڵەوە کاریگەرییەکانی پیشەسازیی نەوت، غاز و خەڵووز لەسەر ژینگە لای سیاسەتکارانی وڵاتان زانراون، بە تایبەتیش لە ئەمریکا.

ئامانج لە ڕاپۆرتەکە ئەوەیە چیدی هێندە فۆکەس لەسەر بەکارهێنەرانی ئاسایی سەرچاوەکانی وزە نەبێ و بەرپرسیارێتیی ئەو کێشەیە بخرێتە ئەستۆی کۆمپانیا زەبەلاحەکان کە ساڵانە دەیان ملیار دۆلار لەسەر حیسابی پیسکردن و تێکدانی باڵانسی ژینگە دەستدەخەن.

نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 2018 هۆشداری دا کە جیهان تەنیا 12 ساڵ کاتی لەبەردەست ماوە بۆ ئەوەی ڕێژەی گەرمبوونی گۆی زەوی کۆنترۆڵ بکات و ڕێژەکە لە 1.5 پلەی سیلیسیۆس بە بەراورد لەگەڵ قۆناغی پێش پیشەسازی ڕابگرێ.

لێکۆڵینەوەکەی ناوەندە ئەمریکییەکە دەریدەخات مەترسییە درێژخایەنەکە لەلایەن کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانەوەیە، چونکە ئەو کۆمپانیایانە بە ملیار پارە خەرجی لۆبی دەکەن بۆ ئەوەی سیاسییەکان بگەیەننە ئەو بڕوایەی کە ئەوان بە بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆسیەی ژینگە و کەشوهەوادا دەکەن.

### کۆمپانیاکانی وزە لۆبی دەکەن

لە مانگی ئاداری ئەمساڵ گروپی ئینفولوێنس مەپ ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا جەختی لەوە کردەوە کۆمپانیاکانی شێڤرۆن، بریتش پێترۆلیۆم، ئیکسۆن مۆبیل، شێڵ و تۆتاڵ ساڵانە 200 ملیار دۆلار خەرج دەکەن بۆ ئەوەی ڕێگە لەو سیاسەتانە بگرن کە حکومەتەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیسبوون و تێکچوونی ژینگە لە دژی کۆمپانیاکانی نەوت دەیگرنەبەر.

### بەرهەمی گازی دوانۆکسیدی کاربۆنی کۆمپانیاکانی نەوت (بە ملیار تۆن) لە 54 ساڵی ڕابردوودا

| کۆمپانیا | بەرهەم |
| --- | --- |
| ئارامکۆ: | 59.26 |
| شێڤرۆن: | 43.35 |
| گازپرۆم: | 43.23 |
| ئیکسۆن مۆبیل: | 41.90 |
| ئێن ئای ئۆ: | 35.66 |
| بی پی: | 34.02 |
| شێڵ: | 31.95 |
| خەڵووزی هیندوستان: | 23.12 |
| ریمێکس: | 22.65 |
| نەوتی ڤەنزوێللا: | 15.75 |
| پیترۆ چین: | 15.63 |
| پی بۆ دی: | 15.39 |
| کۆنۆکۆ فیلیپس: | 15.23 |
| نەوتی ئەبوزەبی: | 13.84 |
| نەوتی کوێت: | 13.48 |
| نەوتی عێراق: | 12.60 |
| تۆتاڵ: | 12.35 |
| سۆناتراچ: | 12.30 |
| بی ئێچ پی بیلیتۆن: | 9.80 |
| بی ئێچ پی بیلیتۆن: | 8.68 |



## کچە کوردێک دەبێتە باڵیۆزی ئەمەریکا لە بولگاریا

**ڕووداو – هەولێر**

کچە کوردێکی دانیشتووی ئەمریکا، وەک باڵیۆزی ئەمریکا لە بولگاریا دەستبەکاربوو.

هێرۆ قادر محەممەئەمین مستەفا کە کچە کوردێکی دانیشتووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، ڕۆژی 2019/10/16 سوێندی یاسایی خوارد و وەک باڵوێزی ئەمەریکا لە بولگاریا دەستبەکاربوو.هێرۆ خەڵکی هەولێرە، لە ساڵی 2016، لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە پورتوگال کاری کردووە و راوێژکاری سیاسی بووە لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە نیودەلهی لە هیندستان. لە ماوەی نێوان 2009 بۆ 2011، ڕاوێژکاری جۆ بایدن بووە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا . هێرۆ زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی، یۆنانی، هیندی و پورتوگالی دەزانێت. ماستەری لە خزمەتگوزاری سیاسەتی دەرەوە بەدەستهێناوە.

### لە 15 ساڵیدا بەشوو دراوە و منداڵێکی هەیە

# ژنێکی 17 ساڵان خۆی دەخنکێنێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو – ڕاپەڕین**

(ب) تەنیا یەک ڕۆژ بوو بە "نابەدڵی" گەڕابووەوە لای هاوژینەکەی. ئەو پێشتر هۆشداری بە کەسوکارەکەی دابوو ئەگەر ئەمجارە بیگەڕێننەوە لای مێردەکەی، جارێکی دیکە بە زیندوویی نایبیننەوە، هەر واش دەرچوو، (ب) بە لەچکێک خۆی هەڵواسی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی 2019/10/6 ئافرەتێکی تەمەن 17 ساڵ، بەناوی (ب.خ) دانیشتووی ناحیەی سەروچاوەی سەر بە قەزای ڕانیە، لە نێو ماڵەکەیدا خۆی هەڵواسی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. (ب) لە تەمەنی 15 ساڵیدا شووی کردووە و دایکی منداڵێکی تەمەن یەک ساڵان بوو.

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداوی) گوت: "ئەو ئافرەتە لە نێو ماڵەکەیدا دوو لەچکی لە یەکدی گرێداوە و خۆی پێ هەڵواسیوە. ئیفادەمان لە کەسوکاری وەرگرتووە، ئەوان دەڵێن نازانین بۆچی خۆی خنکاندووە، بەڵام پۆلیس لە لێکۆڵینەوەکانی بەردەوامە بۆ ئەوەی بزانێ ئەو ئافرەتە بۆچی خۆی خنکاندووە".

کەسوکاری ئافرەتەکە نایشارنەوە کە ئەو ئافرەتە کێشەی لەگەڵ مێردەکەی هەبووە، بەڵام لەو باوەڕەدا نین بەهۆی ئەو کێشانەوە خۆی خنکاندبێ.

ئیسماعیل، برای (ب) دەڵێت خوشکەکەی تەمەنی 15 ساڵان بوو کە هاتن بۆ خوازبێنی، ئەوان سەرەتا ڕازی نەبوون بەشووی بدەن، چونکە پێیانوابووە هێشتا بچووکە، بەڵام دواتر ڕازی بوون.

ئیسماعیل دەڵێت: "(ب) و هاوژینەکەی تاوەکو منداڵەکەیان بوو کێشەی بچووک لە نێوانیاندا هەبوو، بەڵام بە ئاسانی چارەسەر دەکران، دوای ئەوەی منداڵیان بوو، کێشەکانیان زۆرتر لەسەر منداڵەکە بوو، هەر یەکێکیان لە منداڵەکە تووڕە بووایە، ئەوەی دیکەیان دەیکرد بە کێشە".

گوتیشی: "خوشکەکەم چەند جارێک تۆرا، بەڵام هەموو جارێک کێشەکەمان بۆ چارەسەر دەکرد و دەگەڕایەوە لای مێردەکەی".

ئیسماعیل سەرەڕای ئەوەش، لەو باوەڕەدا نییە خۆخنکاندنی خوشکەکەی پەیوەندی بەو کێشانەوە هەبووبێ کە لەگەڵ هاوژینەکەیدا هەیبووە، بەڵام دەشڵێت "نازانین بۆچی خۆی خنکاندووە".

هەر لەوبارەوە غازی حەمەد قادر، شووبرای (ب) دەڵێت: "ئەو ڕۆژە تەنیا دایکم لە ماڵ بووە. ئەویش لە کاتی ڕووداوەکە خەوتبوو. براکەشم کە پۆلیسە لە دەوام بووە، چەند جارێک تەلەفۆنی بۆ هاوژینەکەی کردبوو، وەڵامی نەدابووەوە، ترسابوو بەڵایەکی بەسەر خۆی هێنابێ، یان شتێکی بەسەرهاتبێ، بۆیە تەلەفۆنی بۆ خزمێکمان کردبوو کە سەرێک لە ماڵەکەی بدات، کاتێک خزمەکەمان چووبوو بۆ ئەوێ، بینیبووی براژنەکەم خۆی خنکاندووە".

غازی ڕەتیکردەوە برا و براژنەکەی هیچ کێشەیەک لە نێوانیاندا هەبووبێ و دەڵێت: "زۆر تەبابوون، هیچ کێشەکیان نەبوو، هەموومان بەو ڕووداوە تووشی شۆک بووین، نازانم براژنەکەم بۆچی خۆی خنکاند". بەڵام گوتیشی: "براژنەکەم دوای ئەوەی منداڵی بوو، باری دەروونی زۆر جێگیر نەبوو، زوو تووڕە دەبوو".

ئەگەرچی کەسوکاری هەردوولا دەڵێن نازانین هۆکاری خۆخنکاندنی ئەو ئافرەتە چی بووە، بەڵام ڕێکخراوێکی ئافرەتان کە بەدواداچوونی بۆ ڕووداوەکە کردووە، دەڵێت ئەو ئافرەتە پێشتر هەڕەشەی خۆلەناوبردنی کردووە.

ڕێزان حەمە ئەحمەد، بەرپرسی ئەنجوومەنی ڕاپەڕینی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "لە دوای ڕووداوەکە بەدواداچوونمان کرد، دەرکەوت ئەو ئافرەتە کێشەی لەگەڵ هاوژینەکەی هەبووە، پێش ئەوەی خۆی بخنکێنێ تۆراوە و چووەتەوە ماڵی باوکی، ڕۆژێک پێش خۆخنکاندنی لەگەڵ هاوژینەکەی ئاشتکراونەتەوە، بەڵام ئەو دژی ئەوە بووە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە لای هاوژینەکەی، بە ماڵی باوکی گوتبوو چاوتان بە من ناکەوێتەوە و خۆم لەنێودەبەم، پێدەچێ هەر لەبەر ئەوەش خۆی خنکاندبێ".

### لە کوردستان ساڵانە زیاتر لە 43 ژن بە پاساوی "شەرەف" دەکوژرێن

# لە نۆ ساڵ و نۆ مانگی ڕابردوودا 432 ژن بەپاساوی "شەرەف" کوژراون

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

قارەمان، تەمەن 17 ساڵ، برا گەورەی خێزانێکی پێنج کەسییە، باوکی قارەمان شەش ساڵ لەمەوبەر بە شێرپەنجە مردووە. خۆیشی ماوەی ساڵێکە بەتۆمەتی کوشتنی گەلاّی خوشکی لە زیندانە، ئەو ئێستا نەک پەشیمان نییە لە کوشتنی خوشکەکەی، بەڵکو دەڵێت ئێستاش زیندووبێتەوە، دەیکوژێتەوە.

> 42 کەس لەوانەی ژنیان بە پاساوی شەرەف کوشتووە دۆسیەیان بۆ کراوەتەوە
>
> بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان

بەدەگمەن ڕوویداوە لە کوردستان ژنێک بە دەستی پیاو بکوژرێ و پەیوەندی بە ناموسەوە نەبێ. پاساوی بکوژەکان ئەوەیە کە ئابڕوویان تکاوە و پێیانوایە بە ڕشتنی خوێنی ژنەکە، لەکەی سەر شەرەفی خۆیان پاک دەکەنەوە.

گەلاّ ئەو شەوەی کوژرا، دوو ڕۆژ بوو تەمەنی ببوو بە 19 ساڵ، تەنیا ساڵێک بوو لەگەڵ هەردیی تەمەن 28 ساڵ هاوسەرگیری کردبوو، بەڵام دواتر لە هاوژینەکەی جیابووەوە. قارەمان دەڵێت: "گەلاّ خیانەتی لە هاوژینەکەی کردبوو".

قارەمان تووڕە دەبێت پێی بڵێی گەلاّی خوشکت: "حەز ناکەم بڵێی خوشکەکەت، هەر ئەو ڕۆژە حاشام لێکرد کە زاواکەمان ئەوی هێنایەوە بەردەرگا و پێیگوتم خوشکەکەت بێ شەرەفە و نامەی دڵداری و پڕ لە قسەی سێکسیم لەنێو مۆبایلەکەی گرتووە".

سەرزەنشتکردنی پیاوێک بە دەستەواژەی "بێ غیرەت" یان "بێ شەرەف" یان "سەرشۆڕ" بەسە بۆ ئەوەی تووڕەیی خۆی بە ئافرەتێکی خێزانەکەی خاڵی بکاتەوە.

قارەمان دەڵێت: "وازم لە خوێندن هێنا، کرێکاریم دەکرد، بۆ ئەوەی خوشک و براکانم بێ باوکییان پێوە دیار نەبێت و کەس شتێک لەسەر شەرەف و کەرامەتمان نەڵێت، بەڵام گەلاّ حەیا و ناموسی بردین".

قارەمان شەش مانگ خۆی خواردووەتەوە، لە دەرفەتێک گەڕاوە بۆ ئەوەی خوشکەکەی لەناوبەرێ. ئەو دەرفەتە هاتە پێش، کاتێک دایک و خوشک و براکانی سەفەری ماڵی خاڵی قارەمانیان کرد لە دەرەوەی شاری هەولێر. قارەمان دەڵێت: "نیوەشەو ئەو خەوتبوو، بەهەلم زانی و سەرینەکەم خستە سەر دەمی و ئەژنۆم لە ملی گیرکرد، گوێم لە شکانی ئێسکی ملی بوو، دواتر دەستم خستە بینە قاقای تا چاوی شل بوو".

لە دیدی ئەوانەوە کە وەکو قارەمان بیردەکەنەوە، ئەو وەکو "قارەمان"ێک سەیر دەکرێ. ئەو دەڵێت: "دوای کوشتنی گەلاّ، مام تەحسینی دراوسێمان سەری ماچ کردم و پێیگوتم تۆ سەلماندت پیاویت".

قارەمان سێ ساڵە لە زیندانە و هێشتا دۆسیەکەی یەکلایی نەبووەتەوە. بەڵام پەشیمان نییە لە کوشتنی خوشکەکەی و دەڵێت: "ئەگەر ئێستاش زیندوو بێتەوە دووبارە دەیکوژمەوە".

### کچەیان سووتاند

لە نێو ئەو ئافرەتانەی بە پاساوی شەرەف کوژراون، ڕوویداوە دەستی ئافرەتانیش لە تاوانەکەدا هەبێ، بۆ نموونە لە دۆسیەی کوشتنی سەنای تەمەن 23 ساڵ.

هەیبەت، ناوی خوازراوی ئافرەتێکی تەمەن 67 ساڵە، تاکە ئافرەتە بەهۆی کوشتنی ئافرەتانەوە لە گرتووخانەی چاکسازیی ئافرەتانە لە سلێمانی. ئەو 11 ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ هاوژینەکەی پلانی کوشتنی سەنایان دانا.

بەبیانووی چارەسەری نەخۆشی کچەکەیان لە سلێمانییەوە دەبەن بۆ هەولێر، لەڕێگا لە نزیک کۆیە، هەیبەت بەبیانووی دەستنوێژگرتن سەنا دووردەخاتەوە و عەلیش بەدوایاندا دەچێت، لەوێ گوللەیەکی لێدەدات، پاشان بەنزینی پێدا دەدات و ئاگری تێبەر دەدات، دواتر هەر خۆی گۆڕی بۆ هەڵدەکەنێ و دەیشارێتەوە.

دوای هەشت ساڵ، شەوێک عەلی لەنێو زیندان بە جەڵتە مرد، هەیبەتیش 11 ساڵە لە زیندانە. عەلی پێش مردنی لە زیندان قسەی بۆ (ڕووداو) کردبوو، گوتبووی: "کچەکەم هاوسەرگیری کردبوو، بەڵام خیانەتی لە مێردەکەی کرد، بۆیە لەترسی ئابڕووچوونی بنەماڵەکەمان لەگەڵ هەیبەت کوشتمان".

### سەریان بڕی

دالیا قوربانییەکی دیکەیە کە بە پاساوی "شەرەف" لەلایەن باوک و براکانییەوە سەری لە لاشەی جیاکرایەوە. ئەو ماوەیەک هەڕەشەی خێزانەکەی لەسەر بووە، بۆیە لە ماڵی دالدەدانی ئافرەتانی هەولێر ماوەتەوە. دالیا لای بەرپرسانی

> هیچ پیاوێک لەسەر کوشتنی ژن سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرنەچووە
>
> پارێزەرێک

شەڵتەرەکە باسی لەوە کردووە کە هاوژینەکەی ناپاکی لێکردووە و بەردەوام ئەشکەنجەی داوە، بۆیە داوای جیابوونەوەی کردووە، بەڵام هاوژینەکەی ڕازی نەبووە.

دواتر تۆمەتباریان کردووە بەوەی خیانەت لە هاوژینەکەی دەکات و پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ کوڕێک هەیە، هەر بۆیە هەوڵی کوشتنی درا، بەڵام ئەو خۆی لەدەستی کەسوکارەکەی ڕزگار کرد و چەند ساڵێک لە شەڵتەر مایەوە، دواتر کەسوکارەکەی بەڵێنیان پێدابوو لێی خۆشبن، بەڵام بەڵێنەکەیان نەبردە سەر، باوک و براکانی سەریان لە لاشەی جیاکردەوە و لە دوو تووڕەکەیان نا. سەری دالیایان لە جێگایەک و لاشەشیان لە جێگایەکی دیکەی هەولێر فڕێدا، براکانی هەڵهاتن و باوکیشیان تەنیا ساڵ و نیوێک لە زیندان مایەوە و ئازاد کرا.

دوایین قوربانییەکانی نەریتی "شەرەفپارێزی" لە هەرێمی کوردستان، شادیە و شیلانن. شادیە جاسم، تەمەن 27 ساڵان، ڕۆژی 2019/9/1 لە بەردەم دادگای هەولێر بە دەستی هاوژینەکەی کوژرا. هاوژینی شادیە دوای دەستگیرکردنی بە (ڕووداو)ی گوتبوو: "شادیە پەیوەندی لەگەڵ زاواکەماندا هەبوو، دوای ئاشکرابوونیان هەردووکیان هەڵاتن، پاشان خۆیان ڕادەستی پۆلیس کرد. چاوەڕوانی ئازادکردنی بووم تاوەکو بیکوژم، ئەو ڕۆژە بە دەرفەتم زانی و بۆ کڕینەوەی ناموسی خۆم لەبەردەم دادگای هەولێر کوشتم".

شیلانیش لە ڕۆژی 2019/9/23 لە ناحیەی کەسنەزانی شاری هەولێر کوژرا. هاوژینی شیلان ماوەی پێنج ساڵە لە تورکیایە. شیلان چەند جارێک چووبووە دادگا و داوای کردبوو مێردەکەی بگەڕێتەوە یان لێی جیابێتەوە، بەڵام نەریمانی هاوژینی وەڵامی نەدابووەوە، دواتر شیلان پەیوەندی لەگەڵ گەنجێکی سەڵت بەستبوو، کاتێکیش براکانی پێیانزانی، هەردووکیان کوشتن و هەڵاتن.

### ئاماری قوربانیان

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، لە ساڵی 2010 وە تاوەکو ساڵی ڕابردوو 421 ژن بە پاساوی "شەرەف" کوژراون (لە هەولێر 182 ژن، دهۆک 94 ژن، سلێمانی 79 ژن، گەرمیان 38 ژن، ڕاپەڕین 14 ژن و لە سۆرانیش 14 ژن).

بەپێی ئامارە نافەرمییەکانیش لە 9 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 11 حاڵەتی ژنکوشتن بە پاساوی "شەرەف" هەبووە (لە هەولێر 4 ژن، لە دهۆک 4 ژن، لە سلێمانی 1 ژن و لە سۆرانیش 2 ژن).

### 42 ژنکوژ دۆسیەیان بۆ کراوەتەوە

تاوەکو ساڵی 2015 ژنکوژان بەپێی مادده 409 لە یاسای سزادانی عێراقی دادگایی دەکران کە ئەو ماددەیە زۆرتر بەناوی "غسل العار" ناوی ڕۆیشتووە، سزای بکوژ لە سێ ساڵ تێپەڕی نەدەکرد، بەڵام پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (7) لە ڕۆژی 2015/4/7 کارکردنی بە حوکمی مادده 409 لە یاسای سزادانی عێراقی ڕاگرت.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، لەدوای هەموارکردنەوەی مادە 409ی یاسای سزادانی عێراقی، تەنیا دۆسیە بۆ 42 کەس بە تۆمەتی کوشتنی ژنان بە پاساوی شەرەف کراوەتەوە، لەوانەش ئێستا 26یان لە زیندانن، ئەوانی دیکە یان هەڵاتوون و دەستگیر نەکراون، یاخود نەزانراوە کێن.

### بکوژەکان پەشیمان نین

بەگوتەی **توێژەرێکی** کۆمەڵایەتی کە زیاتر لە 10 ساڵە لەنێو یەکێک لە چاکسازییەکانی گەوران کاردەکات، ژنکوژەکان لە تاوانەکانیان پەشیمان نین. ئەو توێژەرە دەڵێت: "سەدان پیاوی بکوژم بینیوە کە بەبیانووی جۆراوجۆر خەڵکیان کوشتووە، ئەوانەی بەهۆی دەمەقاڵێ و لەسەر کێشەی زەویوزار خەڵکیان کوشتووە زۆریان پەشیمانن و دەڵێن پەلەمان کردووە، بەڵام هیچ تاوانبارێکی ژنکوژم نەبینیوە لە تاوانەکەی پەشیمان بێت، لەبەردەم پۆلیس و میدیاکانیش تەنیا بۆ ئەوەی سزاکەی کەم ببێتەوە دەڵێن پەشیمانین".

بە گوتەی ئەو توێژەرە، زۆربەی ئەو ژنانەی بە پاساوی شەرەف دەکوژرێن، کۆدەنگی خێزانەکانیان لەسەرە، بۆیە سکاڵا لەسەر بکوژ تۆمار ناکەن. هەندێکیش کە شارەزای یاسان تاوانەکە بە کەسانی خوار 18 ساڵ دەکەن، بۆ ئەوەی سزاکەی سووک بێ، بکوژەکانی ژنانیش بە پلەی یەکەم برا و باوکەکانیانن، زۆرترین کوژراوەکانیش ژنن و کەمتر کچانن".

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی تاوانی کوشتنی ژنان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕووداوەکانی کوشتن ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە زیادبوونن، کوشتنی ژنانیش بەگشتی بەناوی پاراستنی ناموسە".

زۆرترین ژن لە هەولێر کوژراون، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی هۆکارەکەی دەڵێ: "بەهۆی بەلێشاو هاتنی ئاوارە و هاتنی عەرەب و کرانەوەی خێرای کۆمەڵگا و بەربڵاویی تەکنەلۆژیایە بەتایبەت ئینتەرنێت و مۆبایل کە هۆکاری زۆرترین کێشەکانن".

بەگوتەی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر زۆربەی ئەو بکوژانەی سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە، دەستگیرکراون، بەڵام کاتێک ژنێک دەکوژرێت، باوکەکە تەنازول بۆ کوڕەکەی یاخود زاواکەی دەکات و ئاشتەوایی دەکەن، دواتر ئازاد دەکرێن.

هەر لەوبارەوە سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت: "زۆرترین بکوژانی ژن لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەستگیرکراون، ئەوانەش کە بۆ دەرەوە هەڵهاتوون لەڕێگەی پۆلیسی ئینتەرپوڵەوە داوای دەستگیرکردنمان کردوون".

> خوشکەکەم زیندووبێتەوە دەیکوژمەوە
>
> بکوژێک

بەپێچەوانەی قسەی گوتەبێژانی پۆلیسی سلێمانی و هەولێر، چالاکڤانانی ژنان پێیانوایە بکوژانی ژن دەستگیر ناکرێن. هانا شوان، چالاکڤانی ژنان بە (ڕووداو)ی گوت: "بەهۆی داڵدەدانی بکوژان و دەستگیرنەکردنیان ڕۆژبەڕۆژ دیاردەی ژنکوشتن زیاتر دەبێت". هانا شوان گوتیشی: "90%ی ژنان بەدەستی خێزان و بنەماڵەکانیان دەکوژرێن، نەک سکاڵا لەسەر بکوژ تۆمار ناکەن، بەڵکو بە سەروەری بۆی هەژمار دەکەن و پێیانوایە شەرەفی پاراستوون بۆیە ڕێگە بە دەستگیرکردنی نادەن، بەوجۆرەش بکوژانی ژن لە دەستی یاسا دەربازیان دەبێت و دەستگیر ناکرێن".

> سوڵح و سکاڵا تۆمارنەکردن ڕۆڵیان هەیە لەوەی بکوژانی ژنان سزایەکی کەم بدرێن
>
> داواکاری گشتی

حاجی عیزەدین عەبدوڵڵا، ڕاوێژکاری یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، ئاماژە بەوە دەدات، ژنکوشتن بە "پاساوی شەرەف" یەکێکە لەو تاوانانەی مافی گشتی تێدایە، چونکە کاریگەری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەبێت، بۆیە ئەگەر کەسوکاری کوژراوەکەش سکاڵا لەدژی بکوژ تۆمار نەکەن، دەبێ حکومەت ئەو ڕۆڵە ببینێ و بەدواداچوون بۆ کەیسەکانی ژنکوشتن بکات.

### هیچ بکوژێکی ژن لەسێدارە نەدراوە

لێبووردنی گشتی بکوژانی ژن بە پاساوی شەرەف ناگرێتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ بکوژێکی ژن بەپاساوی شەرەف، فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرنەچووە.

پارێزەر برزۆ سەعید دەڵێت: "هەرچەند لە ساڵی 2015ـەوە کارکردن بە مادەی 409 ڕاگیراوە، بەڵام ئەگەر بە بەڵگە و ڕاپۆرتی پزیشکی بۆ دادگا سەلمێنرا کە ژنەکە لەگەڵ کەسێکی دیکە بووە، دادگا دەستی سوک دەکات لە سزادانی تاوانبارەکان، بەڵام هەر تاوانێکی کوشتن بە پاساوی "شەرەف" بەبێ بەڵگە بوو، سزاکەی تا زیندانی هەتاهەتایی و لەسێدارەدانیش دەڕوات، هەرچەند تائێستا هیچ بکوژێکی ژن بە پاساوی "شەرەف" سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرنەچووە".

بە گوتەی ئەو پارێزەرە، دادوەرەکان بە گوێرەی جۆری کەیسەکان سزا بۆ بکوژان دادەنێن "بۆ نموونە ئافرەتەکە بووەتە مایەی تێکدانی خێزان و چەندینجار لەگەڵ چەند پیاوێک دەڕوات و بە کەس ڕاناگیرێت، دواتر دەکوژرێت. سزای بکوژەکە لای دادوەر جیاوازە لەو کەسەی کە بەهۆی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی ژنێک دەکوژێت".

لەبارەی دەستسووککردنی دادوەرەکان لە سزادانی بکوژانی ژن بە پاساوی "شەرەف"، حاکم دڵشاد فائیز، گوتەبێژی داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان دەڵێت: "دادگاکان بەپێی مادده یاساییەکانی 405 و 406 لە یاسای سزادانی عێراقی مامەڵە لەگەڵ بکوژەکان دەکەن. ئەمەش بەپێی چۆنیەتی تاوانەکە دەگۆڕێت، ڕاستە لە هەندێک کەیسی کوشتن ڕەچاوی هەندێک حاڵەتی وەکو پێشینەی تاوانبار و لایەنی خێزانی دەکرێت، بەڵام بەگشتی دادگا ئەو سزایەی بۆ بکوژەکان دیاری دەکات تەواون و لەجێی خۆیەتی". بەڵام دەشڵێت: "نەبوونی سکاڵای مافی کەسی، سوڵح و تەنازول کاریگەرییان لەسەر کەمبوونەوەی سزای بکوژەکان هەیە، بەڵام داواکاری گشتی ڕۆڵی خۆی بینیوە، هەمیشە گوتوومانە هەڵەیەکی گەورەیە بە چاوی بەزەیی تەماشای بکوژی ژنان بکرێ".





## پێشمەرگەیەک خۆی دەکوژێت

**رووداو- هەولێر**

لە ناحیەی پیرانی سەر بە قەزای مێرگەسۆر پێشمەرگەیەک لەنێو ماڵەکەی خۆیدا بە دەمانچە خۆی کوشتووە. پۆلیسیش دەڵێت لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە دەکەن. موقەدەم شەماڵ دیواری، گوتەبێژی پۆلیسی سۆران بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئێوارەی رۆژی 2019/10/18 تەرمی پیاوێک گەیەندرایە نەخۆشخانەی مێرگەسۆر، پۆلیس پەراوی لێکۆڵینەوەی بۆ رووداوەکە کردووەتەوە و بە فەرمانی دادوەر تەرمەکەی رەوانەی پزیشکی دادی کراوە". گوتەبێژی پۆلیسی سۆران گوتیشی: "ئەو کەسەی خۆی کوشتووە، لەدایکبووی 1976ە، دانیشتووی گوندی (کاولە باس)ی سەر بە ناحیەی پیرانە و پێشمەرگەیە. بەگوتەی کەسوکارەکەی، خۆی کوشتووە، لێکۆڵینەوەش لە رووداوەکە بەردەوامە".

# گەشتیارانی کورد لە "شیمالی ئێران" دەڕووتێنرێنەوە

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

ژمارەیەک گەشتیاری کورد لە باکووری ئێران لەلایەن چەند باندێکەوە دەڕووتێنرێنەوە. یەکێک لەو هاووڵاتیانە دەڵێت لەلایەن باندێکەوە ناچار کراوە دروشم لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بڵێتەوە، تاوەکو دواتر بەو هۆیەوە پارەی لێ بستێنن.

کامەران قادر، خەڵکی بۆکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە، وەستای دار و تەختەیە و ماوەی 12 ساڵە بۆ کارکردن هاتووەتە سلێمانی، لەگەڵ هاوڕێیەکی خەڵکی سلێمانی دەچنە ئێران، بەڵام لەلایەن باندێکەوە ئەشکەنجە دەدرێن و هەموو پارەکانیان لێدەستێنن.

کامەران بە (رووداو)ی راگەیاند: "رۆژی 2019/10/11 لەگەڵ شەماڵ کە هاوڕێمە و خەڵکی سلێمانییە، بۆ چارەسەری بڕبڕەی پشتی چووین بۆ تەورێز. ئێوارە گەیشتینە ناوچەی حەسەن روود لە نزیک بەندەر ئەنزەلی، گوتمان شەو دەمێنینەوە و سبەی دەچینە تەورێز. تابلۆیەک کە ژمارە مۆبایلێکی لەسەر بوو، لێی نووسرابوو ڤیلا بۆ کرێ، ئێمەش پەیوەندیمان پێوەکرد، بە تاکسییەک چووینە لای ڤێلاکە، کەمێک چاوەڕێمان کرد، ئۆتۆمبێلێک هات سێ کەسی تێدابوو، خاوەنەکەی ناوی حامید زولفەقاری بوو، بەتەنیا هات لەگەڵمان و چووینە نێو ڤێلاکە، ئەوانی دیکەش لەنێو ئۆتۆمبێلەکە مانەوە".

کامەران لەگەڵ خاوەنی ڤێللاکە بۆ شەوێک مانەوە بە 200 هەزار تمەن رێکدەکەون، ناسنامەکەی لێوەردەگرێ و بە بیانووی هێنانی پسوولە دەگەڕێتەوە لای ئۆتۆمبێلەکە، بەڵام کاتێک لەگەڵ دوو پیاوەکە دەگەڕێتەوە لایان، هەڕەشەیان لێدەکات و پێیاندەڵێت "ئێوە بۆ کاری بەدڕەوشتی هاتوون".

کامەران دەڵێت: "هەرسێکیان تەور و چەقۆیان پێبوو، لەوێ بە مست و دەسکی تەور لێیانداین".

کامەران کە تەمەنی 37 ساڵە و خێزاندارە، دەڵێت ئەو شەوە هەرچی پارەیان پێبووە لێیانستاندوون: "23 ملیۆن تومەن لەنێو حیسابەکەمدا هەبوو، ملیۆنێک تومەنی کاشیشم پێبوو، هاوڕێکەشم 200 دۆلار و 40 هەزار دیناری عێراقی و 200 هەزار تومەنی پێبوو، هەموو پارەکە و کەلوپەلەکانیان لێسەندین".

> **هاوکاریی ئەو گەشتیار و نەخۆشانە دەکەین کە لە ئێران فێڵیان لێدەکرێ**
> نازم دەباغ:

بەگوتەی کامەران، ئەو کەسانە باندی تاوانکاری بوون "ئەوانە کە خەڵکی شیمالی ئێران بوون، گرووپێکی مافیایی بوون و کاریان رووتاندنەوەی ئەو کەسانە بوو کە بۆ مەبەستی گەشتیاری و سەردانی پزیشک دەچنە ئەوێ. لە گۆشەیەکی ڤێلاکە چەندین جۆر خواردنەوەی کحولی دانرابوو، ئێمەیان بردە ئەوێ و گوتیان دەبێت بڵێین مەرگ بەر خامنەیی و خومەینی. پێمگوتن من خەڵکی بۆکانم ئەگەر ئەم ڤیدیۆیە بڵاوبکەیەوە لەسێدارە دەدرێم، بەڵام ئەوان هەڕەشەی کوشتنیان لێکردین و بە ناچاری من و هاوڕێکەم ئەو دروشمانەمان گوت".

کامەران دەشڵێ: "دواتر دەست و چاویان بەستین و ئێمەیان هێنا بۆ شوێنێکی دوور و چۆڵ و بەرەڵایان کردین. هەرچۆنێک بێت خۆمان گەیاندەوە حەسەن روود، پەیوەندیم بە هاوڕێیەکی پارێزەرمەوە کرد، ئەویش گوتی بڕۆن سکاڵا تۆمار بکەن، چونکە هەمووی بەزۆر پێتان کراوە، رووداوەکەمان بۆ پۆلیس باسکرد. ئەوانیش بردیانین بۆ ڤێلاکە و لێکۆڵینەوەیان کرد، بەڵێنیان دا پارەکانمان بۆ بگەڕێننەوە و باندەکەش دەستگیر بکەن، بەڵام باندەکە خەڵکیان هەبوو لەوێ، نەک هەر دەستگیرنەکران، بەڵکو مافی ئێمەش وەرنەگیرایەوە، بەناچاری گەڕاینەوە بۆکان".

بەپێی قسەی کامەران و شەماڵ، ئەو باندانە لە باکووری ئێران خەریکە زۆر دەبن و بەوجۆرە پارەی چەندین کەسیان خواردووە. ئەو دەڵێ: "کە لە پۆلیسی ئاگاهی بووین، دەیانگوت زۆر گەشتیار بۆ سێکس دەچنە ئەوێ، باندەکان ئافرەتی لەشفرۆشیان بۆ دەبەن، دوای چەند سەعاتێک کەسێک بەناوی برا یان هاوژینی ئافرەتەکە دەچێتە سەریان و هەڕەشەیان لێدەکات کە ئەگەر سوڵحیان لەگەڵ نەکەن و پارەیان نەدەنێ دەزگا ئەمنییەکانیان لێ ئاگادار دەکەنەوە. ئەو باندانە بەم شێوەیە کاردەکەن".

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران قسەکانی کامەران پشتڕاست دەکاتەوە. نازم عومەر دەباغ بە (رووداو)ی راگەیاند: "بەدڵنیاییەوە خەڵکانێک هەن کاریان بووەتە رووتاندنەوە و فێڵکردن لەو کەسانەی بۆ چارەسەری و گەشت سەردانی ئێران دەکەن".

> **لەژێر هەڕەشەدا گرتەی ڤیدیۆیی مەرگ بەر خامنەیی و خومەینییان پێ تۆمارکردین دەبن**
> هاووڵاتییەک

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران داوا دەکات هەر کەسێک وەکو کامەران و شەماڵ تووشی کێشە بوو، با پەیوەندییان پێوە بکات: "ئێمە هەمیشە دەرگامان کراوەیە بۆ ئەوانەی نەخۆشیان هەیە و بۆ چارەسەر دێنە ئێران، یان گەشتیارن و فێڵیان لێکراوە، ئەوانە دەتوانن سەردانمان بکەن بە هەموو شێوەیەک ئاسانکاری و هاوکارییان دەکەین، ئێمە وەرگێڕی خۆمان هەیە، لەگەڵیان دەنێرین بۆ ئەوەی رووبەڕووی ئەو کێشانە نەبنەوە و فێڵیان لێنەکرێ".

گوتیشی: "ئەوانەی دێنە لای ئێمە، ئەگەر بەڵگەی تەواویان لەسەر فێڵکردنەکە هەبێ، ئێمە لەڕێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە کاریان بۆ دەکەین، بۆیە ئەگەر تووشی کێشە بوون، پێویستە بێن لەلای ئێمە سکاڵا بکەن، ئەگەرنا هیچمان پێناکرێ".

# گەنجێک لە کۆیە خۆی دەکوژێت

**تریسکە شێرزاد**
**رووداو – هەولێر**

خێزانەکەی لە شیرینیی خەودا بوون کاتێک عەبدوڵڵا بە دەمانچەکەی باوکی گوللەیەکی نابوو بەسەر دڵی خۆیەوە. باوکی قوربانییەکە نازانێ کوڕەکەی بۆچی خۆی کوشتووە، هەرچەندە بەگوتەی هاوڕێیەکی عەبدوڵڵا، پێشتر هەستی کردبوو کە کوڕەکەی گۆشەگیر بووە.

عەبدوڵڵا تالب، تەمەن 19 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی ئازادیی کۆیە، سەعات یەکی شەوی 2019/10/10 بە دەمانچەی باوکی گوللەیەکی لە خۆی دا و خۆی کوشت.

عەمید عەلی عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە بە (رووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی لە رووداوەکە ئاگادار کراینەوە، تیمێکی پۆلیسی بەڵگە و تاوان چوونە شوێنی رووداوەکە، دەرکەوت کوڕێکی تەمەن 19 ساڵان لە ژوورێکی ماڵەکەیاندا بە دەمانچەی باوکی گوللەیەکی لەسەر دڵی خۆی داوە و دەستبەجێ مردووە".

سەبارەت بە هۆکاری خۆکوشتنی ئەو گەنجە، پۆلیس ئیفادەی لە کەسوکاری گەنجەکە وەرگرتووە، ئەوان گوتوویانە نازانن کوڕەکەیان بۆچی خۆی کوشتووە. تەنیا ئەوەندە دەزانن کوڕەکەیان ماوەیەک بوو گۆشەگیر بووبوو. پۆلیس دەڵێت لە لێکۆڵینەوەکانیان بەردەوام دەبن، بۆ ئەوەی بزانن ئەو گەنجە بۆچی خۆی کوشتووە و ئایا کەس لە پشت رووداوەکەیە یان نا.

( رووداو) پەیوەندی بە باوکی عەبدوڵڵاوە کرد، ئەو گوتی لەدەستدانی کوڕەکەی زامێکی هێندە بە سوێیە کە ناتوانێ قسەی لەسەر بکات، تەنیا ئەوەندەی گوت: "تەندروستیم جێگیر نییە، ئێستاش باوەڕ ناکەم کوڕەکەم خۆی کوشتبێ".

عەبدوڵڵا کوڕی گەورەی ئەو ماڵە بوو، دوو برای لە خۆی بچووکتری هەیە، پێشتر وازی لە خوێندن هێناوە و تاوەکو ساڵێک لەمەوبەریش کرێکاری دەکرد.

هەکاری لوقمان کە نزیکترین هاوڕێی عەبدوڵڵایە و دراوسێی بووە، دەڵێت ئاگاداری وردەکاریی ژیانی عەبدوڵڵا بووە. هەکاری گوتی: "عەبدوڵڵا نزیکترین هاوڕێی من بوو، هەموو شتێکی لای من باس دەکرد، هیچ کێشەی نەبوو، چەند ساڵێک دەبێت وازی لە خوێندن هێناوە و کرێکاری دەکرد، بەڵام ساڵێک بوو وازی لە کرێکاریش هێنابوو. هیچ ئیشێکی نەدەکرد".

وەک هەکاری باسی دەکات، عەبدوڵڵا هەر کاتێک بێ تاقەت بووایە دەچووە لای ئەو، هەمیشە وەکو برا گەورەیەک سەیری کردووە و پرس و رای وەرگرتووە.

هەکاری کە دووکانی هەیە، گوتی: "ماوەیەک لەمەوبەر عەبدوڵڵا هاتە دووکانەکەم، زۆر بێ تاقەت دیار بوو، چاوەڕێ بووم پێمبڵێ بۆچی بێتاقەتە، چونکە هیچ شتێکی لە من نەدەشاردەوە، بەڵام هیچی نەگوت".

کاتێک هەکاری لێی دەپرسێ بۆچی بێتاقەتی، دەڵێت چاوم زۆر کز بووە، چووم بۆ لای دکتۆر، چاویلکەی بۆ داناوم و پێیگوتووم هەر دەبێت لەچاوی بکەی، منیش رقم لێیەتی، بۆیە وا بێتاقەتم.

هەکاری زۆر ئامۆژگاری هاوڕێکەی کردووە کە بە قسەی دکتۆر بکات و چاویلکە لە چاو بکات، بۆ ئەوەی بینایی لەدەست نەدات، بەڵام ئەو بە قسەی نەکردووە.

هەکاری دەڵێت: "هەستم کرد بەهۆی ئەو چاوکزبوونەی باری دەروونی تێکچووە". تەنانەت باوکی عەبدوڵڵاش هەستی بە کوڕەکەی کردبوو کە کز و گۆشەگیر بووە، بۆیە چەند جارێک لە هەکاریی پرسیبوو "عەبدوڵڵا چ کێشەیەکی هەیە؟".

هەکاری رۆژێک پێش رووداوەکە هاوڕێکەی زۆر بەبێتاقەتی بینیوە و دەڵێت: "رۆژێک پێش ئەوەی عەبدوڵڵا خۆی بکوژێت، سەعات 12ی شەو لە پێش دەرگا یەکدیمان بینی، هەستمکرد باری دەروونی زۆر خراپ بوو، پرسیارم لێکرد بەڵام هیچی نەگوت". هەکاری بۆ رۆژی دواتر هەواڵی مەرگی هاوڕێکەی بیست.



### نەخۆشیی جەستەیی دەروون تێکدەدات؟

دکتۆر دانیاڵ سەعدی، پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان دەڵێ: "زۆرجار ئەوانەی تووشی نەخۆشیی جەستەیی دەبن، بەتایبەت ئەگەر نەخۆشییەکە درێژخایەن بێ، تووشی حاڵەتێکی دەروونی دەبن و بێهیوا دەبن لە ژیان. پێشتریش چەند حاڵەتێکی لەو شێوەیەمان هەبووە کە کەسێک بەهۆی نەخۆشی هەوڵی خۆکوشتنی داوە".

گوتیشی: "کاتێک خێزانێک هەست دەکەن یەکێکیان تووشی نەخۆشی جەستەیی بووە و بەو هۆیەوە باری دەروونی تێکچووە، دەبێ بە زووترین کات بیبەن بۆ لای پزیشکی دەروونی".

# رێکخراوێک بەر لە هاوسەرگیری رێنمایی گەنجان دەکات



ئەمساڵ 221 گەنج بەشدارییان لە خولی رێنمایی بەر لە هاوسەرگیری کردووە

**تریسکە شێرزاد**
**رووداو – هەولێر**

رێکخراوێکی ئافرەتان، زنجیرەیەک خول بۆ گەنجان دەکاتەوە و رێنمایی پێش هاوسەرگیرییان دەداتێ، ئەمساڵ 221 گەنج بەشدارییان لە خولەکانی رێکخراوەکەدا کردووە و دەڵێن سوودی زۆریان لەو خولانە بینیوە.

بەشی رێنمایی پێش هاوسەرگیری، بۆ یەکەمجار لە ساڵی 2015 لە پەیمانگەی هێلینی سەر بە یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان کرایەوە، بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە بەشەکە داخرا.

نەسرین حەسەن کە بەرپرسی بەشی رێنمایی پێش هاوسەرگیرییە، دەڵێت تێبینییان کردبوو زۆربەی ئەو کێشانەی بۆیان دێن، پەیوەندییان بە نێوانی هاوژینەکانەوە هەیە و کاتێک لەبارەی کێشەکەیان لێیان پرسیون، گوتوویانە ئەوان پێش هاوسەرگیری هیچ زانیارییەکیان نەبووە.

ساڵی 2015 بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئەم بەشە داخرا، بەڵام سەرەتای ئەمساڵ جارێکی دیکە چالاک کرایەوە. یەکەم خولی پێش هاوسەرگیری لە مانگی شوباتی ئەمساڵ بۆ خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان کرایەوە. نەسرین دەڵێت "بەدەمەوەهاتنێکی باش لەلایەن قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان بۆ خولەکە هەبوو".

لەو خولانەدا باسی چوار تەوەر دەکرێن کە هەر تەوەرێک لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە پێشکەش دەکرێن، ئەوانیش: دەروونی، تەندروستی، یاسایی و کۆمەڵایەتی. هەر خولێکیش ماوەی دوو رۆژ دەخایەنێ و دواتر بڕوانامە دەدرێتە بەشداربووان.

نەسرین باسی کاریگەرییەکانی ئەو خولانە لەسەر زیادبوونی پرۆسەی هاوسەرگیری دەکات و دەڵێت: "زۆربەی ئەوانەی بەشدارییان لەو خولانەدا کردووە، پێشتر رەتیاندەکردەوە هاوسەرگیری بکەن و دەیانگوت ئەرکێکی قورسە، بە تایبەت کوڕەکان، بەڵام دوای خولەکە بیرکردنەوەیان گۆڕاوە".

ئیدریس ئەحمەد، 23 ساڵ و دانیشتووی شاری هەولێر کە بەشداری لە خولی رێنمایی پێش هاوسەرگیری کردووە، دەڵێت: "پێشتر هیچ زانیارییەکم لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری نەبوو، هاوڕێکانم ئەوانەی ژنیان هێناوە دەیانگوت پەشیمانین. بەڵام من ئەگەر هاوسەرگیری بکەم پەشیمان نابم، چونکە لەو خولەدا هەموو لایەنەکانیان بۆ روون کردینەوە کە چۆن بڕیار بدەدەی هاوسەرێکی گونجاو بۆ خۆت هەڵبژێری".

بەشی رێنمایی پێش هاوسەرگیری کە سەر بە پەیمانگەی هێلینی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانە، ئەمساڵ هەشت خولی بۆ گەنجان کردووەتەوە، سێ لەو خولانە تێکەڵاو بوون، پێنج خولیش تەنیا بۆ کچان بووە. دوو لەو خولانەی کچان بۆ ئەوانە بووە کە کچی ماڵەوەن. لە هەر خولێکدا 25 – 28 کەس بەشدارییان کردووە. تاوەکو ئێستاش 221 کەس (181 کچ و 40 کوڕ) بەشدارییان لەو خولانەدا کردووە.

نەسرین دەڵێت: "ئامانجمان لە کردنەوەی ئەو بەشە پێدانی هۆشیاری و زانیارییە بە کچان و کوڕان لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری، بۆ ئەوەی لەداهاتوودا کە چوونە نێو ئەو پرۆسەیە، هاوسەرگیرییەکەیان سەرکەوتوو بێت".

شاناز محەممەد کە یەکێکی دیکەیە لە بەشداربووانی خولی رێنمایی پێش هاوسەرگیری، دەڵێت: "زۆر شتی باش فێربووم، بە تایبەتی لەلایەنی یاسایی و کۆمەڵایەتی، ئەگەر شووم کرد و کێشەم هاتە پێش دەزانم چۆن چارەسەریان بکەم".

نەسرین دەڵێت ئەوان دەیانەوێ زۆرترین کەس لەو بەشە سوودمەند بن، بۆیە جگە لە کردنەوەی خول، لە رادیۆکەشیان (رادیۆی هێلین) بەرنامەیەکیان هەیە بەناوی رێنمایی پێش هاوسەرگیری، لە هەر بەرنامەیەکدا میوانداری کەسێکی پسپۆڕ دەکەن، تاوەکو ئەوانەی بواریان نییە بەشداری خولەکە بکەن، سوود لەو بەرنامەیە وەربگرن.

خولەکان تاوەکو ئێستا تەنیا لە سنووری پارێزگای هەولێر کراونەتەوە. نەسرین دەڵێت پلانی داهاتوویان ئەوەیە لە پارێزگاکانی دیکەی کوردستانیش خول بکەنەوە، بۆ ئەوەی زۆرترین کوڕ و کچی کوردستان لێی سوودمەندبن.

بەپێی ئاماری بەشی کۆمەڵایەتیی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، لە 2018/9/1 تاوەکو کۆتایی مانگی ئابی ئەمساڵ 132 کەس کێشەی خۆیان بردووەتە ئەو بەشە کە زۆربەیان پەیوەندییان بە ژیانی خێزانییەوە هەبووە.

ئیلهام سەبری، راوێژکاری بەشی کۆمەڵایەتی لە یەکێتی ئافرەتان بە (رووداو)ی گوت: "لەو 132 کەیسە 84 کەیسیان پەیوەندی بە ژیانی خێزانییەوە هەبووە. کاتێک لێیان دەپرسی کێشەتان چییە، دەڵێن ناگونجێین و دەمانەوێ جیاببینەوە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرەتا لە دەستنیشانکردنی هاوژیندا پەلەیان کردووە و بڕیارێکی دروستیان نەداوە، بۆیەش دواتر پەشیمان دەبنەوە".

### ئامارەکانی دادگا چی دەڵێن؟

بەگوێرەی ئاماری سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە لە هەولێر، لە ساڵی 2017دا 14 هەزار و 628 گرێبەستی هاوسەرگیری کراوە، لە بەرامبەریشدا 2985 حاڵەتی جیابوونەوە لە پارێزگای هەولێردا هەبووە، کە 929 حاڵەتیان بەهۆی نەگونجان لەگەڵ یەکدی بووە. هەروەها ساڵی رابردوو 15 هەزار گرێبەستی هاوسەرگیری لە دادگا تۆمارکراون و 3598 حاڵەتی جیابوونەوەش هەبووە کە 1100 یان بەهۆی نەگونجانەوە بووە

# یەکێتی و نیولیبراڵیزم





مامۆستا جەعفەر

## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست:

نیولیبراڵیزم — Neolibralism — یان لیبراڵیزمی نوێ: چەمکێکی سیاسی و ئابوورییە و بە ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی هەزاران لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراوە. ئەم ڕێبازە فیکری و ئایدیۆلۆژییە، لەسەرانسەری جیهاندا لایەنگر و بەرهەڵستکاری هەیە. لایەنگرانی، لە ڕۆژاوا برەویان بەم ڕێبازە داوە و بەشێک لەبەرنامە و سیاسەتی نیولیبراڵ کاریگەری لەسەر مێشک و هزر و ڕەفتاری خەڵک داناوە. لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگییەوە، ئەم ڕێبازە ڕەنگیداوەتەوە و دەیەوێت زمان، بیر، ویست و هەڵوێست، لە مرۆڤ وەربگرێتەوە و بۆ ئامرازێکی بێ گیان و هەست و هزر بیگۆڕێت.

ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی ژان تسیگلەر دەنووسێت: "فاشیزمی ئەڵمانی پێویستی بە ماوەی (6) ساڵ بوو بۆ ئەوەی بتوانێت (56) ملیۆن مرۆڤ لەناوبەرێت. سیستمی ئابووریی نیولیبراڵ، دەتوانێت تەنیا لەماوەی یەک ساڵدا ئەم کارە بکات.." [1]

> ئێستا زۆربەی سەرکردایەتی یەکێتی نامۆن بە مێژووی خۆیان

هەڵمەتی هەڵپاچین و داپاچین، زانکۆ و خوێندنی باڵای گرتووەتەوە و دەستکاری سیستمی خوێندنی باڵا دەکرێت و ناوی لێنراوە: (شۆڕش لەسەرەوە) یان شۆڕشی کەمینە دژی بەرژەوەندیی زۆرینە.

بیرمەندێک پێیوایە پلان و گۆڕانکارییەکانی لیبراڵیزمی نوێ دەیەوێت قۆناخی زیندووکردنەوەی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی بهێنێتە پێشەوە، گوایە: هەڵوەشاندنەوەی (کەرتی گشتی) و سەپاندنی (تایبەتاندن) (Privatization [2] ئەم پرۆسەیە دەسەڵاتی نوێی داسەپاندووە کە لەگەڵ دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی [3] هاوشێوەیی و هاوڕەنگی بەرجەستە دەبێت. ئەم دیاردەیە نێوی لێنراوە Refeudalization ، سەیر ئەوەیە ماکس ڤێبەر (1864— 1920) پێش نزیکەی سەد ساڵ ئاماژەی بە گەشەکردنی بیرۆکراسی کردووە کە دەبێ دەزگای بیرۆکراسی هەر زۆر لە (ماڵ)ەوە دووربێت و نابێ (فەرمانگە) بەشێک بێت لەماڵ یان بە ماڵەوە گرێبدرێت. ئێستا نیولیبراڵەکان (فەرمانگە)و پلە و پۆست و جێگەی کاریان وەکو بەشێک لە موڵک و ماڵی خۆیان دەبینین و حزب و پۆست بۆ دەستکەوت و پارە پەیداکردن بەکاردەهێنن و ڕێگە نادەن کەس لە سنووری دەسەڵات و کورسیی ئەوان نزیک ببێتەوە. [4]

چینی دەسەڵاتدار و سەرەوەی کۆمەڵ لە ڕۆژاوا، پشتیوانی لەم ئایدیۆلۆژیایە دەکات. ئەوان دەزانن بۆ دەبێ داکۆکی لەم ڕێبازە بکەن. زۆر چاک دەزانن ئەم ئایدیۆلۆژیایە کاریگەری فرەلایەنی هەیە و سوود و قازانجی بۆیان هەیە.

لە ڕۆژهەڵات بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ئەم ئایدیۆلۆژیایە لە بازاڕ و مۆڵ و ناوەندی بڕیاری سیاسی، بە زەقی ڕەنگیداوەتەوە و زیانی خۆی لە کۆمەڵ و فەرهەنگی سیاسی داوە.

کەسانێک هەن یەک دێڕیان لەسەر لیبراڵیزمی نوێ نەخوێندووەتەوە، کەچی بەکردەوە هەر زۆر لە نیولیبراڵەکان نیولیبراڵترن!

ڕاستە نیولیبراڵیزم لە ڕۆژاوا سەری هەڵداوە و لایەنگری خۆی هەیە، بەڵام ئەم ڕێبازە دوژمن و بەرهەڵستکاریشی هەیە. لەسەر ئاستی جیهان، بەرە بەرە خەریکە بەرەیەکی فراوان بەرامبەر ئەم ئایدیۆلۆجیایە دروست دەبێت. بەهەزاران ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی، کەسایەتی گەورە، هێزی سیاسی ڕەخنەی توند و زانستی لەم ئاڕاستەیە دەگرن [5]. لە هەموو ڕوویەکەوە مەترسییەکانی بۆ سەر کۆمەڵ و ژینگە و داهاتووی مرۆڤایەتی دەخەنە بەرچاو [6]. لە ئەمریکا، فەرەنسا، بەریتانیای گەورە، ئەڵمانیا و سویسرا کار لەسەر ئەم بابەتە دەکەن و بە بەڵگە و داتا کێشەکان بۆ خەڵک ڕوون دەکەنەوە. بابەتەکە لەناو پەرلەمان شەڕە دەنووکی لەسەر دەکرێت. زانکۆ و ناوەندە زانستی و فەرهەنگییەکان، بەکۆڕ و سیمینار دەورێکی گرنگ لە ڕیسواکردن و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەم ڕێبازەدا دەگێڕن.

### لیبراڵیزم و نیولیبراڵیزم

چەمکی لیبراڵیزم لەڕووی زاراوەسازی و ئیتمۆلۆژیەوە، ڕەنگە سەرنج بۆ لای ئەوە رابکێشێت: لێکچوون و نزیکبوونەوەی لەگەڵ (لیبراڵیزمی نوێ)دا هەبێت و لەچەند دەرگاو پەنجەرەیەکەوە بە یەک بگەن! ئەوەی ڕاستی بێت، ئەم دوو (فێرگە) و (ئاراستە) و (ئایدیۆلۆژیا)یە هەر زۆر لەیەکەوە دوورن، هەریەکە (دید) و (تێڕوانین) و (جیهانبینی) خۆی هەیە و ڕایەڵ و دیواری هاوبەشیان نییە!

لیبراڵیزم جاران بڕوای بە بازاڕی ئازاد، بازرگانیی ئازاد و ئازادیی تاک هەبوو. نوێنەرانی ئەم ڕێبازە بڕوایان بە مافی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەبوو. فەیلەسووف و ئابووریناسی بەناوبانگ ئادەم سمیس — Adam Smith — (1723 — 1790) نووسەری کتێبی سامانی گەلان — The Wealth of Nations — یەکێکە لە رابەرانی بیری لیبراڵیزم. ئادەم سمیس ناسراوترین پێشەوای بزاڤی ڕۆشنگەریی سکۆتلەندەیە و کتێبی بەنرخی لەسەر پەروەردە داناوە. ئەو لە کتێبی (سامانی گەلان)دا دەنووسێت: "دادپەروەری کۆڵەگەیەکی سەرەکیی تەلاری کۆمەڵی مرۆڤایەتییە. لەم هاوکێشەیەدا ئەگەر دادپەروەری دەرهاوێژرا، کۆمەڵ بەجارێک هەرەس دەهێنێت.. تاد" [7]. پێشەنگەکانی تری بیر و فێرگەی لیبراڵیزم، بەگیانی ڕۆشنگەری دیموکراسییەوە قسەیان لە ئازادی و دادپەروەری و مافی مرۆڤ کردووە.

لیبراڵەکان دەمێکە ئاڵای دژایەتی نیولیبراڵەکانیان بەرزکردووەتەوە و سەرهەڵدانی نیولیبراڵیزم بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئازادی و بازاڕی ئابووری دادەنێن. ناسراوترین کەسایەتی لیبراڵ (ڤیرنەر فۆنتۆبل)ە، کە ژمارەیەک کتێب و لێکۆڵینەوەی لەسەر جیاوازیی ڕێبازی لیبراڵ و نیولیبراڵیزم نووسیوە. [8]

نیولیبراڵیزم، بیر و هزری تەنیا لای گەشەپێدانی بازاڕی ئابووری و فراوانکردنی دەستکەوت و قازانج و سەرمایەی زەبەلاحە، بەبێ ئەوەی هێز و وزەی زۆریان لەو پرۆژەیەدا سووتاندبێت: یەکگرتنی دوو بانک دەبێتە هۆی ئەوەی (10.000 ــ 15.000) کرێکار و کارمەند و فەرمانبەر ڕەوانەی ماڵەوە بکرێن. جێگەی ئەمانە بە ڕۆبۆت و ئامێری دیجیتاڵ پڕ دەکرێتەوە. لە سۆنگەی ئەم یەکگرتنەدا، قازانجی بانکی نوێ چوار پێنج ملیار دۆلار تێدەپەڕێنێ. لای بەڕێوەبەرە باڵاکان و خاوەن پشکە زۆرەکان ئەم (دەستکەوت) و (قازانج) و (سەرکەوتن)ە، زۆر لەسیاسەت و حزب و فەرهەنگ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی گرنگترە! سیاسەت و کار و چالاکیی ئەوان تەنیا لەخزمەت (پارە) پەیداکردن و (پارە) کۆکردنەوە و بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی داراییە و هیچی تر!

نوێنەرانی لیبراڵیزمی نوێ دوژمنی سەرسەختی دیموکراسین. ئەمانە بڕوایان بە هەڵبژاردن و دەستاودەستی دەسەڵات نییە. ئەوان تا ئەوکاتە لایەنگری دیموکراسین، دەسەڵات لەدەست ئەو چینەدا بمێنێتەوە و بەرژەوەندیی ئەوان نەکەوێتە مەترسییەوە. ئێستا لەچاو سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، سەندیکای کرێکاران لاوازتر کراوە، هێزە دیموکرات و سۆسیال ــ دیموکراتەکان پاشەکشەیان پێکراوە و سەردەمی (ڤیللی برانت، ئۆلف پالمە، کرایسکی، هیلمۆت شمت،..) بەسەرچوو.

> لێپرسراوی زۆر باڵا هەیە، لە پارەوە سەد جار لەبەردەم میدیاکان دەرکەوتووە و یەک جار نەیفەرمووە: من یەکتێیم!

### دەوڵەتی یاسا و دەوڵەتی سۆسیال

نیولیبراڵەکان خاچی هەڵتەکاندنی دەوڵەتی یاسا و دەوڵەتی سۆسیالیان لەسەر شان داناوە، لەبەر ئەوەی دامەزراوە دیموکراسی و قانونییەکان لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەواندا ناگونجێت. لە سۆنگەی هەڵپاچین و داپاچینی دامەزراوەکانی کەرتی گشتی (هاتوچۆ و پۆست،..) هاووڵاتی دەبێ چاوەڕوانی گرانکردنی تکتی شەمەندەفەر بێت و ئاستی خزمەتگوزاریش دابەزیوە. خوێندکاران لە هەلومەرجی نەگونجاودا دەبێ خوێندن بەسەربەرن.

هەشتاکانی سەدەی پێشوو، بیمەی تەندروستی بە بڕێک بەشداریی کەم خزمەتێکی زۆری پێشکەشی نەخۆش دەکرد: دەرمانخانەکان بۆ هەر دەرمانێک کە دکتۆر لەسەر ڕاچێتە دەینووسی، تەنیا دوو مارکی دەدا. ئێستا دەرمان وەکو ئاگری لێهاتووە. دکتۆری ددانیش بۆ هەر دانیشتن و چارەسەر و ئامۆژگارییەک داوای پارەی زۆر لە نەخۆش دەکات.

یارمەتی دەوڵەت و ئاسانکاری و سووککردنی باری هاووڵاتیان (مووچەی بێکاری ــ بۆ نموونە) گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە. [9]

### نیولیبراڵەکان چییان دەوێت؟

نیولیبراڵەکانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات یەک دروشمی ناوەندییان هەیە: (پارە) پەیداکردن و دەستگرتن بەسەر سەرچاوە داراییەکان و دڵنیابوون لە بێدەنگبوونی خەڵک. ئەو ڕاوەڕووتی خۆی دەکات و سامانی وڵات بە تاڵان دەبات، بەڵام هاووڵاتیان نابێ (ئاژاوە) بنێنەوە و زیان بە دەوڵەت بگەیێنن. مووچە کورت دەکرێتەوە و باج بەرز دەکرێتەوە، نابێ ڕێپێوان و خۆپیشاندان و مانگرتن ڕوو بدەن. هاووڵاتیان دەبێ پشتێنەکەیان توند بکەنەوە و لەو پاشەکەوتە خۆیان بژێنن کە پێشتر پاشەکەوتیان کردووە. نابێ دەوڵەت بەرپرسیارێتی خۆی دەستۆ بگرێت، هەر لەبەر ئەوەی هاووڵاتی کەمتەرخەم بووە و (ڕۆژی ڕەش)ی لەبەرچاو نەگرتووە.

ڕاینەر ماوزفێڵد (Rainer Mausfeld)، پرۆفیسۆرێکی ئەڵمانییە، ساڵی 2019 کتێبێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (بۆ بەرخەکان بێدەنگن؟) [10] ئەم کتێبە دەنگیدایەوە و هەر ئەمساڵ دوو جار چاپکراوە و نووسەرەکەی چەندین کۆڕی بۆ گێراوە و زۆربەیان لە یوتیوب بڵاوکراونەتەوە. یەکێکیان لە ماوەیەکی کەمدا 200 هەزار بینەری هەبووە. ماوزفێڵد بەچڕی باسی میکانیزمی بێدەنگکردنی خەڵکی خستووەتە ڕوو. کاتێک یەلەک زەردەکانی پاریس خۆپیشاندانیان کرد، ماوزفێڵد کۆڕێکی تایبەتی لەسەر ئەوە گرت و ناوی کۆڕەکەی نا (بەرخە یەلەک زەردەکان هاتنە دەنگ).

### نیولیبراڵیزمی کوردی

یەکێتی جاران خۆی بە ڕێکخراوێکی چەپ، شۆڕشگێڕ و کوردستانی دادەنا. خۆی بە حزبی ڕۆشنبیران و شۆڕشگێڕان و ڕەنجدەران دادەنا. ئێستا زۆربەی سەرکردایەتی ئەم حزبە نامۆن بە مێژووی خۆیان. مریشکە و لاسایی قاز دەکاتەوە. ئەوانە ڕۆژانە نەفرەت لە ناسنامەی کۆن و ڕابوردووی گەلەکەیان دەکەن. ڕقیان لە بیروباوەڕی چەپ و شۆڕشگێڕ و چینی ڕۆشنبیرە. دوژمنی سەرسەختی دیموکراسی و بیروڕای مۆدێرنن. بەهۆی ئەم جیهانبینی و هەڵوێستە گۆڕینەوە لە هەڵبژاردنی 2018/9/30 ڕێژەی دەنگەکانی یەکێتی بۆ 21% دابەزیوە لەچاو هەڵبژاردنی 1992.

پاژێکی سەرکردەکان ڕەنگ و خووی بازرگان و بەڵێندەریان گرتووە: بە ڕێکەوت گوێ لە دەنگوباس دەگرن و ڕۆژنامە دەخوێننەوە. کوڕەکانیان، چەند ئۆتۆمبێلێکی جامڕەش پاسەوانییان دەکات. ئەم سەرکردانە بڕوایان بە دیموکراسی و هەڵبژاردن نییە و بڕوایان بە کڕینی دەنگ و گۆڕینی ئەنجامی هەڵبژاردنە بۆ ئەو کاندیدانەی گوێڕایەڵ و بێدەنگ و سەر بە باڵی ئەوانن، دەربچن و لە هۆڵی پەرلەمان بە ڕیمۆت کۆنترۆڵ کار بکەن.

پێوەری کەسایەتی کادر و ئەندامان لای ئەوان هێز و دراوە. کەسێک دۆلارێکی نەبێت دۆلارێک ناهێنێت. کەسێک ڕێزی خۆی و خەڵک بگرێت لای ئەوان زۆر سووک و سەلیمە. ئەمانە دەیانەوێت یەکێتی نەک چەند باڵ و سەکۆ و فراکسیۆنێک بێت، بەڵکوو تەنیا چەتری پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی ئەوان بێت. ئەوان باش لەو ڕاستیە تێگەیشتوون: یەکێتی نەبێت ئەوانە کێ دەسەڵاتیان دەداتێ و حیسابیان بۆ دەکات؟ بۆیە دەیانەوێت یەکێتی بمێنێتەوە، بە مەرجێک لەبن دەستی خۆیاندا بێت. دوای خۆشیان کوڕەکانیان جێگەیان بگرنەوە. واتە: بۆ داهاتووی نزیک چەند بنەماڵە دروست بێت و ئەوانە بە تەنیا قۆرخ و پاوانی دەسەڵات و بڕیاری سیاسی و داهاتی کۆمپانیای نۆکان بکەن. لای ئەوان ڕێکخستن و مەڵبەند و کەرت و کۆمیتە و مەکتەب و ناوەند تووڕێکی قوڕاوی ناهێنێت. مێژووی یەکێتی و فیداکاریی شەهیدان و زیندانی سیاسی و کەسوکاریان لەدوو چەپک کوزەڵە هەرزانترە. هزر و بیر لای ئەمانە باس بکەیت وادەزانن گوێزیان بۆ دەژمێریت... تاد.

> ئەم سەرکردانە بڕوایان بە دیموکراسی و هەڵبژاردن نییە و بڕوایان بە کڕینی دەنگ و گۆڕینی ئەنجامی هەڵبژاردنە

پاژێک لەم سەرکردانە پێش 2016 باسی ((شەفافیەت))یان دەکرد! واتە: دەبێ داهاتی دارایی یەکێتی بە کراوەیی بە بەرچاوی ئەوانەوە بێت. دیارە ئەو سەرکردانە مەبەستیان (شەفافیەت) و ترانسپرێنت نەبوو. مەبەستیان لە شەفافیەت ئەوە بوو: پارە و داهات بخرێتە بەردەستی ئەوان. هەر ئەوکاتە من لە کەناڵێکی ئاسمانی گوتم: ((ئەمانە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی گەورەن. با ئەوان لە خۆیانەوە دەستپێبکەن! بۆ لەخۆیانەوە دەستپێناکەن؟ لەخۆیانەوە دەستیانپێکرد و موڵک و ماڵی خۆیان لەبەردەم (دەستەی ئەستۆپاکی) خستەڕوو، ئەوکاتە ڕچە دەشکێنن و بڕوای کۆمەڵانی خەڵک وەدەستدەهێنن..)) ئەوانەی ئەوکاتە شەو ڕۆژ داوای شەفافیەت و ئاشکراکردنی سامان و موڵک و ماڵی یەکێتییان دەکرد، ئەمڕۆ دەنگیان لێوە نایەت و دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە. کەسیش ئەمڕۆ مافی نییە باسی شەفافیەت و چاکسازی و پاکسازی بکات.

ئەگەر بە ڕابردوو بێت، بە پەیڕەو و پرۆگرام بێت، یەکێتی حزبێکی سۆسیال ــ دیموکراتە. سۆسیال ــ دیموکرات بەتەنیا بەسەرزارەکی نابێت، دەبێ بە کردەوە ئەو سەرکردانە سۆسیال ــ دیموکرات بن! دەبێ سەرسەختترین داکۆکیکار بن لە دەستکەوت و قازانجی هەژار و چەوساوە و لێقەوماوان.

دەبێ قورسترین شەڕ لەپێناوی دیموکراسیدا بکەن. دەبێ ئەوانە، بە دیمەن، هەڵسوکەوت، گیرفان، ماڵ، ئۆتۆمبێل، نوێنەرایەتیان لە پەرلەمان و داوودەزگای دەوڵەت، سۆسیالیست و دیموکرات بن، نەک فیرعەون و نمروود و جەنگیزخان. من سەرۆکی چینم بینیوە، بەسواری یەک ئۆتۆمبێل ڕۆیشتووە و خۆم خواحافیزیم لێکردووە. جگە لە من و وەرگێڕەکان کەس بەدوایەوە نەبوو. ئەنگێلا مێرکل خۆی و مێردەکەی دوو قۆڵی بۆ بازاڕ دەچن و کولەکە و تەماتە و کەرەوز دەکڕن.

پێویستە لەم کۆنگرەیەی یەکێتیدا، ئەندامانی کۆنگرە پێشەکی ئەوە ساخبکەنەوە: ئایا سۆسیال ــ دیموکراتن یان نیولیبراڵن؟ من یەک دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەناو ئەم یەکێتییەدا بەدی ناکەم! کادرێکی لاوی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەی بەرز دەبینم، گیرفانی 250 دیناری تێدا نییە، برای پاسەوانی لێپرسراوێک دەناسم، ئۆتۆمبێلی لکسسی هەیە و ڤێلایەکی جوانی لە مێرگەپان هەیە. گوایە: ئەو لێپرسراوە سۆسیال ــ دیموکراتە. لێپرسراوی هەر زۆر باڵا هەیە: لەپارەوە سەد جار لەبەردەم میدیاکان دەرکەوتووە و یەک جار نەیفەرمووە: (من یەکتێیم!).

بودجەی ساڵانەی سعودیە ڕادەستی ((هەڤاڵان))ی نیولیبراڵی کوردی بکرێت، بەشی چوار ڕۆژیان ناکات.. کەواتە: دەبێ کۆنگرەی داهاتوو ((چوارەم)) ئەگەر پاش بڵاوبوونەوەی ئەم گوتارەی بەندە ببەسترێت و بۆ کاتی نادیار دوانەخرێت، کۆنگرەی چاکسازیی بنەڕەتی بێت و کۆنگرەی پینەو پەڕۆ و ماچ و مووچ و قاچ و قووچ و تەزویری دەنگ و شێواندنی ئیرادەی دڵسۆزان و خەمخۆران و مافخوراوانی یەکێتی نەبێت.

دەبێ سەرجەم ئەندامانی ی.ن.ک بڕوای سەدا سەدیان بەراستگۆیی سەرکردەکانیان هەبێت. سەرکردایەتی دەبێت بەکردەوە ئەوە بسەلمێنێ کە پەیڕەوی لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکرێت و ژیان و گوزەرانی ئەوان لەگەڵ سادەترین کادردا، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. کادرە پێشکەوتووەکان قەناعەتی نەگۆڕیان لا پەیدا بووە، لەنێوان ئەوان و سەرکردایەتیدا خەرەندێک لە گومان و بێبڕوایی دروست بووە!

با نیولیبراڵەکانی ناو سەرکردایەتی ی.ن.ک لەگەڵ خۆیاندا ئەوەندە ڕاستگۆ بن و خۆیان ساخبکەنەوە: لەمبەرن، یان لەوبەرن!

> پاژێکی سەرکردەکان ڕەنگ و خووی بازرگان و بەڵێندەریان گرتووە. بە ڕێکەوت گوێ لە دەنگوباس دەگرن و ڕۆژنامە دەخوێننەوە

### سەرنج و سەرچاوە:

1. Mausfeld، Rainer: Warum Schweigen die Lämmer? Westlend. 2 Auflage، Frankturt am Main 2019 S. 123
2. Privatization ی ئینگلیزی من پێشنیار دەکەم چەمکی لەبری (خ××ە) ی عەرەبی و (تایبەتاندن) لەمەودوا بەکاربهێنرێت
3. Ibid، S، 116
4. Webar، Max: Wirtsehaft und Gesellschaft، Studienausgahe، J. C. B Mohr (Paul Siebeck) Tübingen 1985 S. 128، ff.

-Mickel. W (Hrsg): Bürokratietheorien. in: Handlexikon. Zu Politikwissenschaft. Bonn / München 1986. 55. Ff.

5. Wagenknecht، Sahra: Courgiert gegen den Strom، Westend. München 2017 S 52. ff
6. Goessmann، David: Sahra Wagenknecht، Von Links bis heute، das Heue Berlin، Auflage، Berlin 2019 S، 144 ff.
د. زارا فاگنکنێشت لەساڵی 1991 بەدواوە یەکێکە لە دیارترین سەرکردەی حزبی چەپەکان. لە (2011)ەوە سەرۆکی فراکسیۆنی چەپەکانە لە پەرلەمانی ئەڵمانیا. سەرسەخترین ڕەخنەگرە لە نیولیبراڵەکانی ئەڵمانیا بەتایبەتی و سیستمی کەپیتالیستی بەگشتی و کتێب و لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر ئەم بابەتە هەیە.

7. Vontabel. Werner: Die Wohlstandsmaschine. Elster Verlag. Baden — Baden. Zürch. 1998 S. 20. ff.
8. Ibid، S. 7.f
9. Butterwegge، ChristophLÖsch، BettinaPtak، Ralf: Kritik das Neolibralismus، 3. Auflage، Springer Vs، Wiesbaden 2017 S. 93 ff.
10. Mausfeld. Rainer: Ibid. S. 18،



# سوودەکانی وەرزشی ماوەی دووگیانی



ڕووداو- BMJ

وەرزش ڕێگەی هەرە باشە بۆ ئەوەی جەستەت بێ کێشە و چالاک بمێنێتەوە. وەرزش بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، تەمەن و دۆخی تەندروستی، سوودی ئێجگار زۆری هەیە بۆ جەستە و دەروونی مرۆڤ.

دەستەی پزیشکانی پسپۆڕی خانمان و منداڵبوون لە کەنەدا نوێترین ڕێنماییان لەبارەی وەرزش لەماوەی دووگیانیدا بڵاوکردووەتەوە و دەڵێن وەرزش لە ماوەی دووگیانیدا یارمەتی تەندروستهێشتنەوەی کۆرپە و دایکەکە دەدات، بەڵام بە مەرجێک خانمەکە هیچ گرفتێکی نەبێت کە بەهۆیەوە ڕێگە نەدرێت وەرزش بکات.

پزیشکە پسپۆڕەکانی خانمان و منداڵبوون دەڵێن، ئەو خانمانەی هیچ گرفتێکی تەندروستییان نییە لە ماوەی دووگیانیدا، دەبێت لانیکەم هەفتانە 150 خولەک وەرزش بکەن، بۆ ئەوەی هەم خۆی و کۆرپەکەی تەندروست بن، هەمیش لە پاشهاتەکانی دووگیانی دووربن.

لە ڕێنمایینامەکەی پزیشکانی پسپۆڕی خانمان و منداڵبووندا هاتووە کە وەرزش نابێتە هۆی لەبارچوون، مردنی کۆرپە لە منداڵداندا، لەدایکبوونی پێشوەختە یان لەدایکبوونی کۆرپە بە کێشێکی کەمەوە.

ئەو گروپەی خانمان کە دەبێت لە ژێر راوێژی پزیشکیدا وەرزش بکەن بریتین لەوانەی بە درێژایی ژیانیان چالاکی جەستەیی ئەوتۆیان نەبووە، شەکرەی پەیوەست بە دووگیانییان هەیە یان هاوکۆڵکەی بارستایی جەستەیان لە 25 زیاترە.

سەبارەت بە جۆری وەرزشەکەش، پزیشکان ڕێنماییان هەیە کە سەرباری وەرزش بایەخ بە یۆگاش بدەن.

**سوودەکانی وەرزشکردن لە ماوەی دووگیانیدا:**

- تەندروست مانەوەی کۆرپە.
- مەترسیی بەرزەپەستانی خوێن کەم دەکاتەوە.
- ئاستی شەکری خوێن ڕێکدەخات.
- ئاسانکردنی پرۆسەی منداڵبوونی سروشتی.
- ڕێکخستنی کێشی جەستە.
- ئەگەری خەمۆکی کەمدەکاتەوە.

# شیرەمەنی زیپکە دروست دەکات

ڕووداو- هێڵس لاین

پزیشکێکی پسپۆڕی پێست لە زانکۆی نانت لە فەرەنسا پەیوەندیی نێوان خواردنی بەرهەمەکانی شیر و شەکر لەسەر پێست ئاشکرا دەکات.

لە توێژینەوەیەکەدا کە بە سەرپەرشتی دکتۆر بریجیت درێنۆ، پسپۆڕی پێست و بەرپرسی بەشی نەخۆشییەکانی پێست لە زانکۆی نانت کراوە، دەرکەوتووە بەرهەمەکانی شیر و خواردنی شەکر بە ڕێگەی جیاواز کاردەکەنە سەر پێست.

پسپۆڕەکەی پێست و سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە دەڵێت: "بۆمان دەرکەوتووە پەیوەندی هەیە لە نێوان خواردنی بەرهەمەکانی شیر و دەرکەوتنی زیپکە بەتایبەت لە گەنجاندا، یان لەوانەی خۆیان بە دەست گرفتی زیپکەوە دەناڵێنن".

سەبارەت بە هۆکاری ئەمەش پسپۆڕەکەی پێست دەڵێت: " قسەیەک لەنێو خەڵکیدا هەیە کە دەگوترێ (شەکر ژەهری سپییە) لەنێو بەرهەمە شیرەمەنییەکانیشدا لاکتۆز هەیە کە جۆرێکی شەکرە و کاریگەری لەسەر هەندێک جۆری پێست هەیە".

دکتۆر بریجیت ڕوونیدەکاتەوە شەکر دەبێتە هۆی دروستبوونی هەوکردن بەگشتی و هەوکردنی پێست بەتایبەتی، بۆیە هانی دروستبوونی زیپکە دەدات.

توێژینەوەکە لەسەر 6700 کەس کراوە. دوای بەدواداچوون پزیشکانی توێژەر بۆیان دەرکەوتبوو نزیکەی 50%ی بەشداربووانی توێژینەوەکە کە خۆیان گرفتی زیپکەیان هەبووە، دوای ئەوەی بەرهەمە شیرەمەنییەکانیان خواردووە گرفتەکەیان زیاتر بووە.

پزیشکانی پسپۆڕی پێست دەڵێن بەڵگەیان هەیە لەسەر ئەم کاریگەرییەی نێوان بەرهەمە شیرەمەنییەکان و دەرکەوتنی زیپکە، بەڵام دەبێت توێژینەوەی زیاتر بکرێن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی ئەم پەیوەندییە بدۆزرێتەوە.

# مێرمنداڵان تێر ناخەون



ڕووداو- هێڵس لاین

بەگوێرەی ئەو ڕێنماییانەی ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ خەو بڵاوی کردووەتەوە، دەبێت منداڵان 9-12 کاژێر و گەنجان نزیکەی 8-10 کاژێر بخەون، بەڵام توێژینەوەیەکی نوێ دەریخستووە کە ئێستا زۆربەی منداڵان، مێرمنداڵان و گەنجان بەپێی پێویست ناخەون.

پزیشکێکی نەخۆشخانەی ئەریزۆنا لە ئەمریکا دەڵێت، لە ماوەی پێگەیشتن جەستە چەندین گۆڕانکاری بەسەردادێت، ئاستی هەندێک لە هۆرمۆنەکان دەگۆڕێت و ئەمەش کار دەکاتە سەر کاتەکانی خەوتنی نەوجەوانان.

د.کاسێی نیکۆلاس، لە نەخۆشخانەی ئەیرزۆنا ڕوونیدەکاتەوە گۆڕانی هۆرمۆنەکان دەبێتە هۆی تێکچوونی خەوی نەوجەوانان، لەو ماوەیەدا درەنگ دەخەون و بەیانیانیش درەنگ لە خەو هەڵدەستن، بەگشتیش بەپێی پێویست ناخەون.

جگە لەو گۆڕانکارییانەی لە جەستەدا لەماوەی پێگەیشتن ڕوودەدەن و هۆکاری تێکچوونی خەون، هەندێک فاکتەری دەرەکیش هەن کە کاردەکەنە سەر کات و کواڵێتی خەوتن لە نەوجەواناندا، وەک بەکارهێنانی مۆبایل و شاشە جیاوازەکان بەر لە خەوتن، خواردنەوەی کافایین و دڵەڕاوکێ.

کەمخەوی کاریگەریی نەرێنیی زۆری هەن لەسەر جەستەی مێرمنداڵان لەوانەش:

– کەمبوونەوەی توانای سەرنجدان.
– لاوازبوونی توانای فێربوون.
– تێکچوونی میزاج و خەمۆکبوون.
– خەواڵوویی.

**ڕێنماییەکانی ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ خەو:**

- بەکارنەهێنانی مۆبایل و شاشەکان دوو کاژێر پێش خەوتن.
- سنووردارکردنی خواردنەوەی کافایین لە شەواندا.
- گونجاندنی پلەی گەرمیی ژووری خەوتن.
- کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و گوشاری دەروونی.

# 5 خۆراکی بەسوود بۆ تووشبووانی شەقیقە

ڕووداو- برایت ساید

"لاسەرئێشە" یان "شەقیقە" جۆرێکی سەرئێشەی توندە کە بە زۆری لایەکی سەر دەگرێتەوە. زۆربەی تووشبووانیش خانمانن، ئازارەکەشی لەوانەیە چەند سەعاتێک بخایەنێت یان لە هەندێک حاڵەتدا بگاتە 72 سەعات و زیاتریش. خۆراک ڕۆڵێکی زۆری هەیە چ لە سەرهەڵدانی شەقیقە و چ بۆ ڕێگەگرتن لە پەیدابوونی،ماڵپەڕی برایت ساید هەندێک لەو خۆراکانەی دەستنیشان کردووە کە توندیی ئازاری شەقیقە کەمدەکەنەوە:



### 1 ئاڤۆکادۆ:

بە دژەئۆکسێنەکان دەوڵەمەندە، لەوانەش (لویتین و زیکسانتین)، بۆیە یارمەتیدەرە لە کەمکردنەوەی ئازاری شەقیقە، دەتوانرێت هەم بە جیا، هەمیش لەنێو زەڵاتەدا بخورێت.

### 2 هەنجیر:

سەرباری هەموو سوودەکانی لەسەر جەستە، هەنجیر بەهۆی پێکهاتە دەوڵەمەندەکەی بە پۆتاسیۆم یارمەتیدەرە لە کەمکردنەوەی میکانیزمەکانی هەوکردن و سەرئەنجام کەمکردنەوەی ئازاری لاسەرئێشە.

### 3 سەلەمون:

بە ئۆمێگا سێ و ڤیتامین B2 دەوڵەمەندە، هەوکردن کەمدەکاتەوە و بۆ تووشبووانی سەرئێشە بەگشتی و لاسەرئێشە بەتایبەت بەسوودە.

### 4 شووتی و گێزەر:

وشکبوونەوەی جەستە یەکێکە لە ڕێگەخۆشکەرەکان بۆ سەرهەڵدانی نۆرەکانی شەقیقە، بۆیە خواردنەوەی ئاو و خواردنی ئەو میوانەی ڕێژەیەکی زۆری ئاویان تێدایە جەستە لە وشکبوونەوە دەپارێزێت و سەرئەنجام ئازاری لاسەرئێشە کەمدەکاتەوە.

### 5 تێکەڵەی ئاو و لیمۆ:

یەکێکی دیکە لە ڕێگە کاریگەرەکان بۆ کەمکردنەوەی ئازاری شەقیقە بریتییە لە خواردنەوەی گیراوەی ئاو و لیۆ، ئەمەش چونکە لیمۆ بە ڤیتامین C دەوڵەمەندە و هەوکردن کەمدەکاتەوە.

# بۆچی پیاوان کەمتر سەردانی پزیشک دەکەن؟



ڕووداو- یوسی ئای هێڵس

کلینیکی کلیڤلاند لە ئەمریکا چوار ساڵە کەمپەینی (MENtion it) ڕادەگەیێنێت، ئامانج لێی هۆشیارکردنەوەی پیاوانە لەبارەی نەخۆشییەکان و هاندانیانە بۆ ئەوەی لەکاتی هەستکردنیان بە تێکچوونی دۆخی تەندروستییان سەردانی پزیشک بکەن.

پزیشکانی کلینیکی کلیڤلاند توێژینەوەیەکیان کردووە، بۆیان دەرکەوتووە بە پێچەوانەی خانمان، نزیکەی 60%ی پیاوان سەردانی پزیشک ناکەن و پشتگوێی دەخەن، تەنانەت ئەگەر ئاگاداری تێکچوونی دۆخی تەندروستیشیان بن، هۆکارەکەشی دەگەڕێننەوە بۆ فاکتەرە پزیشکی و کۆمەڵایەتییەکان.

د.ریگان چان، پزیشکێکی پسپۆڕی خێزانییە، دەڵێت: "ئەمە زیاتر لە پیاوانی گەنجدا بەدی دەکرێت، چونکە کەمتر تووشی گرفتە تەندروستییەکان دەبن و بە کەمی ڕوودەدات سەردانی پزیشک بکەن، بۆیە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیان ئەو هەستەیان بۆ دروستدەبێت کە تەندروستن و گرفتیان نییە".

ئەمە لەکاتێکدایە خانمان لە تەمەنی گەنجیشدا بەردەوام سەردانی پزیشک دەکەن، بەتایبەتی بۆ ڕاوێژ لەبارەی ڕێگەکانی ڕێگری لە دووگیانی یان هەندێک پشکنینی پێشوەختە، وەک پشکنینی ملی منداڵدان.

پسپۆڕەکە دەڵێت بەربڵاوترین ئەو گرفتانەی زۆربەی پیاوان تووشی دەبن بریتییە لە ڕەپنەبوونی چووک، گرفتەکانی پەیوەست بە میزکردن و نەزۆکی.

لە توێژینەوەکەدا هاتووە پیاوان جگە لەوەی لایەنی جەستەییان پشتگوێ دەخەن، بایەخ بە لایەنی دەروونیشیان نادەن.

پزیشکان ڕێنمایی پیاوان دەکەن لەکاتی هەستکردن بەهەر نیشانەیەکی مەترسیدار سەردانی پزیشک پشتگوێ نەخەن، چونکە زوو دەستنیشانکردنی هەر نەخۆشییەک چارەسەرەکەی ئاسانتر دەکات.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# شەڕی ڕۆژئاوا بۆ کوردی باکوورە

لەوەتـەی ڕۆژئاوای کوردستان کەوتووەتە دەستی هێزەکانی پەیەدە، سنوورەکانی تورکیا سەقامگیرترین ڕۆژگاریان تێپەڕاندووە، نەک هەر هیچ کردەوەیەکی دوژمنکارانە بەرانبەر بە تورکیا لەو سنوورانە نەکراون، بەڵکو هیچ کەسێکیش بۆ کاری تیرۆر و توندوتیژی لەو سنوورانەوە نەپەڕیوەتەوە بۆ ناو تورکیا.

ئەگەر پێشتر بەهۆی ناسەقامگیری و شەڕی داعش و شەڕی نێوان گروپگەلە توندڕەوە جیهادییەکانەوە، هەروەها بەهۆی شەڕی ئۆپۆزسیۆن و دەوڵەتی سووریا، خەڵکێکی زۆر ئاوارەی تورکیا دەبوون و وەک تورکیا دەڵێت بوونەتە بارێکی گران بەسەر حکومەتەکەیەوە، بەڵام لەوەتەی هەسەدە حوکمی ئەو جوگرافیا درێژەی سنووری تورکیا و سووریا دەکات، حاڵەتەکە پێچەوانە بووەتەوە. نەک خەڵکی تر ئاوارەی تورکیا نەبوون، بگرە ئاوارەیەکی زۆریش کە دانیشتووی ئەو گوند و شار و شارۆچکانەی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە بوون و ئاوارەی تورکیا بووبوون، گەڕانەوە سەر زێدی خۆیان.

تورکیا لە ساڵانی پرۆسەی ئاشتی چەند سوودمەند بوو لە دەستەبەرکردنی سەقامگیریی ناوخۆیی وڵاتەکەی، لەوە زیاتر سوودمەند بووە لەوەی هەسەدە حوکمی ئەو جوگرافیایەی کردووە. چونکە وا بۆ نزیکەی 10 ساڵ دەچێت ڕەوشی سووریا تێکچووە، داعش لەوێ سەریهەڵدا، دەیان گروپی تری تیرۆریستی پەیدابوون، بەهۆی بوون و لەمپەری پەیەدەوە ڕووداوەکانی سووریا نەگوازرانەوە بۆ ناو تورکیا، واتا پەیەدە خزمەتی زۆری بە ئاسایش و سەقامگیریی تورکیاش کردووە. بەو هۆیانەشەوە ئەم چەند ساڵە تورکیا لەڕووی گەشتیارییەوە داهاتی زۆری دەستکەوتووە، لەکاتێکدا تەنیا دوو ڕووداوی کارەساتباری وەک ئەوانەی سووریا بەس بوون بۆئەوەی چەندین ساڵی تریش گەشتیار ڕوو لە تورکیا نەکەنەوە.

تورکیا دەیتوانی بە پەیوەندییەکی واقیعی و تەندروست لەگەڵ ئیدارەی ئەو ناوچەیە کەناڵێکی تری بازرگانی بۆخۆی بکاتەوە. لەلایەکی تریشەوە تورکیا یەکێک لە وڵاتە گەورەکانی بەکاربەری وزەیە، ئەو جوگرافیایەش خاوەنی سەرچاوەیەکی وزەی جۆراوجۆرە. تورکیا دەیتوانی ببێتە سەرچاوەی کەڵکوەرگرتن لە وزەی ڕۆژئاوای کوردستان کە زۆر بە نرخی کەمتر بەدەستی دەگەیشت وەک ئەوەی ئێستا لە شوێنی تر دەیکڕێت. بۆ ئیدارەی ڕۆژئاوای کوردستانیش تورکیا لەلایەک بازاڕێکی باش دەبوو بۆ ساغکردنەوەی غاز و نەوت، هەروەها بەهۆی ئەوەی دەرفەتی ڕێگایەکی سەلامەتیان بۆ سەر دەریا نەبوو، دەیانتوانی ڕێگەی تورکیا بۆ گەیشتن بە جیهان بەکاربەرن. هەروەها بەهۆی جەمسەربەندیی کێشە هەرێمایەتیەکان و بوونی کورد لە هەردوو وڵاتەکە، دەکرا لە دوورمەودادا ڕۆژئاوا زۆرتر ڕووی لە تورکیا بێت.

لەڕاستیدا دەرفەتەکانی پێکەوە مامەڵەکردن لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوان تورکیا و ڕۆژئاوای کوردستان زۆر زیاتر بوون لەوەی بگەنە دۆخێکی وا کە ڕووبەڕووی یەکتری ببنەوە. نە لەڕووی سەقامگیری و ئاسایشی سنوورییەوە، نە لەڕووی مرۆییەوە ڕۆژئاوای کوردستان نەبووە هەڕەشە بۆ سەر تورکیا. بە پەیوەندییەکی تەندروست دەتوانرا بەشێک لە کێشەی ئاوارە سوورییەکانی ناو تورکیاش لەگەڵ هەسەدە چارەسەر کرابا. بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە بۆچی تورکیا لەبری گرتنەبەری ئەو ڕێگایانەی دیکە کە سوودی ئابووری و سیاسی زۆری هەبوو، ڕێگای شەڕ و پەلاماردانی هەڵبژارد؟

تورکیا بەم پەلامارە خۆی خستووەتە گۆشەیەکەوە کە زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهان لەدژی وەستاون، ڕووسیا، بەشێک لە ناوەندە گرنگەکانی ئەمریکا، یەکێتیی ئەورووپا بەگشتی و لە ئەگەری ئاڵۆزبوونی زیاتردا، ئەگەری فراوانبوونەوەی نارەزایەتییەکان بەرانبەر تورکیا فراوانتر دەبن و ڕەنگە سەربکێشێت بۆ سزادانی زیاتری تورکیا. لەناوخۆی تورکیاش نزیک بە نیوەی کۆمەڵگاکەی لە خۆی دەکاتە دوژمن. هەروەها پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات. لە مەیدانی جەنگیشدا بەبێ باجی گەورە هەروا بە ئاسانی ناتوانێ شکست بەو شێرە ژن و شۆڕەسوارە کوردانە بهێنێ. ئەی کەواتە چی لەپشت ئەم ملهوڕی و بڕیارە نالۆژیکییانەی ئەردۆغانە؟ ئایا تورکیا چی دەستدەکەوێت لەم شەڕە کە زیانە بەرچاوەکانی هێندە زۆربن؟

هەموو جیهان دەزانن هیچ کارێکی دوژمنکارانە بەرانبەر بە تورکیا لەو سنوورانە ڕووی نەداوە، بابەتی ئاوارەش نە پرسێکی هێندە ئاڵۆزە نە ئەو بارگرانییەشە لەسەر تورکیا. ئەگەر مەبەست لە گەڕانەوەی ئاوارە و نیشتەجێکردنەوەیان بێت، دەکرا ئەو پرسە بە نەتەوەیەکگرتووەکان بسپێردرێت وەک چۆن بەشێک لە ئاوارە سوورییەکانی لوبنان و ئوردن لەڕێگەی ئەوانەوە گەڕێنرانەوە سووریا. پرسەکە پەیوەندی بەوەشەوە نییە کە هێزەکانی سووریای دیموکرات لە پەکەکەوە نزیکن، چونکە سەرکردایەتی پەکەکە و قورسایی پەکەکە لە شوێنی ترە نەک لە ڕۆژئاوای کوردستان. شەڕی تورکیا لەگەڵ خودی پەکەکە ئەو کاردانەوە نێودەوڵەتیانەی لێ نەدەکەوتەوە کە ئێستا بە پەلاماردانی هەسەدە بۆی دروست بووە. ئەی کەواتە تورکیا بۆ ئەمەیان دەکات؟

پەلامارە سەربازییەکانی تورکیا بۆ ناو ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەها هەوڵ و گوشارەکانی بۆ دروستکردنی (ناوچەی ئارام) بەقووڵایی 30 کیلۆمەتر لە فوراتەوە بۆ پێشخابور لە سنووری عێراق و خستنەژێر ڕکێفی تورکیاوە، واتا بە شەڕ یان بە ئاشتی تورکیا دەڵێت ئەو جوگرافیایەم دەوێ. لە قۆناغی دواتریشدا لە پێشخابورەوە تا سنووری ئێران هەمان ستراتیج پەیڕەو دەکات. ئەمە چەند پەیوەستە بەلاوازکردنی کورد لە ڕۆژئاوا و باشوور، لەوەش زیاتر پەیوەندی بە ستراتیجێکی مەترسیدارترەوە هەیە بۆ باکوور. حەقیقەتی ئەمە بۆ ناوچەی ئارام و بۆ نیشتەجێکردنی ئاوارە نییە بەتەنیا، ئەوەندەی دروستکردنی پشتێنەیەکی ئەمنییە لەپشتی باکووری کوردستانەوە. واتا ئامانجە ستراتیجییەکەی تورکیا پشتێنەی ئەمنییە بۆ تەوقکردنی کوردی باکوور نەک بەتەنیا دوورخستنەوەی کوردی ڕۆژئاوا لە سنوورەکانی.

تورکیا بۆ ئەمە دەکات؟ بۆ دەیەوێ پشتێنەیەکی ئەمنی لە پشتەوەی کوردی باکوور دروست بکات؟ ئەمە لای من بابەتە هەستیارەکەیە. کومەڵگەی تورکی لە سەت ساڵی ڕابردوودا لە کۆمەڵگەیەکی خێڵ و هۆز و لادێییەوە بوون بە کۆمەڵگەیەکی شاری. هەروەها زۆر هۆکاری تریش وایانکردووە ئێستا ژمارەی تورک لەناو تورکیا بەرەو کەمبوونەوە بڕۆن. لە بەرانبەر ئەمەدا کە هێشتا ناوچە کوردییەکان کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و گوندین، زۆر گەشە دەکەن و لە چەند دەیەی داهاتوودا ژمارەی کورد لە ژمارەی تورک زۆرتر دەبن. بۆیە ئێستا ناوەندە ستراتیجییەکانی تورکیا کورد بە گەورەترین هەڕەشە و مەترسی لەسەر خۆیان دەبینن. گەشەی کورد لە تورکیا بووەتە مەترسی بۆ گۆڕینی دیموگرافیای وڵاتەکە.

ئەمەی ئێستا تورکیا لە ڕۆژئاوای کوردستان دەیکات و ئەوەی بەنیازە لە قۆناغی دواتر لە باشووری کوردستان بیکات، دروستکردنی ئەو بازنەیەیە کە دەیەوێ وەک تەوقێک بیخاتە گەردنی کوردی باکوور. ئەو 375 زیندانەش کە ئێستا لە دروستکردندان لە تورکیا، بۆ ئەو ستراتیجەیە کە سەلاحەدینی ئەیوبی بەرانبەر بە فاتمییەکان پەیڕەوی کرد و کۆتایی بە پرۆسەی زاوزێ هێنا، بەو هۆیەشەوە دوای تەمەنی نەوەیەک کۆتایی بە فاتمییەکان هات. تورکیا لە چەند ساڵی داهاتوودا لە باکووری کوردستان ئەو سیاسەتە بەرانبەر بە کورد پەیڕەو دەکات.



ئازاد وەڵەدبەگی

# کورد و گۆڕینی ستراتیژی بەرگری

مانگی ئۆکتۆبەر دەکرێ وەک مانگێکی ڕەش لە مێژووی کوردستاندا ناودێر بکرێت، چونکە دوو ڕووداوی کارەساتبار و ڕەش لەم مانگەدا ڕوویانداوە کە بریتین لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 و 9 ی ئۆکتۆبەری 2019، لەمەی دواییاندا هێرشی دڕندانەی سوپای تورک بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دەستیپێکرد و هەتا نووسینی ئەم وتارە بەردەوامە. ئەگەر سەیری مێژووی لانیکەم سەد ساڵی ڕابردووی کوردستان بکەین، دەبینین لەم ماوەیەدا ژیانی ڕۆژانەی گەلی کورد بەردەوام لەگەڵ ئێش و ئازار و مەینەتی و ئاوارەیی دەستەویەخە بووە و دەیان کارەساتی لە جۆری 9 و 16ی ئۆکتۆبەر ڕوویانداوە. لەم سەد ساڵەدا، کورد بەردەوام هەوڵیداوە بە مەزلوومنوێنی وەبەرهێنان لەسەر سۆز و هەستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات، تا بەڵکوو لەم ڕێگەیەوە بتوانێ بە ئامانجەکانی خۆی بگات. ئەزموونی ئەم سەد ساڵە ئەو ڕاستییەی سەلماند کە ئەم شێوازە لە کاری سیاسی و دیپلۆماسی ئەگەرچی پێویستە، بەڵام ئەمە ناتوانێ کێشەی کورد چارەسەر بکات و برینەکانمان سارێژ بکات.

گەلۆ لەم دۆخەی ئێستادا چارەسەر چییە؟ دەبێ ئێمە هەر بە کڕووزانەوە و پاڕانەوە سیاسەت بکەین، یاخود دەبێ بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ڕابردووی خۆمان و ئەزموونی سەرکەوتووی گەلانی تر بە دوای ڕێگەچارەیەکی تردا بگەڕێین؟

پێشهات و کارەساتەکانی سەد ساڵی ڕابردووی گەلی کورد، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێ کە تیۆری بەرگریی- ئاسایشی کورد کەلێن و هەڵەی ستراتیژیی زۆر گەورەی تێدایە. یەکێک لە هەڵە ستراتیژییەکانی ئێمەی کورد ئەوە بووە کە بەردەوام ویستوومانە بە هێز و توانای سەربازیی دەوڵەتانی تر ئاسایشی خۆمان دابین بکەین و بەرگری لە خۆمان بکەین و بە مافەکانمان بگەین، لە کاتێکدا ئەو ڕاستییەمان فەرامۆش کردووە کە هەر دەوڵەت و لایەنێک هەتا ئەو شوێنەی بەرژەوەندییەکانی بخوازێت پشتیوانی ئێمە دەکات و لەو شوێنەی کە ئیدی بەرژەوەندی نامێنێ، پەتی پەیوەندییەکان دەپچڕێنێ و پشتمان چۆڵ دەکات، ئینجا ئیتر نۆرەی ئێمەیە کە دەست بکەین بە هۆنینەوەی بەیت و باڵۆرەی خیانەت و ناپاکی.

لە جیهانی ئەمڕۆ و بەپێی پرەنسیپەکانی سیاسەتی ڕیالیستی، هەر دەوڵەتێک کار بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات و بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتەکەی خۆی لە سەرووی هەموو شتێکەوە دادەنێت، هەربۆیە بنەما ئاکارییەکان لە جیهانی سیاسەتدا جێیان نابێتەوە. ڕەفتاری نائاسایی ئەوەیە کە دەوڵەتێک بیەوێت هێزی سەربازیی خۆی لە شوێنێک بە کوشت بدات، پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی بێت، یاخود پاڵپشتیی لایەنێک بکات کە زیان بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی دەگەیەنێت.

ئاسایشی هەر وڵات و هەرێمێک بابەتێکە کە نابێ سازشی لەسەر بکرێت، هەر لایەنێک دەبێ هەوڵی ئەوە بدات بۆ خۆی و بە پشتبەستن بە تواناکانی خۆی ئاسایشی وڵاتەکەی دابین بکات و بەرگری لە خۆی بکات، ئەوەی کە بیەوێت بە پاڵپشتیی دەوڵەتێکی تر ئاسایشی وڵاتەکەی دەستەبەر بکات یا بیپارێزێت، بێگومان وەک کورد هەمیشە سەری بێ کڵاو دەمێنێتەوە و تووشی کارەسات دەبێت. هەربۆیە لایەنە کوردییەکان دەبێ هەوڵی ئەوە بدەن بە پشتبەستن بە توانا مادی و مرۆییەکانی خۆیان توانای سەربازی و بەرگریی خۆیان بەرز بکەنەوە، هەتا بتوانن ڕووبەڕووی هەڕەشەکان ببنەوە و لەم ڕووەوە نابێ پشت بە هیچ هێز و دەوڵەتێکی دەرەکی ببەسترێت.

هەڵەیەکی دیکەی ستراتیژی ئەوەیە کە ئێمەی کورد بازنەی ئاسایشی خۆمان تەنیا لە چوارچێوەی سنوورەکانی کوردستاندا پێناسە دەکەین و، پێمانوایە کە ڕێگەی دروست ئەوەیە سنووری چالاکییە سەربازییەکانی خۆمان لە چوارچێوەی کوردستاندا قەتیس بکەین، ئەمەش بە کردەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە خاکی کوردستان ببێتە گۆڕەپانی جەنگێکی درێژخایەن و کوشندە و ئەنجامەکەی هەر بە زیانی ئێمەیە، چونکە جەنگەکان لەسەر سینگی ئێمە و لە ناو خاکی ئێمەدا دەکرێن و کوردستان ناسەقامگیر دەبێت و، شار و گوندەکانی ئێمە کاول دەبن و خەڵکی کوردستان ماڵ و حاڵیان لێ تێکدەچێت و ئاوارە دەبن. سەبارەت بە دوژمنانیش، شار و گوند و سەرچاوە مرۆیی و ئابوورییەکانیان پارێزراو و بێ زیان دەمێنێتەوە و سەقامگیریی وڵاتی ئەوان تێکناچێت و لە ڕاستیدا لای ئەو نە بایە و نە باران.

ڕێگەی دروست ئەوەیە بازنەی ئاسایشی خۆمان فراوانتر بکەین، هەموو ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان کە ناوچەی دەسەڵات، سەرچاوەی ئابووری و مرۆیی، بەهێزی و حەسانەوەی دوژمنە بە بازنەی ئاسایشی خۆمان پێناسە بکەین و بیکەینە گۆڕەپانی جەنگ. هەروەک چۆن ئیسرائیل، بازنەی ئاسایشی وڵاتەکەی خۆی بە سەدان کیلۆمەتر لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتەکەی پێناسە دەکات و، هەر هەڕەشەیەک کە بکەوێتە ناو ئەو بازنەیە وەک هەڕەشەیەکی جدی لەسەر وڵاتەکەی سەیری دەکات و بەرەنگاری دەبێتەوە و هەوڵی لەناوبردنی دەدات.

گرفتێکی دیکەی ئێمەی کورد ئەوەیە، وەک نەتەوە خاوەن پلاتفۆرم یا دەزگایەکی نەتەوەیی نین کە بتوانێ هەموو پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچە لەژێر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوە و، بەپێی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان بیر بکاتەوە و بڕیار بدات و هەموو هێز و لایەنەکان بەشدار بن لە داڕشتن و دروستکردنی بڕیار و دواجار پابەند بن بە بڕیارەکانی ئەو دەزگا یا پلاتفۆرمە. بەداخەوە، بەرژەوەندییە نەتەوەییە باڵاکان لەناو ململانێی حزبیی لایەنەکاندا ون بووە و، ئەنجامەکەشی ئەوەیە ئەو ڕۆژانەی کە کورد پێویستی بە بڕیار و هاودەنگیی نەتەوەیی هەیە، جگە لە هەندێ جووڵەی بەرتەسکی مەدەنی یا دەرکردنی ڕاگەیەندراو هیچی ترمان لە دەست نایەت.

هەتا هێز و لایەنە کوردییەکان، پێداچوونەوە بە ستراتیژی بەرگریی خۆیاندا نەکەن و، نەتوانن پلاتفۆرمێکی یەکگرتووی نەتەوەیی بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازە نەتەوەییەکان دابمەزرێنن، ئەوا حاڵمان لەوەی کە هەیە باشتر نابێت و ڕەنج و ئازارەکانمان دووبارە و سەدبارە دەبنەوە.



پۆڵ دەیڤیس*

# لە دژی تورکیا چی بکرێ؟

هۆشدارییەک هەیە بە هەموو شرۆڤەکاران دەدرێ کە "نەکەونە داوی شانازی بە بۆچوونێکی ڕابردووی خۆیانەوە". ئێستا حیکمەتی پشت ئەم گوتەیە سەرۆک ترەمپ دەگرێتەوە. هەر زوو دەرکەوت کە گڵۆپی سەوزی ئیدارەی ئەمریکی بۆ تورکەکان، بە ئەنقەست بووبێ یان نا، هەڵە بووە.

هەرچی خەڵکانی دەوروبەری ترەمپ زیاتر پێی دەڵێن کە ئەو هەنگاوە هەڵەیە و پێویستە بەرگری لە کوردان بکەین، ئەو زیاتر دژایەتییان دەکات. ئەندامانی باڵای سێنات و ئەنجوومەنی نوێنەران دژایەتیی بڕیارەکەی سەرۆکیان کردووە. هەموو فەرماندە باڵاکان دژی ئەو هەنگاوە بوون، بەڵام وادیارە هەرچی توندتر ئەوان هاوار بکەن، ترەمپ زیاتر لەدژیان دەوەستێتەوە. زۆر کەس دەڵێن هۆکاری ئەمە ئەوەیە کە ترەمپ گوێ لەمستی پوتین و ئەردۆغانە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئیگۆی ترەمپ سنووری عەقڵی سەلیمی تێپەڕاندووە. کێشەی ئەمڕۆی ئەمریکا ئەوەیە: ئێمە سەرۆکێکمان هەیە لە ناوخۆ کاری باشی کردووە و ئابووریی ئەمریکای لە سەرەمەرگ گەڕاندووەتەوە، بەڵام کەم لە سیاسەتی دەرەوە تێدەگات.

ئیگۆی ترەمپ بە جۆرێکە کە کاتێک هەڵەیەکی کرد، ناتوانێ دانی پێدا بنێ. ئەمە لە نێوان سیاسییەکان و بزنسمانە سەرکەوتووەکان شتێکی باوە، بەڵام ئەگەر لە کاروباری نێودەوڵەتیدا ڕووبدات زۆر مەترسیدارە. بیانووی ترەمپ کە بەڵێنێکی خۆی سەبارەت بە کشاندنەوەی هێزەکانمان لە سووریا جێبەجێ دەکات و کۆتایی بە شەڕە بێکۆتاییەکان دەهێنێ، لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا یەکناگرێتەوە کە ئەو هەنگاوە بە ئەگەری زۆر شەڕەکە بەرفراوانتر دەکات. ترەمپ دەڵێ ئەوەی کردووە بۆ ئەوەی تووشی شەڕ نەبێ، بەڵام ئەمە هەر ئەو بیانووەیە کە ئۆباما لەکاتی پشتگیریکردن لە ڕێککەوتنەکەی ئێران دەیگوت، واتە دوو ڕێگا هەیە، یان ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران یان جەنگ.

پرسیارەکە ئەوەیە ئەمریکا هەتا چەندە دەتوانێ لە کورتماوەدا گوشار لەسەر تورکیا دروستبکات؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە گوشارێکی کەمی پێ دروست دەکرێ، چونکە ئەردۆغانیش لە چوارچێوەی ئیگۆی خۆیدا بەند بووە و سوپایەکی گەورەشی لەبەردەستە کە خۆی بە نەبەز دەزانێ. ترەمپ خۆی بە دانوستانکارێکی گەورە دەبینێ، بەڵام ئەوەی لە گفتوگۆی نێوان ئەردۆغان و ترەمپ دزەی کردووە، دەریدەخات ئەردۆغان هاوتا ئەمریکییەکەی خۆی لێخوڕیوە. لێرەدا تووشی ئەو پرسیارە دەبین ئاخۆ هێزەکانی تورکیا لە سنوور ئاودیو دەبوون ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا لە شوێنی خۆیان مابانەوە؟ ئەمە پرسیارێکە هیچکات وەڵامەکەیمان بۆ دەرناکەوێ.

من خەتای ئەو دۆخەی ئێستای باکووری سووریا بۆ ترەمپ دەگەڕێنمەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێ دەبێ چارەسەرێک بدۆزرێتەوە. ئەردۆغان کوردەکان بە تیرۆریست دەزانێ، کاتێکیش بە ترەمپی گوت کە تورکیا مامەڵە لەگەڵ تیرۆریستەکانی ناوچەکە دەکات، هەر مەبەستی ئەوان بوو، بەڵام ترەمپ ئەوە بە داعش تێگەیشتبوو. ئێستا کێشەکە ئەوەیە زۆر لایەن پەیەدە و هێزەکانی یەپەگە وەک باڵی پەکەکە دەبینن کە تورکیا، ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا بە گروپێکی تیرۆریستیان دەزانن. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەر ئەو بۆچوونەی لەسەر ئەو هێزانە هەیە. بەو حاڵەشەوە، هەر لەگەڵ دەستپێکردنی تۆپباران لەسەر هاووڵاتییە مەدەنییەکانی کورد، ئەمریکا دەبووایە هێزەکانی خۆی بەرێتە پێشەوە و هەر هیچ نەبووایە ڕووبەڕووی هێزەکانی سوپای ئازادی سووریا ببێتەوە کە تورکیا پشتیوانییان دەکات. هێزەکانی ئەمریکا وایاننەکرد، بۆیە ئەو پرسیارە دروست دەبێ کە وڵاتانی دیکەی جیهان لە کوێن و کێ ئیدانەی هێرشەکانی کردووە؟

لە پرێس کۆنفرانسێکدا، ژەنەراڵ مارک میلی، سەرۆک ئەرکانی ئەمریکا ڕایگەیاند کە هێزەکانی ئەمریکا ناچنە شەڕەوە لەگەڵ تورکیایەک کە هاوپەیمانیانە لە ناتۆ. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بووبێ کە ناتۆ ئیدانەی هێرشەکانی نەکرد. بەڵام هاوپەیمانێتی ناتۆ خۆی کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە. ناتۆ وەک کاردانەوەیەکی سەربازی بەرامبەر هەڕەشەکانی سۆڤیەت دامەزرا، تورکیا بە حوکمی دراوسێیەتی لەگەڵ سۆڤیەت شوێنێکی ستراتیژی بوو. لە کاتی ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتەوە، ئامانجەکانی ناتۆش فراوان بوونەتەوە بۆ ئاشتیپارێزی و پەرەپێدانی دیموکراسی. تورکیا چیدی ناتوانێ خۆی بە ئەندامی ئەو هاوپەیمانێتییە بزانێ، چونکە یارمەتی تیرۆری داوە لە ناوچەکەدا و کۆتایی بە هەموو ڕواڵەتێکی دیموکراسی لەو وڵاتەدا هێناوە. ڕاستە کاروباری بیرۆکراتی خاو دەڕواتە پێش، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە ناتۆ ئەو ڕاستییە قەبووڵ بکات و هەموو ئەو پارێزبەندییە لە تورکیا بستێنێتەوە کە وەک ئەندامێک هەیەتی.

ئەگەر کۆنگرێس نەتوانێ قەناعەتی ترەمپ بگۆڕێ، کە ئەگەریشی کەمە بتوانێ، ئەوە دەبێ تورکیا بە بەرپرسیار بزانرێ لەو کردەوە و تاوانە جەنگییانەی کە هێزەکانی خۆی و هێزە وەکیلەکانی دیکەن. لۆمەکردنی ترەمپ و خۆپیشاندان لەبەردەم کۆشکی سپی هیچ سوودی نییە و وەک لێدان لە ئەسپێکی مردووە. لەم کاتەی ئێستادا دەبێ سەرنجی جیهان و خۆپیشاندانەکان لەسەر تورکیا بن. هێزەکانی حکومەتی سووریا شتێکی ئەوتۆ لەدژی سوپای تورکیا ناکەن و ئەگەری کەمە ڕووسەکانیش خۆیان تووشی جەنگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تورکیا بکەن. بۆ کۆتاییهێنان بەم هێرشە، هەڕەشەیەکی سەربازیی باوەڕپێکراو پێویستە.

گرنگ نییە هەستی ئێوە بەرامبەر ترەمپ چۆنە، ئەو وەڵامی هێرشەکانی لەدژی کورد پێنادرێتەوە. پەکەکە و کۆمکاری عەرەبی لە کوێن؟ لە کورتماوەدا، دەبێ وەها لە تورکیا بکرێ هەست بە ئازار و زیانی سەربازی بکات. دەبێ وانەیەک بە تورکیا بدرێ کە ئەگەر لە داهاتوودا هەنگاوی لەو چەشنە بنێتەوە، ئەوە هەموو وڵات بە هۆی سزای ئابوورییەوە تێکدەچێ. ئەمەیان کاری کۆنگرێسە و دەبێ کارێک بکات. لە دۆخێکی ئاوهادا کات زێڕە و دەبێ پێش مردنی هەزاران کەس هەنگاو بنرێ. ناکرێ چاوەڕێی دانیشتنی لیژنەکانی کۆنگرێس بکەین.

*** پۆڵ دەیڤیس خانەنشینی هەواڵگریی سوپای ئەمریکایە و شرۆڤەکاری سیاسەتی سەربازیی سۆڤیەت بووە. دەیڤیس ئێستا ڕاوێژکاری کۆمەڵگەی هەواڵگریی ئەمریکایە و لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کورد ڕاوێژیان پێشکەش دەکات.**



بێستوون عوسمان

# ترەمپ و ئەردۆغان؛ زۆرانبازییەکی ساختە لەسەر پشتی کورد

لە چەند رۆژی رابردوودا، بە بەرچاوی جیهانەوە سەدان کەسی سیڤیل لە رۆژئاوای کوردستان بوونە قوربانی. ئەم خەڵکە هیچ تاوانێکیان نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت لەسەر پارچە زەوییەک هاتبوونە دنیاوە کە گرێدراوە بەو دەوڵەتانەی سیاسەتی فەرمییان رێگریکردنە لە دروستبوون و بەهێزبوونی هەر کیانێکی کوردی. منداڵ و ژن و پیر، لە موسوڵمان و کریستیان بوونە قوربانی و جیهان بێ لە ریتویتکردنی وێنەکانیان هیچی دیکەی نەکرد.

ئەم دیمەنە ترسناکە لەڕاستیدا شانۆگەرییەک بوو پیشانی ئێمە درا بۆ ئەوەی لە پشتەوە سیاسەت کاری خۆی بکات و وەرچەرخانە گەورەکان رووبدەن؛ شانۆگەرییەک کە منداڵەکان بەڕاستی دەمردن و شارەکان بەڕاستی چۆڵ دەکران و ژیان لەسەر خاکێک بەڕاستی دەسڕدرایەوە. بەڵام دەوڵەتانی جیهان و ناوچەکە بێباکانە سەرقاڵی ئەوە بوون هاوکێشەکان سەرلەنوێ بنووسنەوە و هەریەکە بەشی خۆی سوودمەند بێت. وەرن با پێکەوە بچینە پشت پەردەکەوە و تەماشای راستییەکان بکەین:

راستیی چیرۆکەکە بەم شێوەیەیە: ترەمپ لە سیاسەتی ناوخۆی ئەمریکادا گلۆڵەی کەوتبووە لێژی. باس باسی لەکارلادانی بوو. پێویستی بە پێشهاتێکی وا گەورە بوو، لەلایەکەوە رۆژەڤی وڵات بگۆڕێت، لەلایەکی دیکەوە خۆی و قسەکانی و بڕیارەکانی ببنە تاکە بابەتی رۆژ و قسەی سەر دەمی خەڵک، جا گرنگ نییە بە باش یان بە خراپ. مەبەستی ترەمپ ئەوە بوو لەو نێوەندەدا کە هەموو چاوەکان لەسەر خۆین، هەڵمەتی پروپاگەندەی خۆی بکات بۆ کێبڕکێی سەرۆکایەتی. بەهەمان شێوە ئەردۆغانیش لە سیاسەتی ناوخۆییدا چووبووە نێو گێژاوێکەوە کە هەتا دەهات دەنگەکانی کەمی دەکرد، لەلایەکەوە ئیستەنبوڵ و ئەنقەرەی لەدەست دابوو، لەلایەکی دیکەوە دوو پارت لە پارتەکەی جیادەبوونەوە و لەلایەکی دیکەشەوە دەنگی ناڕەزایی و ناکۆکی لەنێو کادرانی حیزبەکەی خۆشییەوە بەرزدەبووەوە. ئەویش پێویستی بە بابەتێک بوو، رۆژەڤی وڵات بگۆڕێ و هەموو کۆمەڵگا لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. رووسیاش ئاگای لە حاڵی هەردوو سەرۆک بوو، پلانی دادەڕشت کە هەڵمەتەکانی خۆڕزگارکردنی ترەمپ و ئەردۆغان لەناوخۆی وڵاتانی خۆیاندا هەڵگەڕێنێتەوە بۆ دەسکەوتێکی راستەقینە بۆ خۆی لەسەر ئاستی جیهان.

رۆژی 7/10/2019 ئەوەی چاوەڕێ دەکرا روویدا؛ ترەمپ و ئەردۆغان بە تەلەفۆن قسەیان کرد، رێککەوتن و ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی خۆیان دەستپێکرد. ئەمریکا سەربازەکانی خۆی لە سووریا کێشایەوە و تورکیا دەستی بە لەشکرکێشی کرد. بەواتایەکی دیکە ترەمپ سەنگی ئەمریکای لە سیاسەتی دەرەوەدا کرد بە قوربانی کورسییەکەی خۆی. لە نێوخۆی ئەمریکادا دەنگی ناڕەزایی بەرزبووەوە و خودی ترەمپ بە قسە و بڕیارەکانییەوە بوو بە باسوخواسی یەکەم لە وڵاتدا. ئەویش هەر ئەوەی دەویست. لەو کاتەدا کە هەموو دانیشتووانی ئەمریکا چاویان بڕیبووە ترەمپ بزانن چی دەڵێ، ئەو هەڵمەتی کێبڕکێی سەرۆکایەتی خۆی دەستپێکرد، تەنانەت دروشمەکەشی ئامادە بوو "کشانەوە لە جەنگە بێکۆتاییەکان". بەدەر لە پروپاگەندەی "سەربازە ئەمریکییەکان دەگەڕێنمەوە بۆ ناو ماڵ و حاڵی خۆیان"، گێژاوێکی میدیاییشی دروست کرد بۆئەوەی خۆی دەرباز بکات لەو رەخنەیەی رووبەڕووی دەکرایەوە لە پای پشتکردنە کورد؛ جەنگێکی خەیاڵی لە دژی تورکیا بەرپا کرد کە هیچ ئەنجامێکی نەبوو، جاروباریش لەنێو قسەدا لە کوردی دەدا، بۆ ئەوەی دەنگدەرانی خۆی (کە روونە کەسانی زۆر زیرەک نین) قایل بکات بەوەی پشتکردنە کورد شتێکی هێندە خراپ نییە وەک "خەڵکی" باسی دەکەن.

ئەردۆغانیش بڕیاری جەنگی بە دەنگی پارتەکەی خۆی و هەموو ئۆپۆزسیۆنی وڵاتەکەی، بێجگە لە HDP، دەرکرد و خۆی وەک باشقۆموتان سەرکردایەتی شەڕەکەی کرد کە لە تورکیا قەدەغەیە پێی بڵێی شەڕ، دەبێ بڵێی "ئاشتی؛ کانیی ئاشتی". سەرۆکی کاروباری ئاینی لە تورکیا بە جبە و عەمامە سپییەکەیەوە دوعای خوێند و هەر لەسەر فەرمانی ئەویش لە هەموو مزگەوتەکانی تورکیا سورەتی فەتح خوێندرا بۆ سەرکەوتنی سەربازانی تورک و هاوسەنگەرەکانیان لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا کە ئەردۆغان بە "سوپای موحەممەدی" ناویان دەبات؛ سوپایەک کە لەڕاستیدا تۆمەتبارە بە راوەرووت و قەتڵوعامی کەسانی سیڤیل؛ سوپایەک کە ئەستەمە نە بە شێوەیان، نە بە قسەیان، نە بە کار و کردەوەیان لە داعشیان جیابکەیتەوە؛ سوپایەک کە رۆژنامەی یەنی ئاکیتی تورکیا بە مانشێتی "بڕۆن بە کوففار بڵێن، سوپاکەی موحەممەد گەڕایەوە،" دەیناسێنێت. ئەم سوپا ئاینییە رادیکاڵە کە دەبێ کوێر بیت بۆ ئەوەی مەترسییەکەی لەسەر ئاسایشی جیهان نەبینی، ئەمجارە لەژێر پارێزبەندی دەوڵەتێکی ئەندامی ناتۆ و لەژێر فەرمانی ئەردۆغاندا گەڕایەوە. لە ئەنجامدا ئەردۆغان بەم سیناریۆیە، لایەنیکەم نیوەی دەنگە لەدەستچووەکانی بەدەستهێنایەوە.

کاتێک ترەمپ لە ئەمریکا و ئەردۆغان لە تورکیا، لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆیی بە ئامانجی خۆیان گەشتبوون، "سوپا موحەممەدی"یەکەی ئەردۆغان لەسەر ئەرزی واقیع هەر مورواوەغەی دەکرد، لەڕووی سەربازییەوە نەدەگەیشت بەهیچ. دووبارە، ترەمپ، کە لەسەر شانۆ شەڕیەتی لەگەڵ ئەردۆغان، لەپشت پەردەوە گەیشتەوە بە فریادی و ئەوەی ئەردۆغان لە گۆڕەپانی جەنگدا دەستی نەکەوت، رۆژی 17/10/2019 لەسەر مێز پێی بەخشی.

سەرکردەکانی هەسەدە پێدەچێت زوو تێگەشتبن لەم زۆرانبازییە ساختەیەی نێوان ئەردۆغان و ترەمپ، هەربۆیە دەرگای دانوستاندنیان لەگەڵ شام و رووسیا کردەوە؛ هەنگاوێک کە رووسیا چاوەڕێی دەکرد و ئامادەباشی بۆ دەکرد. لە ئەنجامدا چی روویدا؟ سووریا بەتەواوەتی گەڕایەوە بۆ ژێر هەیمەنەی رووسیا و ئەمریکا لە هاوکێشەکە دەرچوو. بە کوردییەکەی، رووسیا و هاوپەیمانەکانی براوەی یەکەم بوون، ئەمریکاش وەک دەوڵەت دۆڕاوی یەکەم. لەهەمان کاتدا، شەخسی ترەمپ و شەخسی ئەردۆغان براوەی تەکتیکی بوون و هەنگاوێکی گرنگیان نا بۆ رزگارکردنی خۆیان.

ئێستا ئایندەی کورد لە سووریا و فەنتازییەکانی ئەردۆغانیش بۆ گۆڕینی دیموگرافیای رۆژئاوا لەدەستی پوتیندان. ئەگەر رۆژی 22/10/2019 کاتێک ئەردۆغان و پوتین یەک دەبینن، پوتین بڵێت "سوپای سووریا لەژێر پارێزبەندی ئێمەدا دەگەڕێتەوە نێوان سەرێکانی و گرێسپی و سنووری سووریا – تورکیا بەتەواوەتی ئێمە دەیپارێزین،" ئەوا، هەرچەندە لە نێوخۆی تورکیادا ئەردۆغان هەر بە "براوە" دەمێنێتەوە، بەڵام فەنتازیاکەی بۆ سڕینەوەی کورد لە رۆژئاوا لەگۆڕ دەنرێ و کوردیش بە زەرەرێکی کەمتر لە داگیرکردنی خاکەکەی لەلایەن تورکیاوە، لە مەسەلەکە دەردەچێت. ئایندەی رۆژئاواش لە دانوستاندنەکانی کورد لەگەڵ شام و مۆسکۆدا بڕیاری لەسەر دەدرێت. بەڵام ئەگەر پوتین گڵۆپی سەوز هەڵکا بۆ لەشکرکێشی تورکیا بۆ قووڵایی 32 کیلۆمەتر لەنێو سووریا، ئەوا کورد گورزێکی بەردەکەوێت لە هەرچوار پارچە تا سەر ئێسک هەستی پێبکەین و تەنانەت ئەزموونی باشووریش بخاتە مەترسییەوە. لەم چوارچێوەیەدا هەوڵەکانی ئیدارەی خۆسەری لە باکوور و رۆژهەڵاتی سووریا و هەرێمی کوردستان کە لە یەکەم رۆژەوە لە وتووێژی بەردەوامان لەگەڵ رووسیا، زۆر حەیاتین.



د.زوبێر رەسوڵ
biyar_zubir@yahoo.com

# چۆن لە هێرشەکەی سەر رۆژئاڤا تێبگەین؟

بەپێی پێوەرە سیاسییەکانی بنیاتنانی هێز، هەر سەرکردەیەکی سیاسی بێجگە لەوەی پاڵنەری بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی ئاراستەی دەکات، بەڵام شانبەشانی ئەو پاڵنەرە گشتیانەش پاڵنەرە شەخسیەکان نابێت لە شیکردنەوەی سیاسیدا نادیدە بگرین. نەک تەنیا لە رۆژهەڵاتی ناوین بەڵکو لە وڵاتانی رۆژئاواش دیدگای سەرکردەی سیاسی (-Leader per ception) رۆڵێکی گەورەی هەیە لە ئاراستەی رووداوە سیاسییەکاندا. ئەردۆغان یەکێکە لەو سەرکردانەی کە لە حساباتی سیاسیدا دیدگا و بەرژەوەندیی خۆی تا ئاستێکی زۆر زاڵە بەسەر رەفتارە سیاسییەکانیدا.

لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین کە پاڵنەرە سەرەکییەکانی هێرشەکەی ئەردۆغان بۆ سەر رۆژئاڤا لەڕاستیدا زیاتر ئەو پاڵنەرانەن کە تایبەتن بە سیاسەتی ناوخۆی تورکیا، نەک سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتی، بەتایبەتیش پێگەی ئەردۆغان لە ململانێ سیاسییەکانی ناوخۆی تورکیا. چونکە ئەو سەکۆیەی ئەردۆغان پێگە و هێزی حوکمڕانیی خۆی لەسەر بنیاتناوە، زیاتر پرسە ناوخۆییەکانی تورکیان نەک پرسە دەرەکییەکان. ئەردۆغان سەرەتای بنیاتنانی هێزی سیاسی خۆی لە شارەوانییەکانەوە دەستپێکرد و بووە ئەو کاراکتەرە پۆپۆلیستەی کە ئێستا هەیە. بەڵام لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی 2019 پێگە و هێزی خۆی لە زۆربەی شارە گەورەکانی تورکیا لەدەستدا کە بۆ ماوەی 25 ساڵ بڕبڕەی پشتی هێزی ئەردۆغان بوون بەرامبەر نەیارەکانی.

دەسەڵاتی ئەردۆغان بە تایبەتیش لە هەڵبژاردنەکانی 2019 شکستێکی گەورەی بەرکەوت و ئێستا روو لە داکشانە. ئەردۆغان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو شکستەی پەنای بردە بەر کارکردن لەسەر دوو "مەترسیی ناوخۆیی" کە تا ئاستێک کۆدەنگیی ناوخۆیان لەسەرە لەسەر ئاستی جەماوەر و دەنگدەری تورک، ئەمەش لەڕاستیدا دوو پاڵنەری سەرەکین بۆ هێرشەکردنە سەر رۆژئاڤا، کە ئەردۆغان پێیوایە بەم هێرشکردنە دەتوانێت هەردووکیان بپێکێت.

یەکەمیان پرسی مەترسیی پارتی کرێکارانی کوردستانە، ئەم پرسە تا ئاستێکی زۆر، بێجگە لە هەدەپە، هەموو پارتە سیاسییەکانی تورکیا یەکدەنگن لەسەری، تەنانەت ئەو جەهەپەیەش کە چەند مانگێک لەمەوبەر بە دەنگی کورد بەسەر ئەردۆغاندا سەرکەوت. پاساوی سەرەکیی ئەردۆغان بۆ ئەم هێرشە ئەوەیە کە ئەو قەوارە سیاسییەی لە رۆژئاوا دروست بووە سەر بە هەمان رێباز و ئایدیۆلۆژیای پەکەکەیە و فەرمان لەوانەوە وەردەگرێت. واتا لە ئەگەری چەسپانی پێگەی ئەو کیانە کوردیە دوور نییە لە ئایندەدا پەکەکە هەمان ئەزموون بگوازێتەوە بۆ تورکیا و جیهانیش هاوسۆزی لەگەڵیان هەبێت.

دووەم پرس کە لە تورکیا تا رادەیەک کۆدەنگی لەسەرە، پرسی ئاوارەکانی سووریایە کە بەهۆی شەڕی سووریا ئاوارەی تورکیا بوون. بەپێی چەند راپۆرتێک زۆربەی زۆری دانیشتووانی تورکیا ناڕازین لەو ژمارە زۆرەی ئاوارەی سووری لە تورکیادا (نزیکەی 3.6 ملیۆن ئاوارەی سووریا لەوێن)، تورکەکان وای دەبینن کە ئەمانە بوونەتە بارگرانی بەسەر تورکیاوە و خەریکە رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانیشی تەشەنە دەکەن.

ئەردۆغان وای دەبینێ کە بە دروستکردنی "ناوچەی ئارام" بە قووڵایی 32 کم، دەتوانێت ئەو ئاوارانە لەو شوێنانەی سەر سنوور نیشتەجێ بکات. لەم رێگایەوە دەتوانێت قووڵایی ستراتیجی و سەربازیی هێزەکانی سووریای دیموکرات پەکبخات. لەلایەکەی تریشەوە ئەو ئاوارانە لەوێدا نیشتەجێ بکات و هەرخۆیشی بە پاساوی چاودێریکردنی ئەو ناوچەیە لەوێ بمێنێتەوە و وەک هێزێک هەم بۆ دژایەتی هەسەدە و هەمیش بۆ گوشارخستنە سەر سووریا و وڵاتەکانی تر کە لە سووریا چالاکن بۆ ئەوەی لە کاتی نووسینەوەی دەستووردا شتێک نەکرێت بە دڵی تورکیا نەبێت.

پرسێکی تر هەیە کە زۆر بەکەمی حسابی بۆ دەکرێت لە هێرشەکەی ئەردۆغاندا، ئەویش پرسی دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتییە لەگەڵ کورد. ئەو پرۆسەیەی کە هەر ئەردۆغان گەشەی زۆری پێدا و هەرخۆیشی پەکیخست. پێدەچێت دوای ئەم هێرشکارییە، تورکیا دەست بە پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ ئۆجەلان و پەکەکە بکاتەوە، چونکە ئەگەر تورکیا توانی رۆژئاڤا بوەستێنێ، هەروەها لە قەندیل و شوێنەکانی تریش کە گوشاری زۆری خستووەتە سەر پەکەکە، دوور نییە گەڕێکی تری دانوستاندن دەستپێبکاتەوە لەگەڵ کورد، ئەوەش بۆ رەواندنەوە و داپۆشینی ئەو دژایەتییەی کە ئەردۆغان بەرامبەر کورد کردی لەو چەند ساڵەی دواییدا. لەلایەکی تریشەوە ئەگەر تورکیا ئەمەی رۆژئاڤا و دەورەدانی پەکەکەی لە قەندیل بۆ بچێتە سەر، ئەوا پەکەکە لە پێگەیەکی زۆر لاوازدا دەبێت و بە ناچاری گوشارەکانی ئەردۆغان قبوڵ دەکات. ئەمە ئەگەرێکی دوور نییە، چونکە ئەردۆغان دەیەوێت کارتی کورد لە دەست نەیارەکانی وەک جەهەپە و هەدەپە دەربهێنێ.

وێستگەیەکی تر کە لەڕاستیدا کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر دژایەتیکردنی ئەردۆغان بۆ کورد بەگشتی و بۆ هەدەپە بە تایبەتی (کە دواتر تەواوی رەفتارەکانی ئەردۆغانی گۆڕی لەبارەی پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ کورد) بریتی بوو لە هاوپەیمانیی ئەردۆغان لەگەڵ نەژادپەرستەکانی مەهەپە. بەداخەوە هەدەپە کاتی خۆی رازی نەبوو ئەم هاوپەیمانێتیە لەگەڵ ئەردۆغان قبوڵ بکات، ئەگەرنا کاریگەریی زۆری دەبوو لەسەر گۆڕینی دیدگای ئەردۆغان بەرامبەر کێشەی کورد لە تورکیا، چونکە بەو هاوپەیمانێتیە چووە بەرەی نەژادپەرستەکان و زیانێکی زۆریشی بە کێشەی کورد لە تورکیا و سەرکردە سیاسییەکانی هەدەپە گەیاند، کە تا ئێستاش زۆربەیان لە زیندانن. هەدەپە، بە رەتکردنەوەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەردۆغان، نەک نەیتوانی لاوازی بکات و لە دەسەڵات دووری بخاتەوە، بەڵکو ئەردۆغانی کردە دوژمنێکی سەرەکیی کورد لە هەر کوێیەک بێت. ئەم هاوپەیمانێتییەی لەگەڵ مەهەپە کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر هەڵوێستیشی لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2017.

لێکەوتەکانی ئەو هێرشەی تورکیا کاریگەری دەبێت لەسەر پێوەندیی کورد و تورکیا بەگشتی و بەتایبەتی لەسەر باکووری و کوردستان و هەرێمی کوردستان. دژایەتیکردنی ئەو لەشکرکێشییەی تورکیا کۆدەنگییەکی تەواوی لەسەرە لەلایەن گشت پارتە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان، بە جۆرێک کە هیچی کەمتر نەبوو لەو ساتەوەختەی هەرێمی کوردستان بە پاڵپشتیی زۆری جەماوەر بڕیاری دا هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی کۆبانێ بنێرێ. ئەم هێرشەی تورکیا بۆ سەر رۆژئاڤا، هەستی نەتەوەیی نێوان گشت بەشەکانی کوردستانی دیسان تۆخکردەوە، بەتایبەت لە نێوان هەرێمی کوردستان و رۆژئاڤای کوردستان کە قەت ئەو هاوسۆزییە بەوجۆرە نەبووە، ئەمە لەوانەیە لە ئایندەدا کاریگەری هەبێت لەسەر ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان لەلایەک و رۆژئاڤا و پەکەکەش لەلایەکی دیکە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# ئیسرائیلیش لەگەڵمانە، بە تویت

بەڕواڵەت وا دەردەکەوێت کە چیدیکە دۆخی کورد وەکو سەردەمی کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول نەبێ. لەومەودوا فرۆشتنی کورد بەئاسانی تێنەپەڕێ. بەڵام راستییە تاڵەکە ئەوەیە کە رێساکانی یاریکردن گۆڕاون و ئەو هەڕەشەیەی ئێستا لەسەر کوردە کەمتر نییە لە قۆناخەکانی پێشتر. دۆستمان هەن، ئەرێ. میدیای جیهانی شین و باوکەڕۆمان بۆ دەکات، راستە. ئەمما هەموویان تا ژێر پەتی سێدارەکە لەگەڵمانن و کاتێک دەگەینە ئەوێ، کەسیان سەرناکەونە سەرێ. نموونەیەکی ئەو دۆستانەشمان ئیسرائیلە کە بە تویت لەگەڵمانە!

جارێ زوڵمێکی زۆر گەورەیە کوردستان بە ئیسرائیل بەراورد بکرێت. ئەوەش بە هەردوو دیوە ئەرێنی و نەرێنییەکەیدا. بە دیوە نەرێنییەکەیدا، کە داگیرکەرەکانمان بۆ سەرکوتکردنمان بەکاریدەهێنن و پێماندەڵێن (ئیسرائیلی دووەم)، لەوەدا زوڵمە و هەڵەیە، چونکە لە هەموو مێژووی خۆیدا، کورد نەک بەتەمای داگیرکردنی خاکی کەس نەبووە، بەڵکو هەر بیریشی لێنەکردووەتەوە. ئێستاش ئەوەی داوای دەکات کیانێکە تا گەرەنتیی ژیان و مانەوەی لەسەر خاکەکەی خۆی بۆ بکات. نوێترین تەجرووبەی پێکەوەژیان ئەوەی عێراقە، کە دەیبینین چۆن بەردەوام هەڕەشەی لەسەرە و ئەگەر هەوڵەکان بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور سەربگرن، یەکەمین شت کە دەستی بۆ دەبردرێ نەهێشتنی ئەو گەرەنتی و دڵنیاییانەیە کە کورد لە دەستووردا زامنی کردوون. هەروەها ئەوەش کە کورد داردەستی ئەمریکا و وڵاتانی دیکە بووبێت بۆ لێدانی دەوڵەتان و گەلانی ناوچەکە، راست نییە و ئەگەر وابوایە هەمیشە وا بەئاسانی رۆژێک رووسیا و رۆژێک ئەمریکا نەیدەفرۆشت و ترەمپیش ترافیکی تویتەکانی خۆی پێ زیاد نەدەکرد.

بە دیوە ئەرێنییەکەشیدا کورد نە لۆبییەکی بەهێزی وەک ئیسرائیلی هەیە، نە هێندەی جووەکان لە ئابووری و زانستەکانی دیکە کارامەیە، نە وەک ئەوان دەرسی لە مێژووی خۆی وەرگرتووە و یەکیخستووە. بۆیە کوردستان لەم ناوچەیەدا ناتوانێ وەک ئیسرائیل لەسەر کەس هەڕەشە دروستبکات.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەرکاتێک کوردستان هەڕەشەی لەسەر دروستدەبێت، بنیامین نەتانیاهۆی سەرۆکوەزیران بە تویتێک یان لەڕێگەیەکی دیکەی میدیاییەوە پشتیوانی لە کوردستان دەکات. ئەمەش هەمیشە ئەوکاتە دەکات کە نەکردنی قازانجی بۆ کورد لە کردنی زیاترە. بۆنموونە حەشد لە پردێ راوەستێنرابوون و دەیانگوت بەرەو هەولێر دێن تا ئیسرائیلی دووەم برووخێنن. تویتی نەتانیاهۆ قسەکەیانی پشتڕاست دەکردەوە! ئەمجارەش لە رۆژئاوا بەهەمانشێوەیە. وەکچۆن ترەمپ بە تویت لە زەوقی خەڵک دەدات، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیلیش بە تویت پێش دڵی کوردی دڵساف، دڵی دوژمنەکانی خۆشدەکات.

من چوومەتە ئیسرائیل و لەگەڵ خەڵکی ئەوێ قسەم کردووە. کاتی خۆیشی نووسیم کە لە هیچ شوێنێکی دنیادا هێندەی ئیسرائیل کوردبوون خۆش نییە. چونکە خەڵکەکە بەڕاستی کوردیان خۆشدەوێ و ئەو جووانەی لە کوردستانیشەوە چوونەتە ئەوێ خەڵکی سەرکەوتوو و چالاکن لە جڤاکی ئیسرائیلیدا. بەڵام ئەوکاتیش و بەدرێژایی ئەو ساڵانەش کە سیاسەتی حکومەتی ئیسرائیلم شۆپاندووە، تێیگەیشتووم کە وێنەکە لەلای ئەوانەوە هێندە رەنگاوڕەنگ نییە وەک ئەوەی تێیگەیشتووین. دەوڵەتی ئیسرائیل کۆمەڵێک دەوڵەت بە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی خۆی دەزانێت، کە بەردەوام عێراق و سووریا و ئێرانی تێدابووە. بۆیە بۆ کەمکردنەوەی گوشار لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی خۆی حەزدەکات نەک کورد، هەر پێکهاتەیەکی دیکە لەو دەوڵەتانەدا سەرئێشە دروست بکات. ئەوان هەر خۆیان وایانکرد ئۆجەلان بگیرێت، کەچی هەر خۆشیان بە سەرسامییەوە باسی یەپەگە و هەسەدە و رۆژئاوای کوردستان دەکەن. واتە بۆ تێلئەڤیف ئەوە نەبووەتە ئامانجێکی ستراتیژی کە کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ببێتە خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ. بۆیەش پشتیوانییەکەیان بە تویتە نەک بەو فرۆکە بێ فرۆکەوانانەی لەپڕ لە حەشد دەدەن. ئەمە هەم رای گشتیی نێوخۆی ئیسرائیل رازی دەکات و هەم تینیش دەداتە ئەو ئاگرەی هەمیشە لە ناوچەکەدا بۆ سووتاندنی کورد دەئایسێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

RÛDAW



**هەوراز محەممەد:** بەرەوپێشچوونی ڕەوتی فیلمسازیی کوردی وابەستەیە بە فێستیڤاڵەکانەوە

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی
Tel: 0751 811 00 04 – 0750 486 34 12
rudaw@rudaw.net

# ویلایەتی ئەلهۆل

**ڕووداو– هەولێر**

لەگەڵ هێرشەکانی تورکیا بۆسەر ڕۆژئاڤای کوردستان، ژمارەیەکی زۆری سیاسەتکاران و لێکۆڵەران نیگەرانییان دەربڕیوە بەرامبەر چارەنووسی گرتووخانە و کەمپەکانی دەستبەسەرکردنی چەکدارو لایەنگرانی داعش، کە کەمپی ئەلهۆل لە پارێزگای حەسەکە هەم گەورەترینیانە و هەم بە مەترسیدارترینیشیانە، بەتایبەتی ئەگەر هێرشەکانی تورکیا ببنە هۆی ئەوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات ناچار بن واز لە پاراســتنی ئاسایشــی کەمپەکە بهێنن. هێرشەکانی تورکیا دەرفەتێکی نوێی بە داعش بەخشیوە بۆ ئەوەی لایەنگرانی خۆی لەو کەمپە ڕێکبخاتەوە.

مەحموود گەدۆ، بەرپرسی ئاوارەکان لە ئیدارەی خۆسەر:

پێش ئۆپەراسیۆنی باغۆز هیچ ئافرەتێکی کەمپەکە ڕووبەڕووی نەدەکرد. ئێستا هیچ کچێکی سەروو تەمەن هەشت ساڵ نابینیت ڕووبەندی نەبێ. دۆخی کەمپەکە 180 پلە گۆڕاوە.

فەرماندەیەکی ئەمریکی:

20 هەزار لایەنگری سەرسەختی داعش لە ئەلهۆڵن

ڕاپۆرتەکان:

ئافرەتە تونسییەکانی کەمپەکە لە هەموویان توندڕەوترن

پاسەوانێکی کەمپەکە:

هەموو دوو بۆ سێ ڕۆژ جارێک هێرشێک لە ناو کەمپەکەوە دەکرێ



47 هەزار کەس
ژمارەی دانیشتووانی کەمپ لە نیسانی 2019

68 هەزار کەس
ژمارەی ئێستای دانیشتووانی کەمپەکە

40 هەزار کەس
توانای بنەڕەتیی کەمپەکە

19 هەزار
ژمارەی خێزانەکان





300
ژمارەی پاسەوانانی کەمپەکە

دابەشبوونی ڕەگەزی و تەمەن:

%94 منداڵ و ئافرەت

%45 عێراقی

%41 سووری





20 هەزار کەس
لە دایکبووانی دوای دامەزراندنی خەلافەت

11 هەزار
ئافرەت و منداڵی بیانی

7000
منداڵی بیانی

3500
منداڵ بەڵگەنامەی لەدایکبوونیان نییە

1400
ئافرەت و منداڵی بیانی ڕەوانەی وڵاتەکانیان کراونەتەوە

409
منداڵ ئەمساڵ لە کەمپەکە مردوون

11
هەزار منداڵی کەمپەکە خوێندنگایان نەبینیوە